# کۆبەرهەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# کۆبەرهەم

دڵشاد مەریوانی

ناوی کتێب: کۆبەرهەم – شیعر
شیعری: دڵشاد مەریوانی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨٨٤
هەڵەگری: بۆکان نووری – شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٦٦٢ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێڕست


پێشەکی – شیرین ک. ........ 15
ژیاننامەی شاعیر ........ 19

**یەکەم کۆمەڵە شیعر** – فرمێسک و زەردەخەنە ........ 23
پێشەکی – بەپێنووسی – أ. ب. هەوری ........ 25
چەند وتەیەک کە پێویست بوو بینوسم ........ 26
گوڵی سوخمە ........ 27
بەسەرچوو ........ 28
ژینی دڵداری ........ 29
ئارەزوو ........ 31
خۆزگە ........ 32
زام ........ 33
کەی بێ ........ 34
گوڵی من ........ 35
خەزان ........ 39
دووری ........ 40
ئاوێنەی هەستم ........ 41
جوانی ........ 43
نەسرین ........ 44
خەمی ژین ........ 46
شەماڵ پێی بڵێ ........ 47
فریشتەی دڵم ........ 49

گوڵێک بڕوێنە ..... 50
غەم شیرینە ..... 51
رازێـک ..... 52
مـەم و دۆزەخ ..... 53
دڵـم ..... 54
سـروشت ..... 55
کامیـانە؟ ..... 57
هەستی دڵم ..... 58
هەڵبـەستـەکەم ..... 59
هەرچی گـۆرانییـەکی من هـەیە مـەبەسـتـم بادەی لێوە بۆیـە ئەڵێم... ..... 60
بۆ جوانێکی مەسـیحی ..... 60
بێ قسـەکردن ..... 61
وەڵام ..... 63
جـوان پەرسـتی ..... 65
هەڵبـەستـەکەم ..... 66
جوانی تۆ ..... 67
دڵی بێ عـار ..... 69
ژووری مەیخانە ..... 70
کیـژ و دڵداری ..... 72
دوو خـوشک ..... 75
ئیتر چیت ئەوێ ..... 76
بەس نییـە؟! ..... 77
بێ پرس ..... 77
نـاوێـرم ..... 78

**دووەم کۆمـەڵە شـیـعـر – بن بە تیشک** ..... 83
بـاوابـێ ..... 85

کۆنگرێسی چاوەکانت ... 86
خەوی سەوز ... 87
لیستەی کورتەی دەنگوباس ... 88
مەرگ کلۆڵە ... 91
هەمووتان ... 92
فەرهەنگی ئەندێشە ... 93
گریان ... 94
گۆڕانی دواخەوم ... 95
بۆ جیاین؟ ... 96
پێش یاخیبوون.. بەچەند ساتێ ... 98
کوف لە کون ... 99
ملیم ملیم ... 101
بڕووخێ ئۆقرەی بەندەرەکان ... 102
هۆڵی خوێندنەوە ... 104
نەکەی.. نەکەی ... 105
نا.. بێسوودە ... 107
نازدارێک و هەژدە نەفەر ... 109
نازداری جافان ... 111
بیرت دەکەم ... 112
هاوین ... 113
دارچین ... 115
ئەی جوان ... 116
چای تاڵ ... 117
سلۆ ... 119
ڕۆمانتیک ... 121
خەمی بێ سەر ... 125

دڵڕاگرتن ..... 126
ناسکە برووسکە ..... 127
نەناسێ ..... 128
دوو گۆرانی تر بۆ شووشەخان ..... 130
هەبێ و لەڕێ بێ ..... 132
قسەی منداڵەکە ..... 133
بالێ–ی دوو دەنگ ..... 134
ماسی و کۆتر ..... 136
چاوڕەشەکەم ..... 138
ڕاوە زەردەخەنە ..... 139

**سێیەم کۆمەڵە شیعر–** سەمفۆنیای وەنەوشە ..... 141
سەمفۆنیای وەنەوشە ..... 144

**چوارەم کۆمەڵە شیعر–** سەمای نێرگز ..... 169
دڵنیایی ..... 171
نەترازا ..... 172
لەدایکبوون ..... 173
وێنە ..... 174
ژوورەکە ..... 175
من و تۆ ..... 176
"ئای نیشتمانە بۆگەنەکەم، چەندم خۆشدەوێی" ..... 177
عەجوول ..... 178
کبریت ..... 180
نووستوو ..... 181
هاوین ..... 183
تۆپە سوورەکە ..... 184

سێ قەسیدەی باڵ بەستراوی سەربەست ........ 185

**پێنجەم کۆمەڵە شیعر** – پێنجەم کۆمەڵە شیعر ........ 187
بیرە خەو ........ 189
خۆشەویستی سێگۆشەیە ........ 190
ڕابەر ........ 191
گمە و کوشتن ........ 192
نووزە ........ 193
برمە ........ 194
بۆ تۆ و هەموو تۆکان ........ 195

**شەشەم کۆمەڵە شیعر**– پەلکەزێڕینەش نامۆ مەکەن ........ 197
پەلکە زێڕینەش نامۆ مەکەن ........ 199
پەلکە زێڕینەش نامۆ دەبێ ........ 200
پەلکە زێڕینەش نامۆ دەکەن ........ 207
ئینسان ........ 211
دوو نامەی تێکەڵاو بۆ دەستگیرانەکەم و دیمترۆف ........ 213
سەنگەری سێ: دووەمە ........ 218
شووشە خان ........ 233
ببن بە تیشک ........ 238
گۆرانیی شەقامێکی ترسناک ........ 242
شەقامەکە ........ 245
مۆنۆپۆڵی خەم ........ 247
مریەم ........ 248
ژان مەبن ........ 249
پاساری ........ 250
کچۆڵەکان ........ 251

شیلانی سنه ........ 253
بـووک و زاوا ........ 256
عـاشق ........ 256
پایتەختەکان ........ 258
برووسکە ........ 260
لە ئێستاوە ........ 261
حـاجی مـەحمـوو ........ 263
هـاوکێشـە ........ 264
نەنە حەبێ ........ 265
شــەش ........ 266
ئەڤـین ........ 267
ولاخـە مـانگرتووەکە ........ 268
حەنیلە گلەییم لێ ناکا ........ 270
بەچە ........ 272
جوانی ئینسان ........ 273
سڵ مەکە ........ 274
دیـوار ........ 275
دڵی خـوا ........ 277
هەمان پەتە ........ 278
پێغەمبەرێکی پیاوکوژ ........ 280
لەرزانـە ........ 282
مـەرگی بێ زیان ........ 283
شەوی سـاڵێک ........ 285
مامۆستا ........ 286
وادەکەی حەمە و دایکی ........ 287
بەنۆرە ........ 279

خانمەکەم ........ 291
سیروان پاسپۆرتی ناوێ ........ 293
سێ گەڵای نامۆ ........ 295
نهێنی نەکوشتن و نەنووستنم ........ 297
بۆ هاوڕێیانم ........ 301
خاتوو سیڤا بمانبەخشە ........ 303
ئەرنستی کورد ........ 307
پاکانە ........ 311

**حەوتەم کۆمەڵە شیعر**– خەونی سەما دژەکان ........ 317
ساڵی چلەم ........ 319
ڕۆزا ........ 322
پیرەمەگروون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا ........ 324
لانە ........ 330
لە چاوەڕوانی نالیدا ........ 334
لێم مەبوورە ........ 337
پەروەردە ........ 338
چەکمەجە ........ 340
ئەو حەفتەیەی حەوت ڕۆژ و شەوێکە ........ 341
١٩٨٧/١/١٧ ........ 345
بەیانییەکی سپی و ئێوارەیەکی ڕەش ........ 347
ئاسن ........ 349
بەها ........ 350
چوار بەسە و بەسێک ........ 351

**هەشتەم کۆمەڵە شیعر**– عیشقی بێ نەخشان ........ 353
من و شیعر و مۆسیقا ........ 355

یەکەم: شاعیر ..... 358
دووەم: دڵت بردی ..... 358
سێیەم: نامناسی؟! ..... 359
چوارەم: سوێند ..... 360
پێنجەم: خانمەکەم ..... 360
شەشەم: با ئەم ڕێیە تەواو نەکەین ..... 362
حەوتەم: نەورۆز ..... 363
هەشتەم: شل بوون ..... 364
نۆیەم: کامیان؟ ..... 365
دەیەم: بەهاری دڵ سەربەستییە ..... 365
یازدەیەم: بێهیوایی ..... 366
دوازدەیەم: وێنە ..... 367
سیازدەیەم: سەردەمێک ..... 368
چواردەیەم: بڕوا نەکەی ..... 368
پازدەیەم: چاوی شادی ..... 369
شازدەیەم: گۆرانییەک ..... 370
حەڤدەیەم: لە شەڕە بەردی منداڵیدا ..... 371
هەژدەیەم: پشیلە ..... 372
نۆزدەیەم: ئارام ..... 373
بیستەم: چۆن دڵت هات؟! ..... 373
بیست و یەکەم: نەتۆراوم ..... 375
بیست و دووەم: دڵدار نامرێ ..... 377
بیست و سێیەم: لاسار ..... 378
بیست و چوارەم: کارەکەر ..... 380
بیست و پێجەم: بازرگانی جوان ..... 381
بیست و شەشەم: بچم، یا، نا؟! ..... 384

بیست و حەوتەم: شنەی بەهاران ........ 385
بیست و هەشتەم: دووربە ........ 386
بیست و نۆیەم: نامەی عیشق دۆزێک ........ 387
سییەم: شەقامی کاوە ........ 391
سی و یەک: نەرمە، لەنجەکەت نەرمە ........ 392
سی و دووەم: دوو سەودای بەرەڵا ........ 394
سی و سێیەم: شیرین ........ 395
سی و چوار: چەتوون ........ 396
سی و پێنجەم: گەردوونی من ........ 399
سی و شەشەم: ئەسمەر ........ 400
سی و حەوتەم: سێ چوارین ........ 401
سی و هەشتەم: لە پاسێکدا ........ 402
سی و نۆیەم: نەوەی عاسمان ........ 403
چلەم: بۆ شیرین. ک ........ 403
چل و یەکەم: هەوڵ و کۆششێکە ........ 404
چل و دووەم: ناتەبایی ........ 406
ل و سێیەم: پێنج خشتەکی ........ 408
سەرنجەکانمان دەربارەی ئەم غەزەلە ........ 411
چل وچوارەم ........ 412
چل و پێنجەم: درۆی نیسان ........ 412
چل و شەشەم: چەسپ ........ 414
چل و حەوتەم: شەیتانی سپی ........ 415
چل و هەشتەم: لاواندنەوە ........ 416
چل و نۆیەم: نەورۆزی ١٩٧٥ ........ 423
پەنجایەم: سرپە ........ 423
پەنجا و یەکەم: یادێک بۆ ئەحماوای جاران ........ 424

پەنجا و دوو: فەرتەنە ..... 426
پەنجا و سێیەم: سەرنجێک ..... 427
پەنجا و چوارەم ..... 428
عینوانلی ..... 431
فەرتەنە ..... 432
گلەیی ..... 433
کفر نەبێ ..... 434
هەمووی هیچە ..... 435
جورئەت ..... 436
٣٦٥ شەو-ڕۆژ ..... 438
زۆرەملێ ..... 439
راو و ڕێوی ..... 440

# پێشەکی

پاڵم دابوو بەیەکێک لە پایەکانی هەیوانە باریکەکەی کە بەسەر باخچەی بەشەکەماندا دەیڕوانی لە کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی بەغدا، بەڵام نە هیچ سەوزایی و نە تاقە گوڵێکیشم ئەدی، نە هەستم بەو کوڕ و کچانە دەکرد کە بەو ناوەدا دەهاتن و دەچوون، پێ دەکەنین و قسەیان دەکرد، من لە هیچم دەڕوانی، ئەوەی دەمبینی بیابانێکی چۆڵ و ئەو لاوانەش چەند جەستەیەکی بێ ڕوح بوون لە بەرچاوم. خەمێکی قورس هەموو هەستەکانمی سڕکردبوو کە لەپڕ بەو بالآبەرز و ڕێکپۆشی و زەردەخەنە هەمیشەییەکەیەوە لە بەردەمما وەستا و.. وتی (هێی کەشتییەکەت لە کوێ غەرق بووە؟) داچڵەکیم.. هەناسەیەکی خەفەتم هەڵکێشا کە لە سنگما قەتیس بوو، رووم وەرگێڕا تا ئەو فرمێسکەی لەودیو نیگاکانمەوە رامابوو پەرشی بکەم و هیچم بۆ نەوترا، ئەمجارە بەدەنگێکی قووڵ وتی (بۆ وا خەمباری؟.. دوو سێ رۆژە لە پۆلدا تێبینیت دەکەم مات و مەلوول، هیچ چالاکییەکت نەماوە؟) بێ ویستی خۆم زەردەخەنەیەک رووی گەشانمەوە، لە چرکەیەکدا هەستم کرد قورسایی سەر دڵم کەمێ سووک بوو.. وەکو لەگەڵ منداڵێکدا قسە بکات وتی (دەی ئاوا.. پێ بکەنە کچێ.. تۆ جارێ..) لە چرکەیەکدا تووڕەیی دای گرتمەوە و نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات وتم (بە چی پێ بکەنم؟.. ها؟ بە چی دڵم خۆش بێ؟) بەسەرسامییەوە وتی (بۆ؟) وتم (چۆن بۆ.. بۆ هیچ ماوە لە شەرمەزاری زیاتر.. دوای ئەم نسکۆیە چی ماوە؟ دڵمان بەچی خۆش بێ؟) وەڵامی دامەوە (ئەئاوا.. زۆرم پێخۆشە کچانێ هەبن وەکو تۆ خەم و خولیاکانیان ئەم مەسەلە گەورانە بێ، نەک بەتەنیا هەر شتە سادە و تەقلیدییەکان، بەڵام...)

هەنگاوێکی هەڵنا و وتی (وەرە.. مەسەلەکە قووڵە... وەرە با لە کتێبخانەکە دانیشین با دوو قسەت بۆ بکەم... بەدەم رێوە و دواتر لە کتێبخانەکە وتی (ئەوەی رووی دا چاوەڕوانکراو بوو.. هیچ نەبێ بۆ من و بۆ زۆرێکی وەکو من.. بەڵام ئەمە کۆتایی نییە.. کورد قڕ نابێ و شۆڕش دەست پێ دەکاتەوە.. شۆڕشێک لە جۆرێکی تر.. شۆڕشێ...)

من ئەو کاتە تەمەنم بیست ساڵ بوو، هیوایەکی گەورەم بەو شۆڕشە هەبوو، بۆیە بەو شکستە ژیانم شڵەژا و خەریک بوو هەموو رێزێکم بۆ خودی خۆم لەدەست دەدا. من ئەو کاتە خوێندکاری قۆناغی دووەمی زانکۆ بووم، دڵشادیش مامۆستام بوو، بەڵام هاوڕێشم بوو وەکو چۆن هاوڕێی زۆرێک لە خوێندکارەکانی تر بوو، هاوڕێ بەمانای هاوڕێیەتی و هیچی تر نا. لێرەشدا پێویست ناکات بەوردی بڵێم چی بۆ باس کردم، بەڵام نزیکەی سەعاتێ قسەی بۆ کردم. دوایی رۆژانە لەو بابەتە و دەیان بابەتی تر کە پێوەندی بەژیانەوە هەبێت قسەمان دەکرد، بەڵام لەو سەعاتە بەدواوە منی بەدنیایەکی تر ئاشنا کرد، متمانەم بەخۆم و بەژیان پەیدا کردەوە، هەستم کرد ئیتر من بوونم هەیە، بەتاڵ نیم، دەژیم، بەڵکو دەبوو بژیم، چونکە بە شتێک ئاشنابووم کە دەبوو لە پێناویدا بژیم، هەستم دەکرد بەشداریی دەکەم لە بنیاتنانی ژیانێکدا کە هەموو چرکەیەک بەمەرگ هەڕەشەی لێ دەکرێ.

من و دڵشاد خۆشەویستیمان بۆ ژیان، بۆ خاک بەیەکی ناساندین و کردینییە هاوڕێ، خۆشەویستیمان بۆ وشەی جوان، شیعر، چیرۆک و رۆمان، شانۆ، بۆ هونەر، مۆسیقا، گۆرانی، تابلۆ، سینەما.. کردینییە دوو خۆشەویست و دیالۆگی لە نێوانماندا دروست دەکرد و پێی دەژیاین و بۆی دەژیاین (کەم پێکەوە ژیاین، بەڵام بەقووڵی و چڕی پێکەوە ژیاین، دە ساڵ پێکەوە ژیاین، بەڵام بەقەبارەی سەدەیەک بوو، چونکە پێکەوە زۆر شتمان دی و بەشداریی زۆر شتمان کرد)، بەڵام لە نێو هەمو ئەمانەدا (شیعر) بوونەوەرێکی خورافی بوو کە لەگەڵمانا دەژیاو بووبوو بەبەشێک لە ژیانمان و دواتر بووە ئەوماڵەی پێکەوە کۆی کردینەوە، چونکە ئەگەر بۆ مێژووی خۆم

بگەڕێم لەگەڵ دڵشاددا بەڕوونی لە شیعرەکانیدا ئەیدۆزمەوە. بەعس توانی ماڵەکەم تاڵان بکات، وێنەکانمان بدڕێنێت و بسووتێنێت، دیارییەکانمان بدزێ و ئەڵقەی دەزگیرانییەکەم بدزێ، بەڵام نەیتوانی ئەو شیعرانە لەناوبەرێ کە ژیان و خۆشەویستیمان تێیدا بەنەمریی دەمێنێتەوە.. لەو حەوت کۆمەڵە شیعرەی ناو ئەم دیوانە (سەمفۆنیای وەنەوشە، سەمای نێرگس، پەلکەزێڕینەش نامۆ مەکەن، خەونی سەما دژەکان) لە دوای یەکترناسینمانەوە هاتووەتە بوون و دووانەکەی سەرەتاش (فرمێسک و زەردەخەنە) و هەروەها بەشێکی (بەبن بەتیشک) پێوەندییان بەژیانی منەوە نییە. کۆمەڵەی سێیەمیش (عیشقی بێ نەخشان) تێکەڵە، پێوەندیم بە هەندێکیانەوە هەیە و هەندێکیشیان پێش یەکتر ناسینمان نووسراوە، بەڵام ئەو شیعرانە هەموویان پێکەوە تۆماری راستەقینەی ژیانی دڵشادن. ئەوەی دەیەوێ دڵشادی راستەقینەی شەفاف ببینێ با لەو کۆمەڵە شیعرانەدا بۆی بگەڕێ، چونکە شیعر لە هەموو ژانرێکی تری ئەدەب راستگۆترە. من خۆم دەمبینی کەی و چۆن دڵشاد شیعری دەنووسی، بەتەنیا لە کاتی شیعر نووسیندا لەو دڵشادە ئاساییە نەدەچوو کە لە ژیاندا هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکرد. لەو کاتانەدا لەخودی خۆی ئەچووە دەرێ، بێئاگا دەبوو لە هەموو کەس و شتێک، بۆیە منیش لەو ساتانەدا دەوریم چۆڵ دەکرد تا بەسەربەستی لەگەڵ شیعردا بژی و دواتر شاگەشکە و بەختەوەرانە دەگەڕایەوە لای خۆی و من و دای دەنام و بەو ئیلقا جوانەی بۆی دەخوێندمەوە و داوای راو بۆچوون و تێبینی لێ دەکردم و بەوە رازی نەدەبوو بڵێم جوانە یان باشە.. بۆیە من ئاگاداری هەموو ئەو دەقانەم، وشە بەوشە و سات بەسات و چیرۆکی هەر هەموویان دەزانم..

دڵشاد لە ژیانی خۆیدا زۆر ورد و بەسەلیقە بوو، هەستێکی ئەرشیفییانەی سەیری هەبوو، هەموو نووسینەکانی خۆی بەجوانی و رێکوپێکی دەنووسییەوە و هەڵی دەگرت. هەموو بەرهەمە چاپنەکراوەکانی بەرێکوپێکی لە دەفتەردا نووسیبووەوە و ئامادە بوو بۆ چاپ (کە ئەمەش رێک بەپێچەوانەی منەوەیە) بۆیە دوای ئەو من بۆ کۆکردنەوە و لە چاپدانی بەرهەمەکانی ماندوو نەبووم،

من هەر ئەوەم لەسەر بووە شوێنێک پەیدا بکەم ئەرکی لە چاپدانیان بگرێتە ئەستۆ، بەڵام من هەمیشە خەونی ئەوەم هەبووە و هەیە کە کۆی بەرهەمەکانی پێکەوە چاپ بکرێنەوە ئەوانەی پێشتر چاپ کراون و ئەوانەشی هەر چاپ نەکراون، چونکە بەرهەمە کۆنەکانی هیچی لە کتێبخانەکاندا نەماون و نەوەکانی دواتر نەیاندیون. هیوادارم دوای شیعرەکانی، بەرهەمەکانی تری (چیرۆک، رۆمان، لێکۆڵینەوە)کانی چاپ بکرێنەوە..

دواقسەم بۆ خوێنەری ئەم دیوانە ئەوەیە من لە سەرەتای یەکترناسین و خۆشەویستی و دواتر هاوسەریمانەوە دڵنیا بووم لەوەی دڵشاد میوانێکی ئازیزە و رۆژێ لە رۆژان لەپرێکا بێ ماڵئاوایی دەڕوا و جارێکی تر ناگەڕێتەوە، خۆشی هەر وای مەزەندە دەکرد، هەر واش بوو، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیا نەبووم ئەوە بوو رۆژێ دابێت من بتوانم ئاوا سەربەستانە سەرجەم بەرهەمەکانی دڵشاد چاپ بکەمەوە، بێ ئەوەی ترسم هەبێ لەوەی وشەیەکی لابدرێ یان لەسەری تووشی لێپرسینەوە ببم.. دڵنیا نەبووم دوای ئەو ئەوەندە بژیم.. تا کتێبە چاپکراوەکانی چاپ بکەمەوە و کتێبە چاپ نەکراوەکانیشی بۆ چاپ بکەم..

سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسە بەڕێز و دڵسۆزانەی ئەو دوو بەرهەمەی پێشووتریان بۆ چاپ کرد و سوپاسی زۆریشم بۆ هەموو ئەو هاوڕێ و دۆستە بەڕێزانەی بەشدارییان کردووە لە چاپکردنی ئەم دیوانەدا..

شیرین ک.

٢٠٠٩/٥/٣

# ژیاننامەی شاعیر

دڵشـاد مـحـەمـەد ئەمین فـەتاحی مـەریوانییـە. باوکی لە سـاڵانی سی سـەدەی بیسـتەمـەوە لە گوندی کاڵێی خـوارووی مـەریوانەوە، هـاتووەتە پێنجوێن و پاشـان شـاری سلێمـانی، هـەر لـەوێ لە سـاڵی ١٩٤٦ ژنی هێناوە و هـەر لەوێ نیشتەجێ بووە.

* ٢٨ / ٣ / ١٩٤٧ لە سلێمانی لە دایک بووە.
* خـوێندنی سـەرەتایی و نـاوەندی و ئامادەیی بەشـی وێژەیی هـەر لە سلێمـانی تەواو کردووە.
* بۆ تەواوکـردنی خوێندنی زانکۆ چووەتە شـاری بەغدا بەشـی زمـان و ئەدەبی کـوردی لە زانکۆی بەغـدا، کـۆلێـژی زمـان و ئادابی تەواو کـردووە و سـاڵی ١٩٧٢ (بەکالۆریۆس)ی تێدا وەرگرتووە.
* بەهـۆی نـۆبەرەیی خـۆی لە خـێـزانەکـەدا و هـۆشـیـاری بـاوکی هـەر لە سـاڵی ١٩٥٩-١٩٦٢ لە خەباتی یەکێتی خوێندکارانی کاتی خۆی کاری کردووە.
* هـەر لە مانگی مارتی ١٩٦٣وە کاری سیـاسـی و خـەباتی ژێرزەمینی کردووە. چەندین جار زیندانی کراوە و ئازار و ئەشکەنجە و دەربەدەری دیوە.
* لە شـۆڕشـەکەی ئەیلوولی ١٩٦١و لە شـۆڕشـەکەی حوزەیرانی ١٩٧٦دا یەکی پتر دوو سـاڵ ژیانی پارتیزانانەی ناو شاری تاقی کردووەتەوە.
* جـارێک بەدەربەدەری و چـەندین جـار بە گـەشت زۆربەی شـارەکـانی وڵاتـانی عەرەب و تورکیا و وڵاتانی ئەوروپای رۆژهـەڵات و رۆژئاوای دیوە.
* ئەندامی:

١- کۆمەڵی رۆشنبیری کورد.

٢-يەكێتی نووسەرانی کورد.

٣-نەقابەی رۆژنامەگەرانی عێراق ئەندامی هاوبەش بووە.

* ماوەیەک چەند بەرنامەیەکی ئەدەبی و رۆشنبیری لە ڕادیۆی عێراق بەشی کوردی و تەلەفزیۆنی کەرکووک بەشی کوردی بەڕێوەبردووە.
* بەرهەمە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکانی لە ڕۆژنامەکانی: ژین، هاوکاری، کاری مـــیللی، بیـــری نوێ، دەنگوباس.. هتـــد، بڵاو کـــردۆتەوە. هەروەها لە کۆوارەکانی: بەیان، رۆشنبیری نوێ، رۆژی کوردستان، دەنگی کرێکار، تریفە.. هتد، بڵاو کردووەتەوە.
* گەلێک وتاری رەخنەی ئەدەبی لەسەر نووسەران و شاعیران و رۆشنبیرانی کورد نووسیوە لەوانە: ئیبراهیم ئەحمەد، د. مارف خەزنەدار، محەمەد مەولوود مەم، د. ئەمین موتابچی، هێمنی شاعیر، د. عەبدولڕەحمانی قاسملۆ، شێرکۆ بێکەس، د. کاوس قەفتان، کەریمی حوسامی، حەمەساڵح دیلان، شوکور مستەفا، رەووف بێگەرد، رەفیق سابیر، رەووف حەسەن، حسێن عارف، لەتیف هەڵمەت،.. هتد.
* پتر لە ١٧حەڤدە شانۆنامە - نمایشنامە - ی نووسیوە و وەری گێڕاوە و ئامادەی کردووە، لەوانە: نازدار و شوان، پەروانە، خۆرکە، چاوی ڤێتنام، پراوەی ژنهێنان، بووکە خان، مانگیش ئاوابوو.. هتد.
* چەندین موحازەرە، کۆڕی ئەدەبی و رۆشنبیری، کۆڕی رەخنەسازی بە درێژاییی ١٢دوازدە ساڵ دەربارەی: شیعر، رەخنە، ئافرەتان، چیرۆک، ئەدەبی فۆلکۆری کوردی.. هتد، لە شارەکانی: سلێمانی، هەولێر، دهۆک، بەغدا ..هتد، پێشکێش کردووە.
* بەناوی هەمەجۆرەوە چەندین بەرهەمی ئەدەبی و رۆشنبیری و سیاسی لە رۆژنامە و بڵاوکراوە و کۆوار و نەوارە نهێنییەکاندا بڵاو کردۆتەوە.
* لە هاوینی ١٩٦٢تا پایزی ١٩٦٦ لەگەڵ دەستـەی لاوانی هۆشـیـاری ئەو کاتەدا، دامەزرێنەری "کۆمەڵەی بووژاندنەوەی سامانی نەتەوایەتیی کورد" بوو، کە کۆمەڵێکی ئەدەبی و هونەری بوو، باوەڕیان بە خەباتی ژێرزەمینیی

ئەدیبان و هونەرمەندانی خێرخواز و پێشکەوتووی کوردبوو، تا بەرهەمی ئەدەبی و هونەری بەرەنگاری بەشێوەی بڵاوکراوە و نامیلکەی دەستاودەست کرد و بەناو جەماوەردا بڵاوبکەنەوە، لەو لاوانەی ئەو سەردەمە: فەرەیدوون عەبدولقادر، عەلی توانا، دارا شێخ نووری شێخ ساڵح، عەبدورەزاق پشدەری، ئەکرەم قەرەداغی، عومەر ساڵح، جەلال محەمەد، جەلال مەهدی، محەمەد ئەکرەم کەریم، عەبدوڵلا عەباس، عومەر چاوشین.. هتد.

* شیعری بەرەنگاری گەلێک لە شاعیرانی عەرەب و فارسی و ئەوروپایی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لەوانە: موزەفەر نەواب، مەحموود دەرویش، سەمیح القاسم، پاپلۆ نێرۆدا، پۆل ئێلوار، فابتزارۆف، مایکۆفسکی، یەسەنین، کاڤاڤی.. هتد.
* لە ژیانی ئاشکرای ئەدەبیدا ئەم نامیلکە سەربەخۆیانەی لە چاپ داوە:
  ١- فرمێسک و زەردەخەنە - شیعر ١٩٦٨
  ٢- یەکەم هەنگاو - پەخشان ١٩٧٣
  ٣- دڵدارانی شۆڕش - چیرۆک ١٩٧٣
  ٤- پێشوازی خاوەن شکۆ - رەخنە ١٩٧٣
  ٥- ببن بەتیشک - شیعر ١٩٧٦
  ٦- بەپەنجەکانم دەتبینم - چیرۆک ١٩٧٧
  ٧- دێریاسین - چیرۆک ١٩٧٨
  ٨- سەمفۆنیای وەنەوشە - شیعر ١٩٨٠
* لە دوو شانۆنامەدا وەک ئەکتەر بەشداری کردووە:
  ١- لانەوازان ١٩٧٣
  ٢- پردی وڵات ١٩٧٤
* لە فیلمێکی سینەمایی ١٢خولەکیدا وەک ئەکتەر بەشداری کردووە، فیلمی ژیانی شوان ١٩٧٢ بەرهەمی زانکۆی سلێمانی.
* لە کاتی قوتابێتیدا لە زانکۆی بەغدا ١٩٦٩-١٩٧٢ دامەزرێنەر و سەرۆکی

تیـپی شـالآوی کـەرکـووکی هونەری بـوو کـە لە سـەردەمی خـۆیدا رۆڵێکی گرینگی دیاری بینی لە ناوەندی زانکۆی بەغدا و موسـتـەنسـەرییـەدا، جگە لەو ئاهەنگانەی لە یادە فەلەستینییەکاندا دەیانگێڕا بۆ ناساندنی کورد بەو کـۆمـەڵە و یەکـێـتـیـیـە شـۆڕشگێـڕانەی لە شـاری بەغـدا داڵدە درابوون. لە ئەندامـانی ئەم تیپـە: وریا حەسـەن فیـکری، دڵشاد ئەحـمەد مـحەمـەد ئەمین، پەخـشــان جـەلال، کـاژاو مـحــەمـەد ئەمین مـەریوانی، بەهـجــەت رەشـیـد، عەبدولڕەحـمـان ئەبوبەکـر، مستـەفـا زەنگەنە، گەلاوێژ حـەمـەئەمین، گوڵـتـان حەسەن عەباس.

* لە فرمانی دەوڵەتیدا ئەم کارانەی دیوە:

١- چاودێری زمانەوانی "مشرف لغوي" وەزارەتی راگەیاندن.

٢- مـەشقـیـاری هونەری "مدرب فني بدرجة معلم" لە بەشی زمـان و ئەدەبی کـوردی کۆلێـژی ئاداب، هـەروەها لە لقی کوردی کـۆلێـژی پەروەردە. بۆ مـاوەی مـانگ و چەند رۆژێکیش مـامـۆسـتـای میـوان لە بەشـی خـوێندنی کوردی لـە زانکۆی سلێمـانی. تۆمارکاری خوێندکاران "مسـجل غـیـابات" لەکۆلێژی پزیشکی ئاژەڵ لە ئەبوغرێبی نزیک بەغدا.

٣- رۆژنامـەنووس لە وەزارەتی ترانسـپـۆرت لە بەغـدا، نووسـیـاری کـۆواری رسالة "النقل".

٤- مـامـۆسـتـای زمـان و ئەدەبی کـوردی لە چـەند قـوتـابخـانەیەکی شـاری سلێـمـانیـدا لـەوانە دواناوەندی سـەرچنار، ناوەندی بـرایەتی، ئامـادەیی هەڵکەوت، ئامادەیی شۆڕش.

* لە کاری یەکەمیدا نەبێ، کە بە مـەیلـی خـۆی گوێزراوەتەوە، دەنا لە هـەمـوو کــارەکــانی تریدا بـەهـۆی ســزادان و دوور خــســتـنـەوە و ناچـارییــەوە شوێنگۆڕکێی پێ کراوە. جگە لە دووجار دوور خستنەوەی لە کاری دەوڵەتی بەناوی پێویست پێنەبوونەوە.

* لە ١٢-٢-١٩٨٩دەستگیر کراوە.

* لە ١٣-٣-١٩٨٩شەهید کراوە.

یەکەم کۆمەڵە شیعر

# فرمێسک و زەردەخەنە

چاپی یەکەم: ١٩٦٧

پێشکێشە:
بەوانەی کە بەیاقووتی راستی تاجی کردار و رەوشتیان دەڕازێننەوە... بەوانەی کە مەبەستیان لە ژیان خەڵکی کەیە لە پێش خۆیانەوە.

# پێشەکی

بەپێنووسی أ. ب. هەوری

خوێندەواری بەڕێز: ئەم دەستە هەڵبەستەی کاک دڵشاد مەریوانی کە لە بەردەستدایە، چونکە نۆبەرەی بەری باخێکە، باخەوانە لاوەکەی بە هەڵسوکەوتێکی پڕ ئەشکەنجە و ئازار لە شەوانی تاریک و ڕۆژانی پڕ تەمومژدا بە زەحمەتێکی زۆر هێناویەتە بەرهەم، لەم ڕۆژەدا لەجیاتی ئەوەی خوو بداتە بەزم و ڕەزم و ڕابواردن، ڕووی کردووەتە ئەم ئاقارە بەرز و پیرۆزە، بۆیە وا دەزانم هەر لەبەر ئەوە لەلای خوێندەواری تێگەیشتووی پێگەیشتووی دڵسۆز بەجوان تەماشا دەکرێ و جێگەی شیاو بە خۆی بۆ تەرخان دەکرێت لە کاروانسەرای وێژەداو لەگەڵ ئەمەشدا و لەسەر داواکردنی خۆی کە بە وردی خوێندمەوە، ئەوەندەی لە توانای مندا بێ بۆم دەرکەوت بەچاوپۆشین لە ناتەواوییەکی زۆر کەم لە نووسیار و بەکارهێنانی وشە و کێش و قافیەدا باخەوان توانایەکی نهێنی وێژەیی ئەوتۆی هەیە، ئەگەر پەڕاوی باخچەکەی بەگاسنی خوێندەواری و پەند وەرگرتن بکێڵرێت و وەربدرێتەوە و کشتەکەی بە ئاوی ڕەوشتی جوان پاراو بکرێت و بۆ هەمیشە ئاو بدرێت، دواڕۆژ دەبێتە یەکێک لە وێژەوانە ناودارە دیارەکان، چونکە هەر لەم هەڵبەستانەدا کە نۆبەرەی هەڵبەستیەتی، لە ناوەرەی (معنی) جوانی تازە بەکارهێنراودا دەستێکی باڵای هەیە، خۆ لە هەندێ لە چوارینەکانیدا زۆر سەرکەوتوو دیارە، بۆیە منیش هیوادارم هەر سەرکەوتوو بێت و لاوە تازە پێگەیشتووەکانیشمان ئەم جۆرە ڕێگەیە بگرنەبەر لە ژیانی دواڕۆژیاندا و ئەویش لەمەودوا لە هەڵبەستەکانیدا ئاوڕێک بداتەوە بۆ ناوچەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕەوشتی و تەندروستی، چونکە لەم بەشەیدا ئەوەندەی هەڵبەستی دڵداری هەیە ئەگەر ئیتر وازیش لەم جۆرە هەڵبەستە بێنێت، دواڕۆژ لەم ڕووەوە بەدواکەوتوو ناژمێردرێت.

## چەند وتەیەک کە پێویست بوو بینوسم:

نامەوێ درێژە بەم باسە بدەم چەند شتێکی سەرەکی نەبێ کە پێویستی بەباسکردن هەیە، خوێندەواری خۆشەویست، ئەوەی کە دەمەوێ بیزانی، ئەوەیە کە تەمەنی ئەم دیوانەی لە بەردەستتدایە ساڵێک و شەش مانگی یەکەمە لە سەرەتای دەستپێکردنم بە هۆنراوە دانان، وا پاش بژارکردن و رێکخستنی بەم شێوەیەی ئێستا دەیبینی، لە بەردەستتایە. پشت بە یەزدان دوابەدوای ئەم دیوانە، بەشی دووەمی هۆنراوەکانم و کۆمەڵێ چیرۆک و پەخشانی تریشتان پێشکێش دەکەم و سوپاسێکی گەرمی مامۆستا (أ. ب. هەوری) دەکەم کە بەڕاستی زۆر هانی دام و بەچاوی رێز لێگرتنەوە تەماشای هەڵبەستەکانی کردم، سوپاسی کاک (نەژاد عبداللە دارتاش) دەکەم کە بەشێوەیەکی جوان بۆی نووسیمەوە.

بەختەوەری و شادیتان هیوامە

دڵشاد مەریوانی

## گوڵی سوخمە

**ئەو گوڵەی کە بەهۆی تۆوە خۆی خۆشەویست کرد لەلام**

گوڵی سوخمەکەت لەسەر مەمی تۆ
شـــادەمـــاری ژین هەڵئـــەتەکـــێنێ

تیلەی چاوی گەش، خەندەی لێوی ئاڵ
لەلای من هەمـــوو جـــیـــهـــان ئەهێنێ

لەنجە و رەوتی رێ، یاری قژی رەش
شەرمەزارییەکەم یەکجار ئەشکێنێ

ئاوازی بازن لەگـــــــەڵ تاری دەنگ
هەزار مـــۆســـیـــقـــا و ئاواز ئەنوێنێ

خـــەندەی شـــیـــرینی نێـــوانی زارت
جـــــەرگی تاریکی بۆ من ئەدڕێنێ

## بەسەرچوو

**بەسەرچوو ئەو خونچەیەی کە بەفرمێسکی من**
**گەشایەوە و بۆنەکەی بەڕووی کەسێکی تردا پژا**

بەفـرمـێـسکی من کـەوتە پشکووتن
خـونچـەی نەپشکووی باخی دڵداری

بەخـوێنـاوی دڵ هەڵـهـاتن لە سنگ
دوو مـەمی گـەش و جـوان و دیاری

بزەی رووممـەت و هەسـتی دەروونم
کـردیتـیە ئاوەڵ غـەم و بەختـیـاری

زرنگەی بازنگ ورشـەی بەرگی ئاڵ
لەلام شـانۆ بوو کـەمـان و تاری

ملوانکەی مـێـخـەک ئاڵاو لە گەردن
سـامـانی دڵ بوو کـاتی هەژاری

کـەچی لەپڕدا ئاوازی ناسـاز
وتی: بەسـەرچوو پێکەنین، یاری

## ژینی دڵداری

**ئەو ژیانەی کە حەزی لێ ئەکەی پێش ئەوەی پێی بگەی و...**

ناڵەی پڕ داخی گێژاوی دەروون
بە ماچی لێوت گشت بوو سەرنگوون
ئەشکی قەتیسماو
لە چاوی گەشا
وەک شەونمی چاو
لە کوڵمت پڕا

***

وشەی شەرمنی لێوی ناسکت
بووە مۆسیقا
دەنگی بەسۆزی ئەیوت: گیانەکەم
چرای کز بووی دڵ- بە تۆ هەڵکرا
بە تەنیا ماچێک دڵت کەوتە جۆش
لێویش پڕ بەناز رازی دڵداری
ئەخستە سەرکۆش

***

سروەکەی دەنگی قاقای پێکەنین
بەرگی خەزانی فڕێ دا بەتین
گۆڕی بۆ بەرگی گوڵاڵەی هەردێ
شنە شنکەری شەماڵی وەردێ

***

بولبولی نەخشین
دەم بە پێکەنین

ئەیوت: گوێ بگرن
دەستەی دڵداران
هەموو کات شاد بن
دوور بن لە گریان

***

بڕواننە گوڵ- هەڵاڵە و نەسرین
گاڵتە بە کۆسپی سەختی ڕێگاکەن
بڵێن: ژیانی دڵداری مانە

## ئارەزوو

### ئەو ئارەزووەی ملی زۆری شکان و خوێنی زۆر گوڵی پژان

بە ماچی لێو و خەوی سەرکۆشی
شەربەتی شادی بە لێوان نۆشی
پەنجەکەی تاوان
پڕ ئازار و ژان
بە بالآی وەک کۆت
لە ناوقەد گیران
***
زیندەی ئارەزووش
بەبێ لێپرسین
شەپۆلی بەتین
لای ئەدا بەرگی
پڕ ورشە و مەنگی
سەرئەنجام گشتی
سەربەرزی نەما
کەمێک ئارەزوو
وەکو خوێن رژا
***
ئەویان بۆ ساتێ خۆشی لە ژیان
ئەمی تریشیان بۆ دوو پاروو نان
بۆ ژیانی کوێرەوەری
دەربەدەری

## خۆزگە

**زۆریشم حەز کرد کە ئەو خۆزگەیەم تەنیا خەیاڵێک بوو وەکو تەم**

خـۆزگـە دێوانەی شــاران بوومــایە
لە نیــوەشـــەودا مـــانگ بۆم بدوایە
***
پێم بوتایە: کـەشــتـی زیوی جـوان
وێڵ و ئاوارەی پانتـاییی ئاسـمـان
***
پێم بڵێ توخوا چەند گیانیان فڕان؟
چەندیشیان بەو بای خەزانە مران؟
***
چەند لاو لە غـەمــا ســەری نایەوە
چەند گوڵ بە شەماڵ نەگەشایەوە؟
***
خرپە و خشپەی پێ لە ناو چیمەنا
چەند چڵـە گوڵیـان لە بن هەڵکەنا؟
چەند جار پاراوی خونچەی بەهاران
بە خـوێناو کـرا لە جـێگەی باران؟
***
ئاخـۆ چەندی تر بە کـوڵ گـریابن
بە تەنیــا وێڵـی هەردو چیــا بن؟
***
خـــۆزگـــە ئەوانەت پێ بوتمایە
پێش ئەوەی کـاســـەی ژینم بڕژایە

## زام

### ئەو ئازار و غەم و زامەی کە لە دڵمایە بە باشی و شادی هەموو جیهانی ناگۆڕمەوە

زامی جەرگم هاتە خەندە پڕ بە زاری پێکەنی
هۆش و بیرم کەوتە هەڵپە بەرگی سستی داکەنی
پێت ئەڵێم جوانی فریشتە پڕ بە دڵ تۆم خۆش ئەوێ
پێم ئەڵێی: ویستن بەئێشە کێوی بێستون هەڵکەنی
سەرلەنوێ کەوتوومە ناڵە گیانەکەم ژینم ئەوێ
تۆش بەنازی پەنجەکانت وا خەریکی لێم سەنی
دڵ وەکو ساوا هەموو جار ئارەزووی یاری ئەکا
تۆ بە نادانی خەریکی هەردوو چاوی دەریەنی
من وەکو پەروانە دایم حەز بە بینینت ئەکەم
تۆ کە ئەستێرەی سیوەیلی خۆت ناخەیتە دیدەنی
بەم هەموو ژان و سزایەش کە ژیانم پڕ ئەکا
دڵ بەبێ تۆ.. وشک و چۆڵە تۆ گوڵزار و چیمەنی

## کەی بێ

**لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەڵێن بەدەستێک چەپڵە لێ نادرێ**

کەی بێ ئەشکی قەتیسماوم
لەگەڵ تیشکی هەردوو چاوم

یەک بگرن.. گــــڕ بگرن
خــــەمی دڵم هەڵبــــدڕن

کـــەی بێ لە کـــۆشی ژیانا
دەست لە مل بین تا هێزمانە

بڕیارە تاکـــو من مـــاوم
تۆ بیت ڕۆشنی دوو چاوم

چونکە بێ تۆ نیـــمە ژیان
تۆ بۆ لەشمی لە جیاتی گیان

## گوڵی من

**ئەو گوڵەی مانگی نیسان چاوەڕوانی بووم کە بڕوێت..**
**کەچی شوبات کردی بە ژێر بەفرەوە بەری نەدا**

بەرەبەیان بوو تیــشکی خــۆرەتاو
قــژی زێڕینی دەرئەخــست تاو تاو

مــەلی نەشــمیلە بە دەنگی خــرۆش
دڵی گــوڵانیــان ئەهێنایە جــۆش..

راســتــە بەهارە دەشت و کــێـو ئاڵە
گــــوڵان لە بەزمن.. دوورن لە ناڵە

گــوڵێکی بەرزی گــەش و پەڕە جــوان
گــۆرانی ئەوت بەســـتــەی دڵداران

لەگــەڵ شنەی با رووی چەرخــانە لام
وەکـــو پێم بڵێ: ئەی لاوی نەفـــام

بۆچی بەو جــــۆرە تۆ چاوەنواڕی
بێــجگە لە ئێــمــە بۆ کێ ئەنواڕی؟

بێجگە لە ئێمە جوانتر کوا؟... نییە
تەڕاییی گــیــانمان ئاوی کــانیــیــە

رەنگی بە بۆمــان کــەیلی ســروشــتــە
هەناسەی زارمان شنەکەی وەشتە

پێـمـوت: گـوڵاڵە تۆ کـەی نەخـشـینی
وەکـو گـوڵی مـن فـریشـتـەی ژینی؟

گـوڵی من گـشت کـات دەم بەخـەندەیە
جـارێ گـەشـاوە و جـارێ خـونچـەیە

چوار وەرزە لای ئـەو سـەوزە و بـەهـارە
ئەمـسـاڵیش وێنەی گـوڵەکـەی پارە

گـۆڕین و زەردی وەرین و پـەسـتی
لای ئەو دیار نـیـیـە تۆش ئـەیپـەرسـتی

قـەدی نـاسـک و سـەوز و بـاڵایـە
رووی ئاڵی یەکـسـەر جـوانـی نیگایە

لـەم کـاتـەدا بـوو گـوڵی نـازدارم
بـە بـەرگـی ئـاڵـی هـات بـۆ دیـدارم

کـە گـوڵاڵە دی پـەنجـەی نازک گـوڵ
ئەکـەوێتـە سـەر پەڕی نەرمـی گـوڵ

لەجـیـاتـی سـیـسـبوون ئەگـەشـێتـەوە
وەک مـانـگی چواردە ئەدرەوشـێتـەوە

پەشـیـمـانبـوونی بەهـەناسـەی سـارد
لەگـەڵ بـای شـەمـاڵ بۆ منـی هـەنارد

وتـی: تکایـە گـیـانـی شـیـرینـم
ئەنجـامـیـم وەرگـرت... بایی بوو قـینـم

ئێـــســـتـــە ئەزانم چۆنە گـــوڵی تۆ
مـن بـووم نـەفـــــامـی تـازە پشکوتوو

یـەک داوام هـەیـە تـوو ئـەو چـاوانـەی
توو ئەو جـوانییـە و پرچە پەخشـانەی

ئەگــەر پێـشکەشم بـە گـوڵت نـەکـەی
لە بەرزی سـوخمـە لەو سـەر مـەمکەی

پێم خـۆشـە لەلای ئـەو گـوڵە جـوانە
گــەر هـەڵیــشـــوەرێم لـەلام ئاسـانـە

پێشکەشـیم کـرد و لە جێگەی دامنا
داواکــارییـــەکـــەم زوو بەجێ هێنا

کـــاتێک وەک لاولاو بـەیـەکـــا تـەنین
پـەڕەکــانی گــوڵ خــێـرا هـەڵوەرین

کە لەسـەر سوخمـەی گـوڵ ڕەنگینەوە
بـە خـــەندە و قـــاقـــای پێکەنینەوە

گـیـانی خـۆی بـەخشـی بەدڵدارەکـەم
خۆ من گوڵیش نیم ئەی چۆن وا نەکەم

لـە پەردەی دیدار شـــاد و کـــامـــەران
دوورکـــــەوتینـەوە لـە غـــــەمـی ژیان

کـەچی هێـشـتـاکـە دڵەم برسـی بوو
بە دەم ڕێشـــــەوە قـــوربانی ئەبوو

جا توخوا یاران ناهەقیان ئەگرن
کە گوڵ لە دووری گوڵاڵەم بمرن؟!

چۆن باسی نەکەم کە ئەو رەنگینە
بەو هەمووو ماچ و گاز و گوشینە

نە رەنگی گۆڕا نە پەڕی ژاکا
نەوەک گوڵی تر جوانی بزڕکا

کەی بێ لە گوڵشەن هەمدیسانەوە
لەگەڵ گوڵاڵەی ئەم نیسانەوە

چاوم بە رووی گوڵ بکەوێتەوە
تا شادی دڵم بگەڕێتەوە

ئەوساکە بڵێم ئەوەیە شادی
دڵەی بێزارم ئێستا ئازادی

## خەزان

**مەبەستم تەنیا دووری تۆ بوو، چونکە پێکەنینەکەت**
**بەهاری من بوو پێش ئەوەی کە بۆم دەرکەوێ خۆت پاییزی**

یاران بەهارتان دەم بە خەندەیە گوڵ ئەپشکوێنێ
هاڕەی کانییە بزە و قاقایە.. دڵ ئەبزوێنێ

کەچی لەلای من وێنەی پایزە و پڕ بە گریانە
لە باخی دڵما بەبێ پرس و گۆ.. شادی ئەمرێنێ

بەهارتان خۆشە بەزم و هەڵپەڕکێی وادەی گوڵانە
کەچی لە سەوزییم شین و شەپۆڕە و گەڵاڕیزانە

گەردوون چ دەمێ وەرزی بەهاران بەمجۆرە بووە
ئەگەرچی ژینم هەر چوار وەرزەکەی سەدای خەزانە

دەنگی شیرین و پڕ کامەرانیم لێ سەندراوە
لە جێگەی شادی ئەشکەنجە و ژانم بۆ بەجێ ماوە

دیارە ئازاری وەرزی پایزیش میراتی منە...
راستە کە زەردیی گەڵاڕیزانیش بۆ من نەخشاوە

## دووری

### ئەو دوورییەی بە ژمارەی رۆژانی ژیانم داخی کردم

چاوی ئێـشکگر بـەرامـبـەر جـوانی
ئەشکی پڕ خەمـی ئەڕشت وەک کانی
***
ئاخـۆ ئەشکەنجـەی دڵ بۆ دووری ئەو
ژینی کرد بە تـەم وەک خـەیاڵ و خـەو
***
هـەڵبـەتە چارە وای کـرد کـە دوور بێ
شادی و بەختیاری منیش زنجیر بێ
***
بـەڵام دیدەنی لە نـاو گــــوڵشــــەنا
کە گـوڵ بە جـوانی ئەمخـاتە سـەما
***
وا شــــــەیدایەتی دڵـەی بێ چارەم
منیش دێوانەی جـوانی ئەو کــارەم
***
دیداری یـارم تـاکــــە هـیـــــوامـــــە
رۆژانی ژیـنم هـەر بـەو بەتـامــــــە

## ئاوێنەی هەستم

### ئەو ئاوێنەیەی فریشتەی خۆشەویستی و بەزەییم تێدا بەدی کرد

ئەی ئاوێنەی بیر و هەستم
لەم جیهانە تۆی مەبەستم
لەو جیهانیش شادمانم
چونکە بەبینیت مەستم
وزەی گیانم
بێ گومانم
لە دڵی تۆ
چاک ئەزانم
کە خۆشەویستی ئەو دڵە
جوانی ئەو رووەی وەک گوڵە
ئەمخاتە ناو ژینی خەیاڵ
ئەمداتە بەر شنەی شەماڵ
ژینم لەلا شیرین ئەکا
شادی ئەدا ئەسرین ئەبا
ئاوات ئەخوازم پڕ بەدڵ
کە گوڵێک بوومایە بێ چقڵ
لەسەر مێزی ژووری نەخشین
ئاوت بامایە بەئەسرین
بتمژیایە پڕ بە دڵ
دوور لە غەم و ژانی چقڵ

ئەوسا ئەمزانی تامی ژیانم
چونکە تا ئێستا لێی بەگومانم
بەڵام کە تامی لێوانی تۆم کرد
کاروانی گومان لەلام باری کرد
چونکە تامی ژین
لە لێوانتایە
جوانی سروشتیش
لە چاوانتایە
بۆیە پێت ئەڵێم ئاوێنەی هەستم
من بێ دیدارت رووگرژ و پەستم

## جوانی

### چەند وشـەیەکی شـەرمنە لەچاو جوانی تۆدا کە نهێنییەکی هەسـتە و حەز لە دەربڕینی ناکات

دەم وەک خـــونچـــە، نیگا پرشـنگ چاو گـــەلاوێژ
قژ تەڵایی خاو گفتی شـــیرین
گـــەردن نیـــزار مـــەم وەک هەنـــار دەم بەگـــوڵان
پەنجـــەی نەســـرەوت خـــزمـــەتکەری یان باخـــەوان
خەنـــــدە لابـــەری ئـــەشـــکەنـــجـــە مێشک ســـەرخۆش
هەنسک وەک شـــەمـــاڵ دڵ کـــۆرپەی کـــۆش
ئەســـرین خـــوێنی زام! بــڕۆ نەشــــتـــەر
لەش بـــە هـونـــەر داڕێژراوێک چـــەشـنـــی پەیکەر

## نەسرین

**خەوێک بوو لە بەرەبەیانێکا سووتا کە پاسارییەکانیش نەیان ئەخوێند**

کەی بێ نەسرین گیانی شیرین
لــەســەر سنگت بڕژم ئەســرین

تا بــە فرمێسکی خــوێنــاوی
ئـــاوی بـــــدەم گــوڵـــی لاوی

پێشکەشی کەم گیان و سامان
هێــزی دڵمت کــەم بە قــوربان

تۆ نەســـــرینی.. گــوڵی ژینی
کـــەی بێ ناوت قــژی خـــاوت

لەگــەڵ تیــشکی هــەردوو چاوت
زنــجـیـری کــەن دڵی کــەســاس

گــوڵی کــوڵمی پێ بکەن پاس
من شـــادم گــەر پاســـەوان بم

لەلای مـــــەمت باخــــەوان بم
تۆ نەســرینی.. رەوت شــیــرینی

کـــەی بێ لەگــەڵ گــولاڵەی ئاڵ
دابــنیــشین چەندەها ســـاڵ

بنۆشـــین پێکــــی دڵداری
لەســـەر چیمــەن بکەین یاری

لەم جــیــهــانە تۆم دڵداری..!
پێـــشکەشت بێ دڵ بەدیاری

تۆ نەســرینی.. هەر ئەمــێنی

## خەمی ژین

### ئەگەرچی بەشیرینتری ئەزانم لە ماچی لێو

گـەر لە ژینی مـن ئەپرسی گـیـانە
ئازار و ســزا لـەلام مـــیـــوانـــە
***
بەخـێـویان ئەکـەم تا بـەن ئازارم
هـەتاکـو شـێـوەت دێتــە دیدارم
***
گەر لەهۆی خـەمم هەواڵ ئەپرسی
با زوو پێت بڵـێم بەبێ مـەترسی
***
دڵــــــــەی هــــــــەژاری
لــە ژیــن بــێــــــــــــزارم
دووره لــــــــە یـــــــاری
بـۆیە خــــــەمـــــبـــــارم
وایە ژینـی من هـەتاکــو مــاوم
لە چاوی رەشدا نووسراوه تاوم
***
بۆ ئەبێ هەردەم پیشـەم گرین بێ
پەڕەی دڵەکـەم گـشـتی برین بێ؟
***
وەڵامێکم بیست نووسیم بە خامە
ژیانـی مـــرۆڤ خـــەمی بە تامــە

## شەماڵ پێی بڵێ

### ئەوە شێتە کە رازی دڵی بۆ شتێک ناکات کە یاری بە قژی هەموو جوانێک ئەکا

شنەی شـەمـاڵی گـەرۆکی سـەر عـەرد
راوەشـــــێنـەری گـــوڵاڵەی بێگـەرد
بێ سـەرو بێ شـوێن وێڵی چیا و هەرد
تۆزێ بێـــرە لام ببـــینە حــــاڵم..!
ســـاتێ خـــەم نۆش و ســـاتێ رووتاڵم
هـەمـــووی لە دووری گـــوڵمــــە ئەناڵم
***
من لەگـەڵ خـەمدا بەسـتوومـە پەیمان
هەتا ئەو دووربێ پیـشـــەم بێ گـریان
لە جێی خـەوتنیش بەسـمـە قورپێوان
***
شـــەمـــاڵ گـیـــان توخـوا بڵێ بە یارم
من وا لـە دووری پەست و خـــەمـبــارم
شـین و شـــەپۆرە ســــەیران و کـــارم
***
پێی بڵـێ تەنیـــام با زوو بێـــتـــەوە
بـەڵکە لاوازییم لە کـــۆڵ بێـــتـــەوە
ژیانم شــــەوە و با رۆژ بێـــتـــەوە
***
پێی بڵـێ بێ ئەو ژین لێم بەقـــینـە
دڵیش رووبـەرووی بێ هێـــز و تینـە

خـەمی تەنیـاییش بـــە قـــەد زەمــینە
***
شـــەمـــاڵ گـیـــان بڵـێ دڵدارەکـــەت وا
لەگـــەڵ ئاســـمـــاندا کـــەوتۆتــە ســـەودا
لە ئەسـتـێـرەی گـەش ملوانکەت ئەکـا
***
پێی بڵـێ یارت وا لەگــــەڵ مـــــانگدا
شـــەڕیانە لەســــەر جــوانی هەردوولا
مــــانگ ئەڵێ خـــۆم و ئەو ئەڵێ لەیلا
***
شـــەمـــاڵ جــوانی یار بە هەزار جــۆرە
ئەگـــــــەرچی رازی دڵیـــــــشم زۆرە
تۆ نابێ تێکچی بیـــــڵێ بە نۆرە
***
مــنــیـش چــاوەنــوارِ بـــەری بـــەیـــانم
تــاکـــــــــو هـــەواڵی گـــوڵی ژیـانم
لـــە شـــنـــەی نـــەرمـــی تـــۆوە بـــزانم
***
بەشکو خـــوا بیکات گـــوڵم بێـــتـــەوە
ئازاری دووریم لە بیــــرچێــــتــــەوە
دڵەی ناشــــادم شـــادی بێـــتـــەوە

## فریشتەی دڵم

### پێشکێشە بەو فریشتەیەی کە لەبەر خۆشەویستی کوێربووم و کوێریش ئەبم لە ئاستی هەموو گوناهێکی

(ئەو جوانەیە کە لە باوەشیا فێری خۆشەویستی و مانای بەزەیی و ژیان، دووری، نزیکی بووم)

لە دەریای بێ بنی عەشقام مانای مان و نەمانی چی
لەبەر هەستی خۆشەویستی هۆش و بیری فەرمانی چی

لە بیست و دووی حوزەیرانا بە تیری خەمزە پێکامی
دڵم بۆ تیری قەڵغانە زرێ و خوودە و کەوانی چی

بەتیغی دوو تاقی ئەبرۆی جگەرمی ئەنجن ئەنجن کرد
لە جوولان و هاتوچۆدا .. خەنجەری تیژ دەبانی چی

بەپرشنگ و بزەی روومەت درێژەی دا بەئاهی من
لە تین و کاری فرمانی چ چەرخێکە و زەمانی چی

نەما شەوێ کە پێخەفم بەئاوی چاوم تەڕ نەبێ
لەخوڕی ئاوی چاومدا زرێبار و زێی سیروانی چی

فریشتەی پەیکەری جوانی پەرستگامە هەتا ماوم
دڵە بێ ئەو مەلی شادم بەبێ جوانی ژیانی چی؟!

## گوڵێک بڕوێنە

### لەگەڵ ئەوەشـدا کە لێم زووير ئەبیت کاتێ کە باسـی مـەرگم ئەکەم

وەرە لام گـيـانـە خـۆمت قـوربان کـەم
هـەسـتـی نێـو دڵمت لەلا مـيـوان کـەم
لـەســـەر زەوی لام تۆ رامـــەوەســـتـــە
بۆ شــوێن وەســتــانت دڵم پێـويسـتـە
ژيـانـــی بـــێ تـــۆ.. نــاوی نــاهــێــنــم
تـەنيــا تـۆم هيـــوای بـۆيە ئـەمـــێنم
دە تـــۆش ژيـــانم
هـێـــزی گـــيـــانم
بێ هـيـوام مـەکـە
تـا لات مـــيـــوانم
لەپاش دەرچوونيش بۆ نێو گۆڕی تەنگ
گـوڵێک بڕوێنە وەکـو خـۆت قـەشـەنگ
تـاکـــــو ئاوەڵی قـــــەبری تـارم بـێ
لە جــێگەکــەی خــۆت ئەو ديدارم بێ

## غەم شیرینە

### هونەرمەند محەمەد قەدری کاتێ ئەم هەڵبەستەی کرد بە گۆرانی و گوێم لێ بوو بە نازی ئاوازەکەیدا زانیم کە تێم گەیشتووە

غـەم لـەلای من زۆر شـیـرینە غـەم هەوێــــنە بۆ ئـەم ژینە
چونکە بۆ دڵ پێـــــکەنینە شـادی و بـەزم و هەڵپـەڕینە
غەم شیرینە.... غەم شیرینە
گـەرچی پەڕەی دڵـم کـونە دەریای غـەمم قـووڵ بێ بنە
هێشتا هەر غەم لام شیرینە نایگۆڕمــــەوە بەم زەمـــــینە
غەم شیرینە... غەم شیرینە
هـەمــــوو دەم بەشـم ناڵینە چاوم پـــڕی لـە ئـەســـرینە
لە چاڵی غـــەمــدا بمبـینە ئینجـا ئەڵێم غـــەم رەنگینە
غەم شیرینە... غەم شیرینە
غـەم لـەلای مـن پێـــکەنینە شـادی و بەزم و هەڵپـەڕینە
ئـەرگـــەچی پڕ دڵ بـــرینە بەڵام زامـی دڵ نەخـــشـــینە
غەم شیرینە... غەم شیرینە
لـە شــاری دڵی مـن شــینە قـــوڕ پێـــوان و سنگ دڕینە
غــەم و ئەشکەنجـە بارینە لای مــن وایە گـوڵ چنیـــنە
غەم شیرینە... غەم شیرینە

## رازێک

**پێشکێشە بەنازی چاوەکانت لەگەڵ ئەوەشدا کە نەمتوانی رازەکەی دڵم بەتەواوی دەربڕم**

پێــڵـــووی نازەنین هــەڵهــات لـە چاوان
دەســـتـی فـــریشـــتـــە لە رۆژ بووەوە
رووناکـی و ورشـــــــەی ئـەیدا لـە دڵان
خـــەم و ئـەشکـەنجـــەی لـە ڕوو چووەوە

***

ئەبرۆ هات و چوو لـەسـەر چاوی گـەش
ترازووی تـازی نـازی ئـەکــــێـــــشـێ
هـــەر دڵـەی تــۆزێ نــازی بـدا بــەش
بەو نـازەی گـیـانـی گــەلێ دەکـێـشـێ

***

هـەناســـەی زاری ژێر دوو لێـــوی ئاڵ
هەنسکی گــەرووی ڕێحـانەی جـوانە
کـە لەگــەڵ شنـەی فـێنکی شــەمــاڵ
خـــەیاڵ و مـــەزەی بادەی مــەســتــانە

***

تـاڵـی قـــژی ڕەش تـەلـی کــــەمـــانـە
ژیـان پڕ ئـەکــا لـە نـەغـــمـــە و ئـاواز
دەنگێک پەخش ئـەکـا بەنووکی شــانە
مـردووی گـۆڕسـتـان ئەخـاتـە سـەر راز

## مەم و دۆزەخ

**مادام هەردووکیان بە یەکەوە بن لە هەرەشەی سەرکاری**
**دۆزەخ هەرگیز ناترسم**

لە باخی سنگت دوو بەیم دی کـــاڵ
تەنیا دیتنی خستمیە گڕوگاڵ..!
هەر کە شەویش دێ من و یادی مـەم
دەست لە مل ئەکەین وەک جەژن و مناڵ
مـێشک کە یادی ناسکی ئەکـات
لەلام بێهـۆشـە و لە ژێری بەتاڵ
دڵ کە نازی مەم نەکێشێ بۆچی؟
نەبێتە بەشی مار و مێروو.. داڵ
لە دۆزەخیشا من مەمم لابێت
بەگڕی دۆزەخ ئەڵێم بای شەماڵ

## دڵم

### لەگەڵ کاک عەبدولرەزاق دانراوە

باخــەوانی باخی جــوانیت هـەر منم تاکــە گــوڵم
تیغی ئەبرۆت چەشنی نەشتەر لەت ئەکا جەرگ و دڵم
گــیــانەکــەم ئێــشی برینم پێ لە یاد ناچێ هـەتا
یاد و کـڵـێـشـەی وێنەکـەت نەخــەمــە سنگ و دڵم
چی لە من داوا ئەخـوازی کـە دڵم تـۆی خـۆش ئەوێ
وا بە واتە و هەســتی شــیــرین تیکەڵن دەنگ و دڵم
ئەی فـریشـتــە بەسـیـیـە دڵڕەقی بۆ دڵت دادی نیـیـە
وا ڕم و نێـچـیـری جـووت کـرد چاوت، برژانگ و دڵم
گـەر هەواڵی تەندروسـتی وا لە من پرسـیـار ئەکـەی
وەک یەکن هەردوو بە جــووتە کــەمــەری تەنگ و دڵم
وەرە دیدارم نـازەنـین بـا بیکـێــــشم نـازەکــــەت
چوون لە دووری تۆ نزیک بوو یەکگرن مـــەرگ و دڵم

## سروشت

**ئەو پارچە زەوییەی من شەیدای ئەوینی بووم و گۆرانی بەدڵ بۆ ئەڵێم**

سروەی شەماڵ وەکو مناڵ ئەیزریکان
هەناسەی گوڵ، دژی پەیکوڵ، ئەبوو پەخشان
هەتا سروشت
هەمووی بە گشت
چەشنی بەهار، رازایەوە
وێنەی گوڵزار، گەشایەوە
پڕ بوو لە ژین، گوڵی نەخشین
پاساری جوان، ئاسمانی شین
روومەتی ئاڵ، چاوانی کاڵ، گەش و نازدار
ئێسک شیرین، پەرچەم پەرژین باخ و گوڵزار
پێستی سپی بەفری کوێستان
کەمەری شل نەرم و نیان
باخی لیمۆ، وێنەی پشکۆ، داگیرساوە
قژی قەتران، خاو و پەخشان، تێی ئاڵاوە
سروشتی مەنگ نازدار و شەنگ
مەچەکی پڕ، سپی و ناسک
گەردنی بەرز، چەشنی ئاسک
دڵی پڕ راز
گەرووی بەساز
گفتی شیرین

بزەی رەنگین
دەرووی گوڵ من شاد ئەکا
پەپوولەی ژین ئازاد ئەکا

***

* چاوت کاڵە و کاڵی هێشتا غەم لە دڵ دەرکە بە کاڵی
هەموو کـاڵێ تاڵە لای مـن شیرینە سـێوت بە کاڵی

## کامیانە؟

**نازانم چونکە هەڵبەستەکەشم وەکو خۆم لە جوانیتا ون بوو**

ترووسکەی چاوی پڕ ئەفسوونی کاڵ
رۆشنی ژینە
یا قیبلەی دینە
یا دەریای شینە؟
لێوی ناسکی رەنگ نەخشینی ئاڵ
سەرپۆشی مەنگە
یا گوڵی شەنگە
یا خونچەی تەنگە؟

# هەستی دڵم

**ئەو مەیلە بوو کە باوەڕت پێ نەئەکرد تا خۆتت دۆڕاند**

مـــەیلی دڵداری وەک تیـــشکی بەیان
لـە شـــاری دڵمـــا کـــەوتە هـاتوچۆ
مـەلی هەسـتـیـشم بۆ باخی جـوانان
دای لە شـەقەی باڵ سرک و سەربەخۆ
هەناسـەی زۆر گـوڵ لەم ناو باخـانە
چەشنی پەپوولەی پایز پەخش ئەبێ
تەنیـا هەنسکێ کـە تینی گـیـانە
ســـروەی زارتە دڵ پێی گـــەش ئەبێ
***
* بۆ یـــادگـاره وێنـــەم هەڵگـرتـووی
لە گۆشـەی دڵما جێگەم بۆ گرتووی

## هەڵبەستەکەم

**هەڵبەستەکانم کۆرپەی دڵ و ناخی ژیانی منن، بۆیە تا ماوم**
**ئەیانپەرستم و بە خوێنی جگەرم پەروەردەیان ئەکەم**

هەڵبەستەکەم ئاوازێکە یا چیرۆکێ یا رازێکە
بە فرمێسکی پاکی چاوم یا بە گەشیەتی خوێناوم
رێکخراوە
داڕێژراوە
بەخامەی دڵ
بۆت نووسراوە
دیاری هەستە کە خورپەیە بۆ تۆی جوانی تاقانەیە
کە بە کڵپەی دەروونی من رێکخراوە بۆ تۆی شەرمن
دیاری دڵە
خونچەی چڵە
فریشتەکەم
بۆ تۆی گوڵە
لێم مەڕەنجە وەری گرە لە تۆیی دڵتا هەڵی گرە
تاکو لەگەڵ جووڵەی دڵت هەستی خاوێنی بە کوڵت
خۆی رابێنێ
واز نەهێنێ
تاکو باسی
رازی دێنێ

## هەرچی گۆرانییەکی من
## هەیە مەبەستم بادەی لێوە بۆیە ئەڵێم...

لادە پێکی خــــوێنی ترێ، بێنە پێکی خــــوێنی لێـــو
با مـەزەی مـەی لاچێ زووکـە بێنە پێـشێ جـووتە سـێـو
خـواردنیش بۆ من مـەهـێنە، باشـتـرە جـوانیت لە شـێـو
هـەر کە مـەستیش بووم بزانـە، گێژم وەک پرچت پەشێو
مـن کـــە بـادەی لێــــوەکـــانت هۆش و ژیرێتـــیم بـەرێ
دوور ئـــەبم لـــەم ئـــاخ و ژانـــە، هـــاتـن و چـــوونـــەدەرێ

## بۆ جوانێکی مەسیحی

خۆزگە من بەتۆ سوخمەی سورمەی ئاڵ
کـە لە باوەشـتـــە، جـــووتێ مـــەمی کـاڵ
خـۆزگـەی دڵیشم بە تۆ (چوار مـێـخـە)
کـە لە نێـوانیـان خـۆت خـسـتـۆتە چاڵ

## بێ قسەکردن

**چونکە من تیشکی چاوەکانت ئەخوێنمەوە.. کە ژیانم تێدا ون کردوون**

تـێ ئەگــەم ســڕی دڵ نیــازی
لـە ورشـــــەی چـاوی پڕ رازی

***

چـونـکـە رازی دڵــمـت لایــە
کـــە لە پێنـاوتـا رســــوایە

***

ئەو دڵەی وەک بتـپـەرسـتـان
کـڕنووش ئەبات بەبێ ترســان

***

لە دۆزەخ و زنجــیــری ســوور
لە پشکۆی گڕ کـڵـپـەی تەنوور
لە وەیلـی وەک شـەوی دەیجـوور
لـە ژەهـری مــــاری بێ سنـوور
ئەوەی تـەنیــا مــەبەســتی بێ
شــادی و ئازادی هەســتی بێ

***

تۆی ئەی نازدار گــوڵـی بەهـار
دەم بە خـەندە شـیـرین گـفـتـار

***

بتـــخـــانەی دڵـی بـێ قـــەرار
چاو دەریـای شـــینی بـێ کـەنار
***
* گـەڵێکم روانـیـیـە گـوڵشـەن... نـەبوو جـوانی وەکـو تۆ شـەنگ
گوڵێ نەبوو چەشنی خەندەت خـونچـەیەکیش وەک لێوی تەنگ
تـاڵـی پـەرچـەم وا لـە کـــــوڵمـی ئاڵـی خــــۆی ئـاڵاندووە
هـەرکـــەسـێ بینـی وا ئەزانـێ رۆژ دەمــــاخـی بـەســـتـــووە

## وەڵام

پێشکێشە بەکاک توانا

**دڵەکەم وەڵامی ئەو نامەیەیە کە ئەتنووسی**

خـــۆشـــەویســـتـــمی تا دڵی من
لـە ژینـا بیـت دوور لـە مـــــــردن

***

با بـچـــینـە ســـەرەوکـــاری
ئـەو نـامـــــەیەی وەکـــو دیاری

بۆ منت نارد کـــە لە شـــادی
دڵـــی بـــەنـــدەم بـــوو ئـــازادی

بۆنی هـەناســـەت وەک گـــوڵاو
بـەرز ئـەبـووەوە، ئـەیکرد ســـڵاو

نووســـینی پەنجـــەی نـازدارت
بۆ من ئەدوان لـە جـــێی زارت

لێت پرسیـبـووم کـە کـامـەمـان
نێـــچـــیـــرین بۆ ئەوی ترمـــان؟

گـــەر تۆ، نێـــچـــیـــر بی نازدارم
چـــەکـــی مـــنـــە نـــاڵـــە و زارم

لەگـەڵ هـەڵبـەستی وەکـو گـوڵ
بـۆتـی ئـەنـێـــــــرم بێ چـقـڵ

بەڵام دیارە من نێـــچــــیــــرم
ئـەگـــــــریم بـەڕاوی تـۆ ژیـرم

شــەرمن مــەبە تۆ کــە ڕاوچی
ئەبێ گورج بیت سستیو لە چی؟

گـەر بەزەییت بە حــاڵمــا یەت
یاخـــۆ تاوان بەبیــــرتا یەت

من لە ئێــســتــەوە ئەی نازدار
گەردن ئازام کردی ســەد جار

لە دواکـــاتی نامــــەکــــەدا
بۆت ئـەنووسـم منـی گــــــەدا

نەمــبــوو ئاڵتــوون تا بەدیاری
بـۆت بنـێـــــــرم بە نـاچاری

ئەم هەڵبـەستـەم بـە دڵ نووسی
نــەک گلــەییـم لـێ بـنـووســی

***

* پەرچەم و ئەگریجە باخ و کوڵمی ئاڵت سێوی باخ
ئەبرۆ تیـغی بێ کێــلان و چاوەکــانت شەو چراخ

## جوان پەرستی

**خەریک بوو نوقم ببم لە خەیاڵی جوانیتا ئەی شاژنەکە، باش بوو بەتەماشاکردنێکی پڕ لە لۆمەوە رزگارت کردم**

پشــتــێنـی ئـاڵتــوون بە فـــەن رازاوە
لەســــەر کـــەمــــەری تـەنگی ئـاڵاوە
کـراسی شـیـفـۆن تـەنک وەک خـــەیاڵ
لەســـەر رانی شل پـەمـــەیی و بێ خـــاڵ
دەستماڵی سـەرشان گوڵڕێژ و نەخشین
سـەربەسـتی سـورمـە لەگەڵ کەوای شین
سـوخمـەی سورمـەی ئاڵ پوولەکە چنراو
لەســـەر دوو مـیــوەی خـوایی نەبینراو
دوو پرچی پەخـــشـــان لە هـەردوو لاوە
لـە دەوری گــــــــەردن لـۆلـۆ ئـاڵاوە..!
وەکـــو منـاڵی هـەشت نۆ، دە ســـاڵان
دەســتـیــان کـردووە بـە یاری و زۆران
زۆر قـــووڵ بۆی مـــەچۆ دڵە بە تۆ چی؟
یاوەکـو خـۆ تۆ هـەر جـوانپـەرســتی..
تۆ چی جـوانت دی خـێـرا بە هەڵبـەست
بـۆ مـنی بـاسکە تـاکــو ئـەبم مــــەست
ئەوســا ئـەچمــەوە لای خـــەیاڵی قــووڵ
هـەڵبـەست ئەنـووسم لەسـەر جـوانی گـوڵ

## هەڵبەستەکەم

**کۆرپەی دڵەکەم.. چەندم خۆش ئەوێی – خۆزگە لە کاتێکدا**
**کە مەیلت ئەکەم خێرا ئەهاتی**

هەڵبەستەکەم ئاوازێکە بە تاری عەشق رێکخراوە
پەیکەرێکە لە گۆشتی دڵ خوێنم ئارایشتی داوە

خەیاڵێکە خورپەی دڵم بە ئەشکی چاوم ئەنووسێ..!
پێنووسێکە باسی جوانی لە خوای دڵداران ئەپرسێ

شنەیەکە بۆنی خۆشی نازدارانم بۆ ئەهێنێ
ئاوەڵێکی ئاشنایە بە ژیانم ئەناسێنێ

بەستەیەکە سزای ژیان لە بیر و هۆش ئەباتەوە
جۆگەیەکی پڕ فرمێسکە داخی دەروون ئەشواتەوە

دەرمانێکە لە خەستەی عەشق زامی کاری ساڕێژ ئەکا
قەشەیەکە بتخانەی دڵ پڕ بوغورد و گوڵڕێژ ئەکا

گۆشەگیرێکە نوورانی لە خەڵوەتی هاتە دەرێ
گوڵێکە سۆزی دڵداری ئەبا بۆ تاکە دولبەرێ

رەنگە ئێستا تا رادەیەک تێگەیی بیت خوای دڵەکەم
کە مەبەستی دڵم چییە؟ لە دانانی هەڵبەستەکەم

کە بیرێک بوو لە کەللەمدا خۆشەویستی تۆ فڕانی
کە تیرێک بوو لە یادما جوانی تۆ بووە کەوانی

ئەوسا وەڵامی تۆی نازدار لەگەڵ نەسیمی نەوبەهار
هەڵئەکەنن بێستوونی خەم لە دەروونما نامێنێ تەم

## جوانی تۆ

**ئاخۆ چ جوانییەک بێت کە وا کوێرانە دڵی منی خستە داوی تۆ**

فـریشـتـەی دڵ گـوڵی کـوێسـتـان
چاو کـــەژاڵی گـــەش و زۆرزان..!

قـــەت رازی دڵ نەدەی نیـــشـــان
کـــە تۆ گـــوڵی و مـن، باخـــەوان.!

لە هۆش خـۆی چوو گـوڵی شـەوبۆ
کـــە چاوی کـــەوت بە جـــوانـی تۆ

بتـــــخــــــانەی منیش هـەژارم
بتــــپـــــەرســـــتم.. کــــە دڵدارم

گــــــوێت لـێ بـێ ئـاخ و هـاوارم
بانگ ئەکـــەن تۆی تاکـــە یارم

هێـــــزی نـەمــــا کـــــاتـێ هـەڵۆ
کـــە چاوی کـــەوت بە جـــوانـی تۆ

وا لـــە دووریـت ئـــەی دوو چـــاوم
ئـەشـک ئـەڕێژم بـۆت ســــــووتاوم

چـارم نیـــیــــە و پـەشـــۆکـــاوم
هـەر بە هیـــــوای تۆیە مـــــاوم

مـــانگی چوارده بـوو ڕەنجـــەڕۆ
کــە چاوی کــەوت بە جــوانـی تۆ
***
گــیـــانـی دڵە خـــوای جـــوانـی
تیـــشکی خـــۆری دەم بەیانـی

تـۆ بـۆ ژینـم وەکـــــو کـــــانـی
لـە شـــــــوێـنـێکـی چـۆڵـەوانـی

قــەوســوقــەزەح کــەوتە ڕۆ.. ڕۆ
کــە چاوی کــەوت بە جــوانـی تۆ
***
کــەی بـێ گــیــانە دوور لە ئازار
دوور لـــە دەرد و ئـــاخ و هـــاوار

بـەتۆ شـــــاد بێـت دڵەی هـەژار
ئیــتــر بەس کــات گــریان و زار

شـــــەرم گـــرتـی گـــڕی پشکۆ
کــە چاوی کــەوت بە جــوانـی تۆ

## دڵی بێ عار

### ئەو دڵەی زۆر جار بۆ بەدیهێنانی فرمانەکانی ئازارم ئەدات

ئەی دڵ پێم بڵێ بەو بچـووکـیـیـە..!
چیت لە من ئـەوێ؟ یارت بۆ چـیـیـە؟

تۆ کـە پەیوەندی لە قـەفـەزی سـنگ
بۆ چیتـە چاو و ئەبرۆی وەک قـوڵنگ

یەزدان کـاری خـۆی –زوو پێ زانیـوە
کـە لـە ئێـسکی رەق سنـگی چنیـوە

ئەگـینا خـێـرا لە چوارده سـالآ
لـەشی کـەسـاسـت بەجێ ئەهـێـڵا

ئەکـەوتیـتـە دوای زۆر بـەژن و باڵا
سـەر رووی زەمـینت بە پێ ئـەکـێـڵا

هـەر رۆژەی شـارێ جێگـەی تۆ ئەبوو
هـەر مـاوەی جـوانێ لەیلی تۆ ئەبوو

## ژووری مەیخانە

### ئەو ژوورەی ئەقڵ و خەمم تێدا ون کرد

من بـەدڵ ئەمــویست دوو دێڕ بنووسم
لەسـەر ئەو خـەمـەی کەوا پێی پەسـتم

کـەچی ئارەزووی کـۆڕی مـەیخـۆران
خــەیاڵی خــەمــیــان بردم بە تاڵان

کـەوتمە سـەر باسی ژووری مـەیخـانە
کـە خـەم لـە ناویا کـەوتوو بێ گـیـانە

***

وەرە گلەیی ســـەرخـــۆش لـە ســـاقـی
بۆ ئەو دوو قـومــەی پێی مــاوە باقی

قـــاقـــای پێکەنین زرنگەی پیــاڵە
قـڵـپـەی شــەرابی کـۆنی دە ســاڵە

ئۆفی نـوقــــــورچ و زرنـگەی بـازن
ناز و لـەنجـانی مـەیگێـڕی شــەرمن

گـۆرانیــبـێــژیش بە ســەمــا و یاری
ئـاوازی خـــــۆشـی لـە زار ئەبـاری

هاتوچۆی مـەمی لە سـوخـمـەی تەنگی
ترووسکەی چاوی خــەواڵوو مـــەنگی

دڵی مـــەیخــۆری ئەخــســتــە لەرزین
وەکـــــــو لەرزیـنـی رانـی بلـوورین

پێــستی پەمــەیی ئەمــەندە جــوان بوو
تروسکەی مــۆمی بۆ پەرێشـــان بوو

لەگـــەڵ تـاریکی ژووری مـــەیخـــانە
کــردبووی بەشــەڕ لەســـەر ئەو جــوانە

گـەلێکی زۆریش هـۆشـیـان نەمــابوو
فــریشــتــەی زمــان لێـیــان تۆرابوو

## کیژ و دڵداری

**ئێسک سووکی نەشمیلە.. کە تۆ ئەوەندە سەرپێچ بی لە ژیان، وامنیش ناچار ئاواتەکەتم هێنایە دی.. فەرموو قسەکانی خۆت بخوێنەرەوە**

من وام ئەزانی کەوا دڵداری
بەس گفتوگۆیە دوورە لە یاری

یا هەفتەی جارێک بچمە دیداری
بیگۆڕینەوە دیاری بە دیاری

کەچی ئەو کوڕە هیچ پرسی نەکرد
دەست و مەچەکی بۆ ناو قەدم برد

پاشان بێ ئەوەی کە پێی بزانم
رای کێشام هەتا گۆی مەمکەکانم

لەسنگی توندبوون وەک هەردوو- شانم
لافاوی شادی لە لەشما هەستا

لەتوێ توێی دڵدا لە قووڵی هەستا
وەکو خوێن گەڕا، بەناو دەمارا

لێو بوو شیرینی لێوی ئەمژی
دەمی کاممان بوو خۆشم نازانم

شەپۆلی خۆشی بە لێوما پژی
وەکو کارەبا رای ئەوەشانم

ماوەیەکی زۆر لەم بەزمەدا بووین
خۆمان نەخۆش و خۆمان دەوا بووین

لە نێوانمانا چاوی زمانزان
بۆ دڵی دوولا بووبووە تەرجومان

کۆتایی پێ هات یەکتر بینیمان
ئەو بەجێی هێشتم

منیش ڕۆیشتم
کەچی لەپڕدا هەستێکی تاوان

چووە دڵمەوە گورج رامی وەشان
تەنانەت وتم هەر کە ڕۆشتمەوە

بەگریە و تۆبە خۆم ئەشۆمەوە
خۆ کە ئەم خەڵکە ورد ئەبوونەوە

ئەموت: نزیکە پێیان زانی بێ
یا لەسەر کوڵمم جێگا دانی بێ

تاکو نیوەشەو ئازار پیشەم بوو
جیهانم لەلا هەروەکو تەم بوو

لە خۆم ئەپرسی، من تاوانبارم؟
یا وەک ئەم خەڵکە خاوەنی یارم؟

لە ژێر لێفەوە لەش ئەمایەوە
مەلی بیریشم ئەسووڕایەوە

تا لەپڕ دەنگێ رای کێشایەوە
گوێم لێ بوو باوکم

ورد ورد بـــــــۆ دایـــــــــکـــــــم
باسـی رابـوردووی ئـەگـــێــــڕایـەوە

ئەو نـوقــورچانـە ئەو مــەم گــوشــینـە
ئـەو گــازی کـــوڵم و زمـــان مـــژینـە

یـاوەکــو خـــوێنی گـــازی ئـەو لێـــوە
کـە باسـیـان ئەکـرد من قـەت نەمـدیوە

ئەوەی بـاسـیـان کـرد ئەو شـــەوە تارە
کـــە گـــوایە تـەنیـــا بۆ یـادگـــارە

وەهـای لە مـن کـــرد هـەتـاکــــو بەیـان
بەشـــادی بنووم دوور لـە خـــەم و ژان

چونکە لـە رووم یـەت بڵـــــێم دڵدارم
بڵـــێم خـــەڵکینە مـن خـــاوەن یـارم

ئـیـــتـــر لـە یارم قـــەت نـابم بێـــزار
بـەیانـی خـــــێـــــرا ئـەچیـنـە دیدار

من سنگ توند ئەکەم لە سنگی گەرمی
سـەریش ئەخـەمـە سـەر رانـی نەرمی

چـونکە تێگـەییم ئـەوەی کـــە یـەزدان
دروسـتی ئەکـا و پێی ئەڵێن ئینسـان

هـەمـــوویان تێکرا ئەچنە ئـەو شـــارە
کـــە خـــەڵکی ئـەڵێن (شـــاری دڵدارە)

## دوو خوشک

**ئەو دوو خوشکەی بەدایکیانەوە خۆشم ئەوێن**

لە ژێر کـــراسی ســـادەی شـــیـــفـــۆنا
دوو خوشک وەستابوون لە تەختی سینە
هێـــشـــتـــا هـەڕەتی لاوێـتـــیـــان بوو
لەگەڵ سـوخمـەدا چاوشـارکێـیـان بوو
لە درزی ســـوخـــمـــە کــە ئەیانڕوانی
مـووچڕکـێکی توند خـۆی بۆ دڵ هانی
وەکـو کـارەبا ســســتی کـرد گـیـانی
کـەچی زوو دایکیـان بە پەنجـەکـانی
پاڵی پێـوەنان بۆ ژووری ســوخـــمـــە
دەرگـاشی داخـست بـە قـفـڵی دوگـمـە

## ئیتر چیت ئەوێ

### باوەڕ ناکەم ئەی دڵ بەوەش ئارام بگریت و بێدەنگ بیت

ئەی دڵەی هـــەژاری مـن          گـــوێ بگرە یـاری شـــەرمـن
داوای تـــۆ لـە من ئـەکـــا          مـنیش وتم کـــە بتـــبـــا
گـــوایە ئیـــتـــر چیت ئـەوێ
کـــە جـــێگەی تۆ بێ ئـەوێ
چونکە ئـــــەزانم لای ئـەو          شـــاد ئـەبێ بە ڕۆژ و شـــەو
هـۆشی خـــەمت نامـــێنێ          بیـــری کـــەست نامـــێنێ
گـــوایە ئیـــتـــر چیت ئـەوێ
کـــە جـــێگەی تۆ بێ ئـەوێ
خـۆت هەڵ ئەسـووی لـە سنگی          ئەمـــژی دوو لێـوی تەنگی
دەست ئەخـەیتە ناو دەسـتی          چاویش بۆ چاوی مـەستی
گـــوایە ئیـــتـــر چیت ئـەوێ
کـــە جـــێگەی تۆ بێ ئـەوێ
ئەی دڵـــەی هـــەژاری من          گـوێ بگرە یـاری شـــەرمن
ئـەڵێ: هـــەتاکـــو مـــاوم          جـــێگەیەتی ســـەر چاوم
گـــوایە ئیـــتـــر چیت ئـەوێ
کـــە جـــێگەی تۆ بێ ئـەوێ

## بەس نییە؟!

بەس نییە وەک ئەمڕەنجێنێ          زیزم ئەکـا و نامـدوێـنێ
بەمـا چ ئاشـتم ئەکـاتەوە          دڵـم بۆ خـۆی ئەباتەوە
یا وەک بریـنارم ئـەکـا          پزیشکمـە و چارم ئەکـا!؟

## بێ پرس

### نەخشینەکەم چۆن تەنیا تەماشاکردنێک: ئیتر نەتبینمەوە؟!

بەڕەوتی وەک کـەو و کـۆتر
بەتیلەی چاوی جـەرگـبـڕ
دەریای خـەیاڵی قـووڵ کـردم
مـەسـتی کـردم هۆشی بردم
دڵیش وەکـو زاهیـدی خـوا
لە بتـخـانەی جـوانیی ئەوا
کـڕنووشی برد بێ پرسی من
بۆ سنگی بەرز کوڵمی شەرمن

## ناوێرم

### ئاهـ –كە چەند لاسار و جوانی

گـــوڵـی شـــادیم گـــەر هەبێ تۆیت
ئەگـــــــــەرچی بـۆ دڵـم پـشـکـۆیت

ســــــــاتێ داخم ئەکـــــــەی بەناز
ســــــــاتێ بەچـاوی وەکــــــــو باز

بەجـــوانی خـــۆت ئەمـــبـــزوێنی
هەســــتی شــیـعـرم ئەجـــووڵێنی

لەگـــــــەڵ ئەوەش کـــــــە ناوێرم
هـەســــتی دڵمت پێ بســــپــێــرم

نەک یاخی بیت لە خـــۆت بڵـــێی
من ئەو جوانەم ئەی تۆ خۆت کێی؟

بـۆیـە پـێـنـووسـم رائـەگـــــــــــرم
باسـی کـەمـێک جــوانیت ئەگــرم

***

* پەیمانە هەرگـــــــیـــــز من بادەنۆش بم
لەم ژینە تارە مـــەست و ســـەرخـــۆش بم

* من لە خـــونچـــەدا مـــەی ئەخـــۆمـــەوە
ژان و ئەندێشـــــــەی پێ ئەبڕێنمـــــــەوە
ئەو شـــــــەوە تارەی ژینم لێڵ ئەکـــــــا
بەگـــــــازی نەرمی ئەیڕەوێنمــــــــــەوە

* کــــه گـــــوڵی جـــــوانـی بەهـاری ڕەنگین
بـەوشـک و زەردی کـــــــــاتێ هـەڵـوەری
ڕەنـگـە بـزانـن کـــــــەس نـایـکـا بـەشـین
ئـەی گــــوایـە پـایـز بـێ بـەهـا ئـەگـــــری

* هـەمـــوو مــیـــوانـین لەم نـاو جــیـــهـــانـە
مـــیــــوانداریـمان کــــەمــــە یـەک ئـانـە
ڕاســـتـــە ئـەبێ ڕێز لـە مـــیـــوان بگری
چونکە تۆش وەک من مــیــوانـی گــیــانـە

* وێنەکـەت گـەیشت خـسـتـمـە سـەر چاوم
شــــادی و بەخـــتـــیــــاری بردە هەناوم
لە خـــەندەی گـــەشت دڵەم ســـەرســـامــە
چونکە ئـەفـســانـەی خـــەندەت بە تامــە

* مـەی و مـەیخـانە و نازی و سـاقـی و تار
بادەی گـوڵ ڕەنگی نـاو شـووشـەی نازدار
ئـەمــــخــــەنە ژیـنـی لـە چاویا بـەهـەشت
تەنگ و پێچ پێـچـە هـەروەک قـەدی مــار

* لە ژێر پەردەکــــەی گــــوڵ ئـەندامـی بەی
لـەرەیـەک ئـەهـات لـە ســـــــۆزا وەک نـەی
ئاواز و تیـــــشکـی چاوی خـــــوێناویم
تیــــا بـەدی ئـەکــــرا تۆمـــــاری لاویم

* ژیــــانـــــی بـــێ پــــرس بـــە مـــن دراوە
گـــــەردوون بۆ بـەزمـی خـــۆیـی هـێناوە

ئەگینا مردن چییە و لە پای چی
پاش ئەوەی سزای بوونم چێژاوە؟

* کێ لێم ئەپرسێ ژینی دڵداری
چۆنە و چۆن نییە - بێ پێچ و خواری
با باش بزانێ- گشت دەردی سەرە
ئازارە و ژانە و- داری بێ بەرە

* لالەیەک کەوا سیس و ژاکاوە
گوڵ و گوڵزاری کە هەڵکەنراوە
گشتی لە ئەستۆی باخەواندایە
باخ بەخێوکردن کەی وا کراوە؟

* مەی لە دەروونا زەرەر ناهێنێ
ئاڵتوون لە قوڕا ژەنگ هەڵناهێنێ
بۆیە خەیاڵم گشت کات لای مەیە
چونکە سزا و ژان هێندە ناهێنێ

* خۆفرۆش گەشەی ئەستێرەی چاوت
لەگەڵ هەنسکی ساردی خنکاوت
شەپۆلی زڕان بۆ منی هێنا..
دەنگی گریانی کۆرپەی بێ ناوت

* خۆزگە گوڵاڵەی تەمەنی لاویم
لە پاش ژاکانیش ئەگەشایەوە
ئەگەر وابووایە ژیانی دواییم
بەهەشتی ئەولام تێک ئەدایەوە

* شووشەی مەیخانە شکا لە لێوما
مەلی پێکەنین.. هەڵفڕی، نەما

چۆن بەو کــرداره دوور لـه ســاقی بووم
ئـەبێ بـەشـم بێ کـــەوتن لـه خـــەمـــا

* ســاقـی من بـۆ مــەی نـزیک مــەیخــوانم
مــــەی نـۆشـکـردنـه خـــۆشـی ژیـانم
دەتـوخـــوا وەره بـه ســـەمـــا و یـاری
سـنـگ لـه سـنـگم بـه.. دەست بـۆ مـــلانم

* گــوڵێک کـــه تـوتـرک خـــوێنـی بـرژێنـێ
پــەیـکـوڵـی بـەدنـاو چـاوی دەرهــێـنـێ
لـەوه بـاشـــتــــره لـه ئـینـجـــانـەدا..
دەســـــــتـی ئـەم و ئـەو هـەڵـی وەرێـنـێ

* لـەم جـــیـــهــانـه تـۆی روونـاکـــیم
هـەســـتـی تـۆیـه هـۆی دڵپـــاکـــیم
بـێ ســـــــۆزی دەنـگـی نـازدارت
غـــەمـــبـــارو پەست دوور لـه چاکـــیم

* زوو هـەڵـســـه لـه خـــەو گـــیـانـه بـەیـانـه
بـەیانـی جـــەژنـه.. شـــادی و ســـەیرانـه
دڵـه بـۆ مـــاچـی جـــەژنـانـەکـــەی تـۆ
(لـه مـنـاڵ زیـاتـر بـۆی پـەرێشــــانـه)

* لـه خـــونچـــەی لێــوت تێکه مــەی شـــادی
تـاکـــو بـه مـــاچـی گـــەردن ئـازادی
بینۆشـم بڵــێم: خــۆشـــەویســتـــەکـــەم
شـــــادی لـه وایـه.. بمـژرێ بـه دەم

* چـرا و نـووری شـــەو کـــوڵمی ئـاڵتــــه
ئـاوێـنـەبـەنـدی چـاوی کـــــاڵتـــــه

منیش پەروانەی ئەم چراخـــــانەم
ســـەر مـــەزاریشم گـــۆنا و خـــاڵتـــە

* دڵ لە شـــــــادی دیدەنی گــــــوڵ
کـــــەوتە بەزم و هەڵپـــــــەڕین
مــــەلی خـــەندەش چووەتە ســـەرچڵ
دایە پرمـــــــــــەی پێکەنین

* خــــۆزگـــــەی ژیانم بە ژینت بولبــــول
کە شـاد و خەندان ئەخوێنی بە کوڵ
لە هەر جێیەک بی قەفەز یا سەرچڵ
تۆ دەم بە خەندەی بەرامبەر بە گوڵ

* سوخمەی دانتێلی رەنگ نەخشین و ئاڵ
خستبوویە باوەش جووتێ مەمی کاڵ
مەمیش وەک ساوای بە شەو سەرما بوو
خۆی لە باوەشیا توند حەشار دابوو

* گـــوڵی لاوێتـــیم لە ئینجـــانەی ژین
ئاوی تەمـــــەنی خـــێـــرا لێ بڕا
مـــەلی دڵیـــشم بەبێ جـــووڵە و تین
لە جەرگی خاکا خەیمەکەی هەڵدا

* دڵم وای ئەوێ وەکــــــو پاســــــاری
یارێ بیگرێ و زۆر بە لاســــــاری
ئازاری بدا و جـــار جـــار مـــاچی کـــا
یاخـــۆ بۆ جـــوانی مـــۆمـــیـــای بکا

**دووەم کۆمەڵە شیعر**

# بن بە تیشک

چاپی یەکەم: ١٩٧٧ – سلێمانی

پێشکێشە بەوانەی
دەبنە تیشک

## باوابێ

یەکەم کۆمەڵە شیعرێکم سەرەتای ساڵی ١٩٦٨ چاپ کرد بەناوی "فرمێسک و زەردەخەنە"وە هەنگاوی یەکەمی سەفەرەکەم بوو لە ژیانی شیعردا، دوای ئەو، کۆمەڵە شیعرێکی ترم ئامادە کرد بەناوونیشانی "ناسک" بەئومێدی ئەوەی سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ بەچاپی بگەیەنم. "ناسک" هەر بەشتێک لە هەنگاوی یەکەمم دەژمێردرا. حەزم دەکرد خوێندەوار بزانێ چۆن قۆناغی یەکەمی شیعر دانانم لە دەروازەی خۆگۆڕینێکی نوێ دەدا، بەڵام بەداخەوە "ناسک" لە نێوانی گیرفانی بەتاڵیی من و مەخزەنەکەی چاپخانەی راپەڕین و هەندێ بگرەو بەردەی ناوەڕاستی ساڵی حەفتا و چواردا، ون بوو. بە ونبوونی بەرهەمی شەش ساڵ گریان و پێکەنینی منیش ون بوو، بێ ئەوەی بزانم کەوتە کوێوە.

ئەگەرچی هێشتا دەستم لە دۆزینەوەی نەشوشتووە وەک هەموو دایکێکی منداڵ بزربوو، بەڵام ناچارمام بەشی سێیەمی شیعرەکانم لەم دیوانەدا بخەمە بەردەم خوێندەواران کە ئەم بەشە بەقۆناغی دووەمی ژیانی شیعریم و تەواوکەری هەنگاوی یەکەمم دەژمێردرێن. لە کاتێکدا ئێستا شیعرەکانی قۆناغی سێیەمی شیعریم ئامادەن بۆ چاپ، کەواتە نۆرەی ئەوە هاتووە ئەم شیعرانەی بەردەستت بەهەموو ناتەواوییەکانیانەوە پاڵیان پێوەبنرێ و ڕووناکی ببینن و ببن بەتیشک پێش ئەوەی وەک "ناسک"یان لێ بێ.

دڵشاد مەریوان

## کۆنگرێسی چاوەکانت

چاوەکانت.. دوو هۆڵی گەش و ناسکن
کۆنگرێسی خەمی هەموو جیهانیان
تیا گیراوە
لێوەکانت... دوو قردێلەی ئاڵ و تەنکن
گەورەترین چەپکە خەمیان
پێ بەستراوە

ئەی خەمەکەم
لە پەرستنی چاو و دەم
مەحاڵە ڕۆژێ کۆڵ بدەم
چونکە من وەک... سەرۆکێکی هەمیشەییی کۆنگرەکەم
چونکە من وەک.. ئینجانەیەکی چەپکەکەم
بەو دوو چاوانەت... دەبینرێم
بەو دوو لێوانەت.. ماچ دەکرێم

## خەوی سەوز

لەوەتەی تۆم خۆشویستووە
خەوەکانم.. سەوز بووە
هەقمە بگریم..لە چاوەکانما سەوز بووی
بۆ.. گریانی من نەبووایە
تۆ بەبێ ئاو گەورە ئەبووی!
***
پەنجەکانم تینوویانە
دەست مەنێ بەڕوویانەوە
با بیانگێڕم بەڕەزی قژی خاوتا و
نەڕۆنەوە
تا تێر عەتر ئەخۆنەوە
***
بۆ.. بێ لەو چاوە کاڵانەت
چی شک ئەبەم...!
لێم مەپرسە.. بۆچی هاتووم
وەک کۆترێکی لانەواز
تەرەو ماندووم
هاتووم لە ناو چاوەکانتا
تێر تێر بنووم
تێر تێر بنووم

ئاب – ١٩٧٤
(پێشکێش کراوە بە حەمەی نێرگز)

## لیستەی کورتەی دەنگوباس

کریسمسی ١٩٧٣

- ئیستگەی شیعر
سەری ساڵە
تەنیا بۆ کورتەی دەنگوباس
سەرم قاڵە
بابە (ئازار) نا- ببوورن- بابەنوێڵ
باسووقی شیعری هێناوە
بەڵام کۆرپەکانی دڵم
زمان و لێویان سووتاوە

***

- فەلەستین
سەری ساڵە
(بابە- دایان)
میوانی تر بەڕێ دەکا.. بۆ چادرەکان
بێوەژن چەک لە شان دەکا
گەردەلوول و بەفر و سەرما
لایلایەی منداڵان دەکا
مناڵەکان تینووی.. (یەکێتی و دڵسۆزین)
بەڵام..ئەی کوا..!
-ئەریتریا-
سەری ساڵە
کێ ئاگای لە گڕوگاڵە

ئاسمانی پێسترەشەکان
تاوی خوێنی سووری باران
لەوە زیاتر.. نەگەیشتە ئیستگەکەمان
***
-ڤێتنام
سەری ساڵە
گوڵی زام لە لەش دراوە
هیچ کەس نەنوێ
(بابە-نیکسۆن)
نوقڵی قورقوشم دەهێنێ.. بۆ منداڵان
مقەستی تەڵاشی بۆمبا
گۆی مەمکی سرکی دەقرتان
چاوی تیژی مناڵەکانی دەسووتان
کەمپایینەکانی ئاسمان
کەوتبوونە دروێنە و سەربڕینەوە
کەچی هەر نەیبڕینەوە
***
- ئەمریکا
سەری ساڵە
سەرمایەدار لە ناو پێکی شەمپانیادا
فەرمان دەدا:
(یادی عیسا:
نەهێڵن ڕەش لەگەڵ سپی.. جەژن بکا..
خێرا برووسکەیەک نووسرا:
-ئەی چەتە ڤێتنامییەکان.. لەبەر عیسا
لەبەر خاتری ساڵی نوێ.. با شەو و ڕۆژێ

شەڕ ڕاگیرێ-)
که هاتەوه.. لێی نووسرا بوو:
- دامودەزگای ئیمپریالی.. تەنیا ساتێ..
شەڕ ڕاناگرین...
باعیسا بێ.. تفەنگێکمان بۆ هەڵگرێ!)
***
- نەتەوه یەکگرتووەکان
سەری ساڵە
(بابەنوێل) بەرگی خاکی لەبەردایە
دڵسۆزی چەوساوەکانە
لە جێی نوقڵ، مافی پێیە بۆ منداڵان
(بابەنوێل) ئاگەداری هەموو حاڵە
بەڵام ئایا.. مرۆڤایەتی لە ماڵە؟!
***
- کوردستان
سەری ساڵە
لەم خاکەدا پێشەنگ داڵە
بیری شارستانی سەردەم
ئاوەڵە و هێشتا کاڵە
باوی شەختەی بیری کۆن و زرک و شاڵە
پلەی سەرما.. سیازدە لە ژێر سفرەوەیە
سیازدە شوومە
لەبەر شوومە/سەرما/بەفر
قوتابخانەکان داخران
شەرم تاڵە.. ئای کە تاڵە

کانوونی دووەمی ١٩٧٣

## مەرگ کڵۆڵە

کە شەو دایەت، من ونبوو نیم
بەڵام ونبوون دەزانێ چیم
ونبوون جێپێم هەڵدەگرێ
ونبوون سەرەڕێم پێ دەگرێ
بەڵام منی.. شێت و دڵدار
منی بێزارکەری ئازار
منی (مردن) لێم هەڵهاتوو
منی (خەفەت) بە (غەم) کوشتوو
دەزانم کێم/ دەزانم ڕێم
دەزانم ئەنجام و دواجێم.

***

تۆ ئەی مەرگی سەرەڕێگەم
دەزانم تۆ دروێنەی گەردنم دەکەی
بەڵام ئەی خۆت.. لە دوای مەرگی من چی دەکەی؟!
لەزەت لە بڕینی سەری
کێی تری وەک من.. وەردەگری..
پێکەنینێ بەداسی دەستی ڕەشت بێ!
قوڕت بەسەر..
لە دوای مەرگی من چی دەکەی؟!

مارت ١٩٧٦بەغدا

## هەمووتان

غەمخۆرەکان.. گریاوەکان
من هەمووتان.. بەهەنسک و بەفرمێسکی
خۆم دەزانم
***
ڕەنگە پلوسکی گریان بم
بەڵام کێڵگەی چاوەکانم.. ئاگر دەگرن
ڕەنگە گەردنی زووخاو بم
بەڵام چرای سییەکانم.. پرشنگ دەگرن
***
...........
...........
...........
...........

مارت -١٩٧٣سلێمانی

## فەرهەنگی ئەندێشە

ئەی تیشکی خۆر
بەپەنجەرەی زامەکانما
بەپەساپۆرتی ژانما.. ڕاببوورە
پرچی (ئایشێ و فاتمە)کەی من
ڕەنگی سوورە

***

ئەی لاوازە ڕەنگ زەردەکان
ئێمە کەممان دەگەینەجێ.. ڕێگە دوورە
هەنسکی ڕێ.. بێ سنوورە
بەڵام ڕێبواری ئەم ڕێیە ڕووی سوورە و
هەر ڕەنگی سوورە

***

ڕووسوورەکان
پەپوولەی گشت زامەکانتان
لە نێرگزی شیعرەکانم – مارە دەکەم
بەفەرهەنگی ئەندێشەکەم
بۆ ئەندێشەی ئێوە دەدوێم

مارت ١٩٧٣سلێمانی

## گریان

ئێسک سووکە نەشمیلەکەم
لە نامەکەتا.. نووسیوتە:
(تۆ پیاوێکی بەجەوهەری.. تۆ شاعیری
بۆچی دەگری!
گەر هاتوو دەستەخوشکەکانم
ڕۆژێ گریانی تۆیان دی
وەڵامیان چۆن بدەمەوە!!)
ساکارە خوێن شیرینەکەم
گریانی من بارانێکە.. نێرگز و گوڵی سوور دەگرێ
ئینجا دەبێتە دەریایەک.. سۆز و شیعر
(هیوا) تێر تێری لێ دەخوا
(بڕوا) خۆیی تیادا دەشوا
گریانەکەم لەگەڵ هۆگ[1] دا هاوار دەکا
-(پەیمان.. پەیمانە تا دوابت
بتەکانتان پێشێل دەکەین
داسی مەرگ لە دروێنەی مرۆڤ دەخەین
بەبازوومان لە تەختەی سێدارەکانتان
کورسی خوێندن.. بۆ منداڵان دروست دەکەین).

حوزەیران - ١٩٧٣سلێمانی

(١) کلۆفیس هۆگ: شاعیری مەزنی کۆمۆنەی پاریسە، دێڕەکانی کەوانەی دواییش هی ئەون.

## گۆرانی دواخەوم

کۆرپەی ئازیز
چاو.. لە فرمێسک.. بێداریی دەبێ
بێداری.. لە ژان.. غەمخواریی دەبێ
غەمخوارێ.. هەموو وەرزەکانی (دێر)
لە ناو چاویایە
برووسکەکانی لە هەنگاویدایە
هەتا مەیموونی.. هەموو دوورگەکان
نەکا بەئینسان
هەتا بەیبوون و.. گوڵە سوورەکان
نەکا بەدیوان
گوڵ ناپشکوێت و ناچین بۆ کوێستان!
***
کۆرپە جوانەکان
زستان.. لە پایز.. بەهاری دەبێ
پایز.. لە بەهار.. ڕێبواری دەبێ
ڕێبوارێ لەگەڵ دەست زبرەکاندا
ڕێگای دوور دەگرێ
لەگەڵ بازووە ئەسمەرەکاندا
ڕێی سنوور دەگرێ
هەتا سنووری دوورگە دوورەکان
تێکەڵاو نەکا.. بۆ هەموو ئینسان
ترسی درنجە بەرچاو برسییەکان
بەجێی ناهێڵێ.. سیمای خەوەکان

حوزەیران ١٩٧٣سلێمانی

## بۆ جیاین؟

ئەی تازە دۆست.. دەستم بگرە و شەرم مەکە
دەمێ ساڵە ئێمە یەکترمان ناسیوە
لە گشت شوێنی دەماننناسن
دار و گوڵ و گیای باخەکان
باڵندەکانی ئاسمانی
شاری بەغدا–سلێمانی
کووچە و گۆشە و دیوارەکانی زانستگا
ئۆتۆمبیلەکانی ڕێگا.. دەماننناسن

***

بەهاری هەموو شارەکان
هەواری گشت سەیرانگاکان
سواڵکەری سەرشۆستە و تەختی شەقامەکان
کتێبی نامەخانەکان
ڕێبوار و نامەبەرەکان.. دەماننناسن.

***

بەڵام.. لە هەموو شوێنێکدا لەیەکمان دوور دەخەنەوە
دانیشتنمان دوو کورسییە
نانخواردنمان دوو دەورییە
هەریەک بەدەستی خۆی دەخوا
هەریەکە بەپێی خۆی دەڕوا
مرۆڤەکان بەدوو چاو تێمان دەڕوانن
بەدوو کەسیش دەمانبینن
بۆ من لەتۆ و.. تۆ لە مندا

نەتوێمەوە و.. نەتوێیتەوە!
بۆچی وەها لەیەک دووربین!
بۆچی بەلەش دوو سنوور بین؟
***
هەر دەتگەمێ.. گەرچی ئێستا
کاتێ بەرەو ڕووی تۆ.. هەنگاو دەنێم
زیاتر دوور دەکەویتەوە
دەڵێی زەوی نێوانمان–دەکشێتەوە!
دەڵێی چەرخی سەعات بۆ پشتەوە دەخولێتەوە!
ئەی غەمەکەم.. هەر دەتگەمێ
ئەمجارەیان –بەجیا لە دایک نابین
بەجیا نامرین..
هەر دەتگەمێ

تەمووز –١٩٧٣بەغدا

## پێش یاخیبوون.. بەچەند ساتێ

– برۆکانت.. دوو شەپۆلن.. تریفەی چاو..
بەخشیوونی بەجێنیشتەی پەرچەمی خاو
قژی لاجان.. خاو و پەخشان.. لەسەر گۆنا
چەند دێرێکن.. وەک شیعری جوان.. لە دیوانا
–بەڵێ جاران ئەو گۆرانییەت.. بۆم دەچڕیان
بیرت ماوە
–بەڵی خاتوون..
پەشمان نیم لەو هەنگاوە.
–ئەی بۆ ئێستا وەک جاران نیت
لە من وایە.. دڵداریت لە بەرچاو کەوتووە و
منت ناوێ
–بەپێچەوانەوە ئێستا، زیاد لە جاران
خۆشم دەوێی
جاران دەمویست تەنیا هاوڕێی ناو جێگام بی
بەڵام ئێستاکە دەمەوێ، هاوڕێ و ڕێبواری ڕێگام بی
لەبری بۆینباخێکی جوان
تفەنگێکم بکەیتە شان!

نیسان –١٩٧٣بەغدا

## کوف له کون

لەمێژەوە بەشەق لە دەرگاکان دەدەن
هاوار دەکەن (کێ پیاوە کێ؟ کێ لەماڵە)
لەودیو.. دەنگێکی کزۆڵە.. بۆی دەلەرزێ
-ئەرێ قوربان پیاوت دەوێ؟.. ئەمە حاڵە
ئێمە پیاومان -کەی لە ماڵە!
(شوکر و موکر.. ئاگرە سوورە
لێمان دوورە)
دەنگیش ئەوسا نێرەکەری
فەرمانەکانی دەردەکا
- دەرگاکانتان سەرکڵۆم کەن
- منداڵەکان - سەرەتاتکێی کۆڵان نەکەن
- دەست لە کڵاوەکان.. بەرنەدەن
- ئەمە بڕیاری ئێمەیە
(نان کردنەوەش لەسەر تەنوور قەدەغەیە)
***
من ئەوساکە
لای کابرایەکی تەختەتاش.. شاگردێ بووم
بینیم خەڵکی پێویستییان، پەنجەرەیە
کەچی وەستا
تەختەکان دەکا بەدەرگا
ئەیویست دەرگا.. لە ئێسکی خەڵک
دروست بکا.

کاتێ زانیم وەستا کەرە
من ئێسکیم کرد بە(پەنجەرە)
سەر کلۆمی دەرگام شکاند
تۆپم دایە دەست منداڵان
زۆربەیانم کردە کۆڵان
شاعیرێکم– هەر ئەوەندە لەدەست من دێ
سیحرباز نیم.. هەر بەتەنیا (کوف لە کون)ێ
گەرووی هەموو تەندوورەکان
پڕکەم لە نان
***
وەسێتێکم هەیە بۆتان
ئەگەر ڕۆژێ.. ڕەخنەگرێ
لە دەرگای شیعرەکانی دام
بێ تێگەیین.. بەپۆستاڵی قەڵەمەکەی
کوڕ و کچەکانی شێلام
وتی: ئەم شاعیرە، لە سەرەتا، پێ دەکەنی
بەڵام دوایی بەرگەی نەگرت
گەر وای فەرموو.. ڕەخنەگرێ
با ببوورێ
لێی بێنە جواب
بلێن جەناب
تۆ لە حەوشەی
گەر وردبینی.. گەر دەتوانی
بچۆ ژوورێ

تەمووز ١٩٧٣بەغدا

## مليم مليم

ڕۆژ و مانگ و ئەستێرەکان
پرشە و کاکێشی.. ئاسمان
هەموو زەوین
ئاسمان زەوی سەرەوبنە
یەک زەویی.. ئەنجن ئەنجنە
***
دەستگیرانێکم هەیە من
مليم مليم هەموو لەشی خوڵقێنراوە
بۆ پەرستن
***
باوانەکەم.. سەرسام مەبە و مەڵێ:
-دڵدارێکی شێت و ونە
کاتێک دەڵێم:
زەوی دەستگیرانی منە

تشرينی دووەم – ١٩٧٣

## بڕووخێ ئۆقرەی بەندەرەکان

لە باخەڵما .. ئۆقرە دەگری.. وەک کەروێشکێ
پەنجەی یاریم.. ئارەزووەکانت.. دەپێکێ
لەسەر سنگم.. خەوی لەزەت دەتباتەوە و
بەچی دەچێ
کە من لە ناخەوە ئۆقرەم..
لە بێ ئۆقرەییدا بگری!!!
***
ئۆقرە دەگریت و دەگەیتە.. هیواکانت
بەڵام گرێکانی ناو من
بەخۆ خواردنەوە دەمگوشن
وردم دەکەن.. دەمهاڕن.. ئەنجن بە ئەنجن
بەم گەردوونەدا .. دەمپەخشێنن
وەک ستارەی وردی کاکێش
گرێکانم دەبەن بۆ ژان.. دەبەن بۆ ئێش
***
تۆش وەکو هەموو ئەوانەی
لەزەتەکانیان (سنوور)ی و خۆ بۆخۆیین
(هیوا)کانتان، ماسییەکی گوێ بەندەرین
ئێوەی کە بۆ بەندەر ماڵین
نەفامییە/ساکارییە/گێلییەکانتان..
تۆڕێکی وردی گوناهین
دەتانبەنەوە بۆ ئۆقرەی بەندەرەکان.

ماسیی هیواکانی منیش
لە حوکمی بەندەردا .. دەرچوون.
هەتا زووە.. دەستم لێ بشۆ.. ئەی خاتوون
تازە کەس نییە بتوانێ
بمگەڕێنێتەوە بەندەرە
ساختە/کۆنە/ وشکەکانتان
هەر ڕووبارێک دەبم هەرچی خەمتان هەیە
وەکو یاقووت دەیگرمە بن
تا دەیانکەمە (سەرمایە)ی
بنکەی لاوانی لەمەولا.. دەستپێکردن

١٩٧٥- هاوکاری

## هۆڵی خوێندنەوە

بەدەفتەرەکەی دەستتەوە
دانیشتووی بۆ خوێندنەوە
ئاگادار نی.. لە پەڕەی مات
کاتی خوێندنەوە چی لێ هات؟!
خاتوونەکەم ئەو دەفتەرە
لەخۆشیدا ئاڵ هەڵگەڕا
هەر دەتوت جنسی بەشەرە
کاتێ بەچرپەی لێوەوە
بەدەم نیگای خوێندنەوەوە
ڕانتی بۆ بوو بە جۆلانە
ڕووانی لەو نیگارە جوانە
خەریک دەبوو لەخۆشیدا
نم–ی نەشئەی عەتر دەردا
***
سەرێ هەڵبڕە خانمەکەم.. وام حسابکە
منیش شێوە دەفتەرێکم
دێر دێر بووم بۆ چپەی لێوت
پەڕە پەڕە بووم بۆ نیگات
جوانێ سەرێ بەرزکەرەوە
وەک ئەو خواپێداوەی دەستت
کە هیچ نەبێ لە دوورەوە
جارێ وا بمخوێنەرەوە

حوزەیران – ١٩٧١نامەخانەی مەرکەزی بەغدا

## نەکەی.. نەکەی

ڕێبوارێکی ئاوارە بووم.. لە شەوی پرچەکانتا
خاڵێکی ڕەشی ورد بووم.. لەسەر ئەو گۆنا جوانە
ماسییەکی بچووک بووم.. لە دەریای چاوەکانتا
خەندەیەکی گەرم بووم.. لە نێوان ئەو لێوانە
لە پاش چوار ساڵ
چوار ساڵی پڕ خەو و خەیاڵ
ژیانی تاڵ
هیواکانی خستمە ژێر باڵ
ڕێبوار.. ون بوو... خاڵ بزڕکا
خەندە.. زەرد بوو... ماسی خنکا
-ئەی ژینی چوار ساڵ سەربڕراو
ئەی نائومێدی ئەقڵ خاو
نەکەی.. نەکەی.. نەکەی ڕۆژێ لە یادی کەی
نەکەی.. نەکەی.. نەکەی ساتێ لە یادی کەی

***

خۆشم دەوێت.. وەکو دەمویست
ئێستاش دڵم.. لانەی یادی ئەوی تیایە
بۆیەکە من، نایڕووخێنم
ئێستاش ژینم.. نامەی باسی ئەوی تیایە
بۆیەکە من، نایسووتێنم
هیچ شک نابەم.. جگە لەوەی
یەک گۆرانی بۆ ڕێک دەخەم

هەڕەشەیە.. لە هەموو ئەم کەونەی دەکەم
-نەکەی.. نەکەی.. یادی چوار ساڵ لە دڵ دەرکەی
نەکەی.. نەکەی.. خۆشەویستی لە دڵ دەرکەی
***
پاش ئەوەی کە نامەکانیم
بەدەستی خۆم هەموو دڕاند
پاش ئەوەی کە کچی مەیلیم
لە ناکاوێکا توند خنکاند
کوانێ نامەی ئینجیلی چوار ساڵ دڵداری!
کوانی کۆرپەی مەیلی چوار ساڵ بەختیاری!
-نەکەی.. نەکەی.. هەتاکو هەی..لە یادی کەی
هەتاکو هەی.. نەکەی نەکەی.. لە یادی کەی
نیسان-١٩٧١

## نا.. بێسوودە

نا خانمەکەم.. زۆر بێسوودە
بەدزییەوە حەز لێکردن
بەتەنیا قسەی زلکردن
بەچی دەچێ.. بۆ یەکتری مەتارە بین..
بخنکێیت و نەمخۆیتەوە، بخنکێم و نەتخۆمەوە!
من لێرەوە بتوێمەوە.. تەنیایی خۆم بجوومەوە
تۆش بەرامبەرم ڕابووری.. خوارووی لێوی خۆت بمژی
بەتیشکی دوو چاوی برسی
پیاوەتی ناو ناخم بکوژی
بەهەنسکی بەحەز تاساو
بەپرشە پرشی برژانگت
بەلێو/برۆ/گۆنا/بەدان
قژم/چاوم/لێوم/دڵم
کاڵاو باڵام داکرۆژی
کرۆژتنم.. داکرۆژی
لە دوورەوە بۆ دوورەوە بتوێیتەوە
ناشێ دەنگ کەم، قیروسیا با سوێم بێتەوە..!
لەبەرئەوەی شاعیرێکی جوان پەروەرم
خانمەکەم.. قەینا شاعیرم.. شاعیر نیم.. نا پێغەمبەرم
بەڵام خۆ جنسی بەشەرم
دڵم هەیە.. مەیلم هەیە.. زیاد لە هەموو خاوەن مەیلی
مایل بەگەشت و سەفەرم

هەموو ڕۆژێ وەک کەشتییەوان
لە ڕەش و سەوز و شینی کاڵ
وێڵی دەریای چاوەکانم.. گەرم بێ سارد
تیایدا دەژیم
من کۆتری گومەزی جووت مەمکەکەتم
قومری باڵای سەرووەکەتم
توند بمگوشە.. سەد خەوی (خۆزگە) بدڕێنە
یەک خونچەی (ئۆخەی) بدوێنە
شەرم مەکە لە سۆزی سەر پەنجەکانم
جۆرێکە سۆزی پەنجەی من..
تا لێی نەخشێ شنەی نەرمی..
لەشولارێکی خوێن گەرمی
گیان لە ئارەزوو خولقێنراو
وا ناخرۆشێ.. بەجۆرێ
کە..
مێژووی لەشت بگۆڕێ.

ئەیلوول – ١٩٧١سلێمانی

## نازدارێک و هەژدە نەفەر

ئەی نازداری نووستووی ناو پاس
ئاگادار نیت.. لەو دلانەی دەوروپشتت..!
ئاگادار نیت لەو -ئارام-انەی تۆ کوشتت..!
کەوتوویتە ناو جیهانی خەو
چش لە هەژدەی وەک من و ئەو
با لێرەوە لەگەڵ تیشکی خۆری ئەم ئێوارەیەدا
بتوێینەوە
لەگەڵ ورشەی قژی کاڵت
لەگەڵ پێستی پەمەیی بێ خەت و خاڵت
وەک منداڵی سەر گڕوگاڵ
بەستە بلێین بۆ کولمی ئاڵ
ئاوات بخوازین بە (خەیاڵ)
-(لەبەر تریفەی مانگەشەو
کاتێ هەموو.. ئەو خەڵکەمان هێنایە خەو
لەسەر نەغمەی مۆسیقایە
دەست بخەمە ئەو کەمەرەی وەک مینایە
بلەنجێین و.. سەما بکەین
تا.. لەش.. خاوەنی توانایە).
بەلام.. نازدار
ئەمانە هەمووی خەیاڵە
خەیاڵێکە.. وەک ئارەقی ئەو گۆنایەی
لە گەرمەی تین و نەشئەدا.. دێتە خوارێ

وەکو شەونم.. لە کوڵم و گەردن ئەبارێ
کەچی کاتێ
فێنکیی تۆزێ ئارام دێ
هیچێکی وای لێ نامێنێ
ئەو بارانە نەرمە وشکە
ئەو گۆنا گەشە ناسکە.. بێ پڕیشکە
وەک خەیاڵی هەموو ئێمە..
دەڕوا
دەڕوا
تەنیا شتێ بەجێی بێڵی
یادگاری ئەو خۆرەیە.. تا ئاوابوو
بەیەک خەندەی تۆ.. شاد نەبوو
ئەی نازداری نووستووی ناو پاس
-ئەوەی لەلای من مەبەستە
ئەوە نییە.. کە بتگاتێ.. ئەم دوو دەستە.
ئەیلوول – ١٩٧١ڕێگەی سلێمانی و بەغدا

## نازداری جافان

تریقـەی پێکەنینـەکـەت.. سـەمـفـۆنیـیـەکـە بۆ (سـەمـا)
ئاوازێکە پڕ لە نـەشـئـە.. کـار لە دڵی مـردووش دەکـا
پێ بکەنە کەسێک شاد بوو.. لە باسی خەم بێ خـەبەر بوو
ئەی مۆسیقای گەرووی ناسک، کاتی بێدەنگی بەسەرچوو
با شـووشـە عـەترێ بپرژێ، زۆر بـۆن خـۆشـتـر لە (شـانێل)
شـادی بەزۆر بێنێـتـە دڵ، وەک دەمـی هـەبێ و بانگ بکا
کـە هـیچ نەبێ ئـەم مـاوەیە مـەست بین بەتریقـەی بـەسـۆز
سوود لەم ساتەمان وەرگرین، وەک هەنگی وریای شیلەدۆز

ئاب -١٩٧٠سلێمانی

## بیرت دەکەم

وەک چاوی کوێر بۆ بینایی
وەک لێوی وشک بۆ تەڕایی
حەزم لێتە و
بیرت دەکەم
وەک سایەقەی پاشی باران
وەک پێکەنینی دوای گریان
وەک هەناسەی دەمی خنکاو
وەک تینوێتی (حسێن) بۆ ئاو
بیرت دەکەم
بیرت دەکەم وەک ڕۆژانی
باوەخوونی لێکبڕانی
زاوا .. لە بووک
بیرت دەکەم
بیرت دەکەم

١٩٧٣

## هاوین

له هاوەڵێکت پرسی بوو:
کابرای دڵبەرد.. کابرای دڵسارد
ئەم هاوینەی چۆن ڕابوارد؟!
***
ئەم هاوینە!!!
له باخی یادگارتدا.. شەتڵ بووبووم
له ئاستی نازی پارتدا.. کڵۆڵ بووبووم
بەبێ ئەوەی پێم بزانی.
***
له شەوی چاوی تۆی بۆ من (بت)
چوار جار خۆم شت
هاتوچۆی دەرگاکەتم کرد
مەیتی دڵی خۆمم پێ بوو – دەخولامەوە
وەک شتێکی هەرگیز نەبوو... پاڕامەوە
له گۆڕی چوار ساڵی زیندوو
هەتاوەکو توامەوە
بەبێ ئەوەی پێم بزانی.
ئەم هاوینە..
بەدەردێکی کوشندەوە گیرسامەوە
هەموو دڵۆپە فرمێسکێ
پارچەیەک له دڵمی تیا بوو
هەموو گرمۆڵە هەنسکێ

پارچەیەک لە (سی)می تیا بوو
هەتا وەکو بڕامەوە
بەبێ ئەوەی پێم بزانی
***
بەڵێ ئەی جوان
کابرای دڵبەرد.. کابرای دڵسارد
ئەم هاوینەی.. وا ڕابوارد

١٩٧١

## دارچین

دوێنێ (خۆر) چەپکێ لە پرچی
لێ ون بووبوو
ئەم بەیانییە کە تۆم بینی
بەقژتەوە.. پۆستچێ بوو

***

دوێ شەو لەلای ماڵتانەوە
شەوگار کەمێ کاڵ بووبووەوە
ئەمڕۆ بیستم
چاوەکانت پێ ڕشتبوو

***

دوو ئەستێرەی خنجیلانەی
جوان و ساوا
بەر شەوارەی چاوت کەوتن
بەرەبەیان.. جووتێ گوارە بوون
لە گوێتا.

***

خانم هەر ئەم شیعرەم ماوە.. ئەوا ئەویش بەفیدات بوو
نەکەی پێم بڵێی (نامەوێ) بۆ نازێکت بیخەرە کار
ئەگەر هەر هیچ.. هەر هیچ نەبوو
بەو دەم و دانە وردانەت.. لەجیاتی بنێشتی دارچین
کەمێ بیجوو.

١٩٧٢

## ئەی جوان

ئەی ناسکتر لە شیعری جوان
بەلەزەتتر لە تەزووی گیان
ئەی دڵگیرتر لە مۆسیقا..
ئەی جوان.. ئەی جوان
***
ئەی ئەسمەری باڵا سەروو
چاومەندی کەمێ خەواڵوو
پەروانەم و شەوارە بووم
لەبەر تیشکی چاوتا کەوتووم
ئەی سنگ بەرزی کەمەر باریک
تەسریحە وەک شەوی تاریک
ئەستێرەم و ئاوارە بووم
لە شەوی پەرچەمتا ون بووم
***
ئەی قسە وردی لەسەرخۆ
دەم و لێو وەک نوقڵە مینۆ
پەپوولە بووم دەخولامەوە
بەلێوتەوە گیرسامەوە
***
ئەی سیحری ناز.. شێوە ئاسک
پووز کافووری، لەنجە ناسک
ئازارێک بووم.. دەتلامەوە
لە لەنجەتا توامەوە
ئەی جوان.. ئەی جوان

ئەیلول – ۱۹۷۱

## چای تاڵ

١

– بۆ بێدەنگی.. بۆچی وەها کپ و مەندی
قسە بکە.. شتێ بڵێ
هەرچی شتێ دەڵێی.. بڵێ
–دەمەوێ باسی تۆ بکەم.. بەڵام وشەکانی ناخم
پێش ئەوەی کە بێنە دەرێ
لە نێوانی لێوەکانما.. سەرسامی دایان دەگرێ
– بمبەخشە.. خانم.. نەمزانی
شاعیرێکی وا شەرمنی
– شاعیری و شیعرم بۆ چییە
تۆم بەسە.. تۆ شیعری منی
– بەڵام گیانە.. بەگفتی جوان، تۆ شاعیری
گەر ڕازی نی.. قەیناکە دڵی شاعیری
خانمەکەم تۆ دڵی منی
(بەیەک نەغمەی خۆش پێکەنی)
– من شاعیر نیم.. شاعیر ویستم
نابینی وا تۆی شاعیرم.. دەپەرستم!!
– هەزار ئەفسووس کەوا پێکەنین نانووسرێ
دەنا پێکەنینەکەت.. لە گەلێ شیعر خۆشترە
لە زۆر ئاواز بەسۆزترە

٢

(شاگردی یانەکە.. چاکەی هێنا.. کەمێ تاڵ بوو)

– کەمی شەکر تێ کردووە.. کابرای چایچی سەری قاڵە
ئارام بگرە با پێی بڵێم.. چا–کە، تاڵە
– گوێ مەدەرێ.. هەست بەتاڵیی چا–کە ناکەم
چونکە کاتی قوم لێدانی.. تەماشای چاوی تۆ دەکەم
تەماشای لێوی تۆ دەکەم
– دیسان خۆم و شاعیرێتیم.. کز دەبینم
بەرامبەر بەگفتەکانت دادەمێنم
بەرامبەر شیعرەکانی تۆ.. من هەر هیچ نیم
– چۆن دڵت دێ!.. هەرچی قسەیەک من دەیکەم
هانا بۆ مەیلی تۆ دەبەم
خورپەم لەتۆ وەرگرتووە
ئەوەی دەیڵێم.. شتێکە–کەم..
.. لەوەی لە تۆم وەرگرتووە
– دەخیل خانم.. چ ڕەوانبێژێکی گەورەی!!
بەرامبەر تۆ هەموو شتێکم بیرچووە
دەخیلە تۆ لە کوێ دەرچووی! چیت خوێندووە؟!
– هێندە چاوی تۆم خوێندووە
هێندەی مەیلی تۆم خوێندووە
ئەوەندە هیچ کتێبێکی پیرۆزی کەم.. نەخوێندووە
خۆتت بۆچی لە بیر چووە
تۆ بەرگ و زنجیری زێڕی
قورئانێکی بەخشراوی
بەگەردنما هەڵواسراوی
لە نێوانی مەمکەکانما.. دانراوی

یانەی کۆلیجی ئاداب –
بەغدا ١٩٧١

تێبینی: دیالۆگەکانی ئافرەتەکە هی خاتوونێکی هاوڕێی قوتابیم بوو تەنیا هەندێ دەستکاری هونەرییم لە فۆرمەکەیدا کردووە.

## سلۆ slow

ئەی پەریی نازگەرمی ناسکۆڵەی ڕوونەخشین
وردیلەی ساکاری نەرمۆڵەی نازەنین
با ئەمشەو مۆسیقای ئاوازی ناخی گەرم
لای بدا مەندێتی پەردەی ڕوو - ئاڵی شەرم
تا بەدەم لەنجەوە ڕوومەت و لێوی وشک
تێر ئاودەم بەتاڤگەی پەرچەمی بێ پڕیشک
تۆش دەستخە ناو دەستم با پەنجەی تینووی من
گولاوی ئارەقی ناو دەستت هەڵمژن
تا دەستم لە کەمەر بئاڵێ بۆ سەما
لەپی دەست مەڕمەڕی نەرمی خوا.. زیارەت کا.

***

پێستی لەشی پەمەیی.. نەغمەی ڕاز شەرماوی
خەندەی لێو عەتراوی.. تیشکی چاو سیحراوی
ئەوەی تۆ شەرم دەکەی.. کە بیلێیی.. شۆخی جوان
پێنج پەنجەی گوشراوت لە دەستمی زوو گەیان

***

مۆسیقا ورشەی ناز لە چرپەی تۆ دەدزێ
تیشکی شەم.. بەیەک چاو دەڕوانێ و دەلەرزێ
بۆیە من پەیوەندیم لەگەڵ ئەم عالەما
لە (سرپە)ی یەکەمین وەتەرا بەجێ ما

***

خـــانمەکـــەم.. جـــار جـــارێ ســـەری ناز هەڵبـــڕە
بـەو چاوە مـــەســـتـــانە.. تـاپۆی خـــەم ســـەربڕە
لێت دووربم.. یا بمرم مـــەحـــاڵە.. چونکە من
لە دڵتـــا جـــێم هەیە و بەهەشـــتـــیی.. نامـــرن

شوبات ١٩٧١

## ڕۆمانتیک

ئەی تاڤگەی ڕەشی تەسریحە
ئەی تاریکیی شەوی ڕژاو
ئەی بارانی عەتراویی خاو
ئەی گەردەلوولی داهێنراو
بەس بیشارەوە گەردنی
خنکام.. بۆ پرشەیەک هەتاو

***

ئەی قردێلەی سەر تەسریحە
تەوقەی زڕکفتی جوانی سەر
ئەی مانگی تەنیای دەربەدەر
ئەی کەشتیی سەر شەپۆلی قژ
چەند بێهۆشی.. مەستی بێ رووی
دە بەس بگوشە گەردنی تەسریحەکەت
من لێرەوە ئەوا خنکام.. سنگم توند بوو
دەست بەردە.. بۆ خاتری خوا.. ناسکە موو

***

ئەی جووتێ گوارەی نارنجی
ئەی دانیشتووی کەژاوەی نەرمی پەمەیی
لە ماچێکی وەها نوقمی
زەردهەڵگەڕاوی وا ئەمری
هێندە نەرمی گوێت مژی
ئەوا شێت بووم.. بەداخەوە بۆ دەمکوژی!

***

ئەی قەڵەمی هەناسە ڕەش
ئەی ماچکەری دوو چاوی گەش
بەس پەڕەی گوڵاڵەی پێڵوو.. ماچکەرەوە
کلیان ناوێ.. خۆیان ڕەشن.. بەسە لە کۆڵیان بەرەوە
لە غیرەتدا.. من لێرەوە.. وا دڵم هاتە دەرەوە
ئەی دوو چاوی نیوە نووستوو
ئەی دوو ئەستێرەی خەواڵوو
بۆ کەوتوونەتە باوەشی.. جووتێ برۆی ڕەشی.. تاریک
تۆ ئەی برۆ.. ئەی دوو چڵ ڕێحانەی باریک
چیم لێ دەکەی..! لە بەر دەمتام..
بەس تکایە.. بەرەڵایان کە.. وا سووتام
***
ئەی لۆکەی بۆدرەی گۆنا
ئەی هەوری پەمەیی شەیدا
کەم خۆت هەڵسوو لەو کوڵمانە
دڵی تینووم ئەوا خنکا
من تازە گیانم.. لەدەست چوو
دڵ کە ئاڵە.. خۆڵی کاڵە.. تووبی خوا
لەجێی بۆدرە.. وەربگرە
.. بەسە ڕاوەستە.. هەی برسی
ڕوحم دەرچوو.. لە تکاکەم بۆ ناپرسی؟!
لای خۆت لۆکەی!!
چەند دڵڕەق و ئێسک قورسی
***
ئەی ڕووچی لێو.. ئەی غونچەکەی غونچەپەرست

ئەی زمانی پەمەیی شێت
هانام هانی.. بەس دەمی وەک شووشە عەتر
بلێسەوە
ئەوا تەقیم.. سوێم بووەوە
***
ئەی بۆیەی نینۆکی پەنجە
ئەی فرمێسک ئاڵی عەتراوی
ئەی خوێن تواوەی ورشاوی
ئەی گڕ شلی بریسکاوی
هاوار نەکەی بەفتیلەی گڕ
دای گیرسێنێ (دە) پەنجەی وەک کافووری چوڕ
نەکەی ئامان.. بەسە دڵ بەرگە ناگرێ
(دە) مۆم پێکەوە گڕ بگرێ
***
ئەی عەتری شووشەی کریستاڵ
ئەی ئاورنگی تەڕی بەهار
ئەی فرمێسکی چاوی نازدار
ئەی تەرزەی گەرمی.. پرشنگدار
هەر تۆ ماوی خۆت بنوێنی
بڵێم.. نەڵێم، تۆش ئامادەی
کە خوێنی خۆت بپرژێنی
بەس تکایە زۆر نەرم بە
سینە و گەردن نەڕووشێنی
لە خەفەتیا.. نەمفەوتێنی
***
ئەی خورپەکەی گیانی شیعرم

هەستم دەرخە.. پێویستم پێت
تابلۆیەکە نازداری کورد.. شەفافترە لە
(ڕۆمانتیک)
بەڵام ئەفسووس.. من بۆ ناگەمە مەبەستم!
شیعری وەسفی وردم.. ورد کرد
خەیاڵی جوان.. بەرگەی خەیاڵمی نەگرت
بەهرەی شیعرم بۆ تۆراوە!
بۆ لە ناخا.. گیانم دەخوا..
کەچی لەسەر کاغەزەکەم – تا ئێستا
چارەم نەدیوە!!
شیعرێ بەرگەی هەستم بگرێ
بۆ تا ئێستا.. نەمنووسیووە؟!

کانوونی ٢ – ١٩٧١

– (میهرەجانی یەکەمی شیعری بەشی کوردی لە کۆلیجی ئاداب – زانستگای بەغدا لە هۆڵی –ساطع الحصری– خوێندرایەوە)

## خەمی بێ سەر

ئەی خـاتوون.. بەژن جـوانی (سـیمـا-پەری)
وشـەی شـیـعـرم.. بەرامـبـەرت وەک پەری
کـە (تافـتـەی بێـبـاکی)ت دەکـاتە بەری
لە خـۆشـیـدا.. نوقم دەبێ و دەگـری
(تافـتـەی بێـبـاکی)ی تۆ ناگـۆڕێتـەوە
بەوەی (جـەلسـەی باوەش) دەکـاتە بەری

***

بەژن جـوانی ( سـیـمـا- پەری) مناڵکار
خـزمـتم من.. بەحـسـابی کـەسـوکـار
بەس درۆیە - چۆن دەڕوانم.. شـتـێکی
بۆ دڵی من.. دۆسـتی، کـەسی، خـوشکێکی
گـشت خـەمـە ناسکەکـانمت لەبەردایە
وەک لە نیـگـام دروست کـراوی وایە

***

دڵگیـر مـەبە.. هانا-م دەبێـتـە.. شـەرم
بێـبـاکـانە دانیـشـە بەرامـبـەرم
سڵ مـەکـە لێم.. بەژن جـوان، من سـێبـەرم
من ڕێبـواری ڕێی خـەمـێکی.. بێ سـەرم
(وەی)م نییە و (خۆم) بەدیاری بۆ (خـەم) دەبەم.

ئاب ١٩٧٣بەغدا

* لە سەر کێشی (خاوکەر) دانراوە و پێشکێش کراوە بەهاوڕێم ڕەووف حەسەن

# دڵڕاگرتن

ناسكۆڵە خنجیلانەكەم.. بافێر ببین
چۆن.. دڵی یەكتر ڕابگرین..
***
خاتوونە نەشمیلانەكەم
خەم–وەک دڵی تۆ ناسكە
لە ناو دڵۆپێ فرمێسكدا
دەتوێتەوە.
خەم.. وەک شیعری من ناسكە
لە پرشنگی پێكەنیندا
دەتوێتەوە
گەر خۆشەویستیم ڕادەگری
ناوەند مەبە
یا پێ بكەنە.. یان بگری

تشرینی دووەمی –١٩٧٣

## ناسکە برووسکە

ساتێک کە یادت دەکەم
هەست دەکەم
دڵدارێکی ئەفسانەیی
بێ جێ و ڕێم
لەوەتەی ئەم زەمینە
بەدەوری ڕۆژدا .. دەگەڕێ
من
لە دەورت
دەگەڕێم

کانوونی دووەمی – ١٩٧٤

## نەناسێ

١

ئەو ساتانەی – کە پێم دەگەی
ئەی نەشمیلەی نەناسراوی، سەر ڕێگام
بەنازی دوودڵی و شەرم
چەپک.. چەپک
پرشنگی نازدار و گەرم
دەخەیتە باوەشی نیگام
منی شەیداش..
هەر بەدەم وێڵیی ڕێمەوە
ون و سەرسام
بەو داخی نەناسراوییەت.. دەتلێمەوە
وەک سرپەیەک
هێواش.. هێواش
لە هەنگاوی ڕێبوارە بێ باکەکانی
دەوروپشتما
دەتوێمەوە
دەتوێ.. مەوە

٢

ئەی نازدارە خنجیلانە.. نەناسەکە
بۆ شەوگاران..!
کە خەیاڵت.. دەبێتە میوانی جێگام..

یەک پارچە بینایی هیوام..
باوەش.. باوەش..
پڕ دەبێ لە ڕووناکی و کام!!؟
بەدوێنێ شەو..
کە ڕۆژ بۆوە و.. زانیم تەنیام
تێر.. تێر
گریام
گریام؟!!

کانوونی دووەمی – ١٩٧٤

## دوو گۆرانی تر بۆ شووشەخان

١

دڵۆپی باران/نیشانەی بوونی/خۆر و دەریایە
خۆر و دەریاکان/نیشانەی بوونی/بارانی تیایە
تۆی خۆشەویستم
نیشانەی بوونی منی شەیداتە
منی شێت و وێڵ
نیشانەی بوونی تۆی کارەساتە
-سوێندت بۆ دەخۆم.. بە
خۆشەویستی و
تۆ و
من و
خۆر و
هەموو دەریاکان
گەر جێم بهێڵی:
هێز لە گەردووندا.. دەبێ سەرنگوون
ڕەوتی تێکدەچێ و
لەتوپەت دەبێ.. معادەلەی بوون

٢

هێشتا بە باشی نەمدیوی
بۆ تیشکی زەردەخەنەکەت، بووم بەزەوی و
هێشتا بەباشی نەمدیوی

له دەوری لێوت گەڕام و
شەو و ڕۆژم پێکەوە دی
هێشتا بەباشی نەمدیوی.

***

بووم بەپەپوولە و هەڵفڕیم، بەشەوارەی تیشکەکانی
چاوانتەوە
لەسەر چڵی هەر تیشکێکیان.. نیشتمەوە
شەیدای چڵەکەی تریان بووم
ئەم چڵ.. ئەو چڵ/ئەوچڵ.. ئەم چڵ
ماندوو بووم و بەگۆناتدا.. کە هاتمەوە..
دیسانەوە بووم بەزەوی
له دەوری لێوت گەڕام و
نە شەو.. نە ڕۆژ.. هیچم نەدی

حوزەیران – ١٩٧٦

## هەبێ و لەڕێ بێ

لەوەتەی بووی بەئاشنام
گوێم ئاشنای، سەمفۆنیای عەتری دەنگتە و
گاڵتە بەمەرگی خۆم دەکەم.
لەوەتەی بووی بەدۆستی من
چاوم دۆستی، بارانی تیشکی چاوتە و
گاڵتە بەمەرگی خۆم دەکەم.

***

لەوەتەی بووی بەنیوەی من.. بووم بەنیوەت
لەوساکەوە.. من بەڵێنم بەچاوت دا..
مەیلەکانت لە جۆلانەی چاوەکانما ڕابژەنم
من بەڵێنم بەلێوت دا
زەردەواڵەی شەیتانی لێ بتەرێنم
لەوساکەوە.. گاڵتە بەدوو مەرگ دەکەم
هەر بەمەرجێ
ئەم کاروانی وەنەوشەیە..
هەر لەڕێ بێ

مایس – ١٩٧٦

## قسەی منداڵەکە

پرسیت،
چۆن زانیم.. من تۆم خۆش دەوێ؟
***
شەوێ.. تەلەفزیۆن
ئاهەنگێکی گەورەی گێڕا
چەند جوانێکم لێ هەڵبژارد
کە.. بەدڵمن..
منداڵێکی نەشمیلانە
لەولامەوە وتی: (کاکە
ئەوانەی هەڵت بژاردن
هەر هەموویان..
لەفلان دەچن)

کانوونی – ١٩٧٦

## باڵێ-ی دوو دەنگ

- لە چاوی ڕەشتا
کۆتری سپیم بەخێو کرد و
نامەم پیا نارد بۆ دەریا
کە نامەی خوێندەوە.. ڕەش هەڵگەڕا
وتی: هێشتا
- لە ناو فرمێسکتا
ڕاوە زەردەخەنەم کرد و
ناردمنە سەر شانۆی سام
کە سەمای باڵێیان کرد.. زەرد هەڵگەڕام
تێر تێر گریام
***
-زەوی پۆلیس، دەریا، نەهەنگ، ئاسمان-واشە
ئێمە و ماسی و پاساری.. چی بکەین باشە!
-سەمای باڵێ.
***
-سام سامی گرت، ترس، ترسا
مردن خۆی کوشت، گریان.. گریا
کەچی ئێوە، وازتان لە سەما نەهێنا
- واز ناهێنین
***
با مۆسیقا.. بتاسێ
هەموو ئالەتەکان بشکێن

با شانۆکە ئاو بیبا
کڵۆپەکان بخنکێن
واز لەم باڵێیە ناهێنین
***
ئەم نەفەسە، سەمفۆنیایە.. نەک یاسین
ئەم چوار وەرزە، هی سەمایە.. نەک تاسین
***
................
................
................
................

تشرینی دووی – ١٩٧٦

## ماسی و کۆتر

### تاقیکردنەوەیەکی نوێ بۆ دانانی شیعری ئەلەکترۆنیک

ئەتۆمی دە ماسیی بێ ڕوو
ئەتۆمی دوو کۆتری سپیی دەنووک سووری چەقاوەسوو
کە گەیینە یەک
مۆلکیۆلێک-ن بزێو و ئاگر تێبەربوو
هاوبەش-ن لە هەرچی دەبێ و هەرچییەک بوو
بوونی ژیان.. لەم گەردوونە جەنجاڵ و زەبەندە
بە ئایۆن-یانەوە.. بەندە.

***

مەمکەکانت.. جووتێ کۆتری سپین
لەسەر دەریای کافووری سینەت هەڵنیشتوون
پەنجەکانم.. کۆمەڵی ماسیی لاسار و چوختی و بێ ڕوون
هۆگریان بوون.

***

خاتوونەکەم.. هێمنیی دەریا تێک مەدە
ئاشتیی گەردوون مەشڵەقێنە
بەچاوی تۆ.. ئاشتی لەلای ڕەقیبەکان
هەر گفتە و هەر تف و جوێنە
بەچاوی تۆ.. نرخی ئاشتی
ئێستاش هەر باروت و خوێنە
ماسی و کۆتر..
خۆیان دۆستن، نازی بەینیان.. مەشێوێنە

***

خەمەکانم.. چەپکێ منداڵی چاوگەشی برسی و ڕووتن
لێکدانەوەت.. ڕستێ بەفر و تۆف و تەرزە و ڕەهێڵەیە
با ڕووـم لە سنگتا.. نوقم کەم
منداڵەکان بپارێزم
لە هەرچی ئازارێک هەیە و هانا بۆ..
دەریای تۆ ببەم.
***
سیماـم لە دەریای سینەتا.. کە نوقم کرد
هەرچی هەستی گیانم هەیە.. خرۆشان
خۆنیشاندانـیان بەرپا کرد
بەرەو سیماـم کەوتنەڕێ.. داواکانیان
پێشکێش بەکۆتری دەریا کرد
کۆتر وتییە.. ماسی چاوگەش/ماسی وتی: بمگرە باوەش/
کۆتر وتی: بمگرە باوەش
***
– بۆچی.. من پێش دوێنێ هەبووم!!
دوێنێ بوو.. من خۆشم ویستی
لەوەتەی هەم خۆشم دەوێی
پێرێ نەبووم
دوێنێ بوو کە خۆشم ویستی
لەوەتەی هەم.. خۆشم دەوێی

تەمووز – ١٩٧٦

## چاوڕەشەکەم

کتێبی بەرگ سفتی خۆشەویستیم زۆر خوێندەوە
بەڵام: کرێکارە بەرگ شڕەکان فێری دڵدارییان کردم

***

شەیدای چاوەکانتم و لە خەمی چاوەکانتا
نیرۆدا دوای مەرگی ئەلێندی کەوتووە
شیعر دەخوێنێتەوە.
تەلزەعتەر دەسووتێ و کەنفانی نیشتمان
بۆ ساوای ناو چادرەکان دروست دەکا.
سۆدان بەرگە خوێناوییەکەی مەحجووی لەبەر کردووە
سروودێکی نوێ.. بۆ ئەفەریقا دەڵێ.
لەوەتەی فاشیستەکان.. ڕەشەکان سەردەبڕن
من لە دژیانا و زیاد لە جاران
شەیدای چاوە ڕەشەکانتم
هەر بەمەرجێ تۆ شیرین بی
تۆ شیعرێکی کۆمۆنین بی
بینایی ببەخشیتەوە بەئەستێرە ساواکانی
ئەم هەرێمە

کانوونی دووەمی - ١٩٧٧

## ڕاوە زەردەخەنە

دەریام.. بەڵام.. هەتا تۆی خۆر نەکەم بەئاشنا
بارانم لێ دروست، نابێ.
فرمێسکی.. بەڵام.. هەتا خۆت فێری ڕاوە زەردەخەنە..
نەکەی.. بەمن ناگەی
من و تۆ لە ئەفسانەی وەنەوشەدا، دەستلەملانێن
بەڵام لە گودۆی ئەم کاروانە.. دڵنیا نیم
لەوە دەترسم نەیەت
بێ و بەتەنیا.. تۆ بەرێ
بێ و بەتەنیا.. من بەرێ
***
گیانە.. تۆ کچۆڵەی شاعیرێکی
پێوانەکانی گەردوونی بۆ سەروبن کردی و وتی:
فەرموو لە بێستانی خەمەکانما
دروێنەی خەرمانی سەوزی هیوا و ورەی ژیان بکە
رۆڵە.. دەڕۆی ئۆغر.. بەڵام گەر رۆژگارێ هاتیتەوە و من نەمابووم
خەمی نامۆیی خۆت نەخۆی.. شیعرەکانم ڕاسپاردوون
هەموویان بۆت بن بەدەست، هەموو بن بە باوەش و
ئاوێزانی لەشە نەرمونۆڵەکەت بن، ئەفسووس دەڕۆی
ئەی کچۆڵەی/گریان و خەندە و زریان و تیشک
ئەم شاعیرە جێ مەهێڵە
ڕوو مەکە هەوای بلوێری بۆرژوواکان
شاعیر نەبێ.. کێ دەتوانێ..

لە تەپوتۆزی خاندا.. خانووی سەوزت بۆ دروست کا؟
شاعیر نەبێ.. کێ دەتوانێ..
کڕووزەی دەستەپاچەیی.. بکا بە سروودی یاخی؟
هەر شاعیرە.. لە فرمێسکی بێ کەساندا...
گوڵ دەڕوێنێ
هەر شاعیرە.. چاوی بێ هیوایان بەتیشکی ئومێد
دادەگیرسێنێ.

***

مەڕۆ و بزانە هەژارەکان بۆ ڕەنگ زەردن
بچۆ ماڵی پیاو ماقووڵەکان و بۆری ئاوی کۆشکەکانیان بکەوە
دەبینی نەوتی پیادێ.. خوێنی پیادێ

***

ئەم شاعیرە جێ مەهێڵە
ڕوو مەکە هەوای بلوێری بۆرژوواکان
مەمکە سرکەکانت.. مەکە شاباشی پیاوماقووڵان

***

ڕۆڵە تۆ گاورباخی و یاخیبوونی
کرێکارانی کۆمپانیای نەوتت نەدیوە
خوێنەکەیان ئەو ڕۆنەیە وا چەرخی ماشێنەکان
دەگەڕێنێ
مەڕۆ و تۆزێ گوێ بۆ دەنگی چەرخەکان ڕاگرە
سروودی چەرخەکان ببیستە:
دڵدار: خۆشەویستی و
کرێکار.. دەستی و
شاعیر... شیعری..
تەسلیم ناکا
تەسلیم نەبی.. تەسلیم نەبی.. تەسلیم نەبی.

کانوونی دووی – ١٩٧٧

سێیەم کۆمەڵە شیعر

# سەمفۆنیای وەنەوشە

چاپی یەکەم: ساڵی ١٩٨٠- بەغدا

پێشکێشە بە
بەشـــە شـــیـــرینەکـــەی تری ژیانم و هـاوڕێی
ویژدانم شیرین. ک

له تەختێک هەڵدەستێ هەزارو یەک نەغمە
ئەویان شیرینتر دێتە گوێم زۆر نزمە..
گیانی من بۆ تەڵی وەنەوشە پەرۆشە
کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە
گۆران

تا دڵداری بمێنێ، نووسین لەسەر دڵداری دەمێنێ. ئەگەر دڵداری نەما، ئادەمیزاد و ژیانیش نامێنێ. لە بابەت دڵدارییەوە زۆر وتراوە، بەڵام دەرگەی داهێنان دانەخراوە. ئەگەرچی داهێنان لە هونەری دڵداریدا کارێکی قورسە، بەڵام دڵشاد محەمەد ئەمین تێیدا سەرکەوتووە.

مارف خەزنەدار

# سەمفۆنیای وەنەوشە

١

نەمامێکم.. ڕەگی ملێونەها درەختی پێش خۆم پێوەیە.
گەڵا و گوڵم لەم زەوییە خواستووە.
پاوانەی زەردەخەنە دەدەم بەساوای خۆزگەکان.
هەنگاو.. هەنگاو
سەما سەما سەما.

***

من عاشقی ئەم سەمایەم، بەڵام زستان
هەر پایزێکی ناردە لام
گەڵا و گوڵە خوازراوەکان دەدەمەوە
دەستی زەوی.
ماڵئاواییم گۆرانییە
هەنگاو.. هەنگاو
سەما سەما سـ سـ سـ

٢

کە بووم چەوساندنەوەیش هەبوو
بەڵام.... نامرم
هەتا پێکەوە نەمرین.
ئەوسا ئەی ئینسان
ڕۆژە ڕەشەکانی ژیانی من
هەر باس مەکە

با سەمفۆنیاکەت خەمناک نەبێ و
ئاسوودە بژی.

٣

باڵەکانتم پێ ببەخشە
زەوی بچکۆلەیە و بەشی
ئەم خۆشەویستییەم ناکا.

٤

ڕێگاکان تێکەڵ دەبن
ڕووبارێک هەنگاو
خۆی دەکا بەدڵی خۆردا.
ئەم بێدەنگییەت هەڵی گرتووم
دامنێ زەوی..
لە هەنگاوەکانم دڵنیام
دامنێ زەوی..
گوڵە گەنم
لە دەمی داسی
برسی
ناترسێ
دامنێ زەوی.

٥

ئەستێرەکان لە نێوانی..
(تێری)یە ئاوریشمینییەکەی ئەوان و
(برسێتی)ی ژوورەکەی مندا.. چرپە چرپیانە.

لەم بەر پەنجەرەیەدا کۆدەبنەوە
سەرەتاتکێم لێ دەکەن.
چاوەکانم بانگیان دەکەنە ژوورێ
دەست دەکەنە ملیان و پێکەوە
هەناسەکانم دەگرنە کۆڵ
لە دیواری ژوورەکەمدا
بەشوێن جێگا دەستەکانتا دەگەڕێن.
لەسەر شۆستەی برسییەکان
بەشوێن خەونەکانتا دەگەڕێن
نازانم دەتدۆزنەوە یان نا؟.. بەڵام
دەزانم هەرگیز تۆ جێ ناهێڵن.

٦

دەزانم ئەسپەکەت سەرکێشە، بەڵام
بەرەو هەر تاریکییەک.. هەر ڕووناکییەک
مل دەنێی.. دڵی منە.
دەزانم ئەسپەکەت سەرکێشە، بەڵام
لە هەر شوێنێک لێی دابەزی و دانەبەزی
دڵی منە.
تۆ دەزانی ئەسپەکەی تۆ
دڵی
کێیە؟!

٧

بازووەکانم بەڕۆژ کار و
بەشەو ئاوێزانتن

لە نێوان شەو و ڕۆژادا
دوو ڕووباری ئەسمەرن
لەوەتەی هەین، بۆرژوواکان تێر دەکەن و
خۆمان هەر برسیمانە.
وەرە گیانە لە بەرچاویان
یەکتر لە ئامێزگرین بەو دەستانەی..
کرێکار پەروەردە دەکەن نەک شەهەنشا.
وەرە گیانە ڕووبارەکان بدەین لەیەک
ئێمە قەت ئاسوودە نابین
هەتاکو نەبینە دەریا.

٨

ئەم سەفەرەی تەمەنم کرد بەدیاری
بۆ بەهاری چاوەکانت
باڵەکانتم بۆ بکەوە
جەنتاکەم ماندووە و پڕە لە باران
زستان ورکی لێ گرتووە و
دەرگاکەتم بۆ بکەوە.

٩

چاوەکانت نیشتمانە و پەنابەر نیم
تیایاندا.
غەمبار مەبە
با هەست بەنامۆیی نەکەم.

١٠

ببووره لێم نازانم شیعری ڕەش دانێم.
هەموو شەوێ تا بەیانی
گیانم پڕی ئەندێشەیە و
شیعری سپیت بۆ ڕێک دەخەم
بەرەبەیانیان کە دەمەوێ بیخوێنمەوە
تێکەڵی تیشکی خۆر دەبێ و نایبینمەوە.
گوێم لەجریوەی پاسارییە و لەوە دەچێ
شیعرەکەم بێ و نەیناسمەوە.
هەرهەموویان باسی خۆشەویستیم دەکەن
گۆرانی بۆ چاوت دەڵێن
دەڵێی پاساری..!
شیعری سپی..!
وەکو گەنم هەڵدەچنن؟!

١١

بۆ دەستگیرانێک سەوداسەر بووم
بەقەد دایکم (خۆشی بوێم)
نەمدەزانی کە تووشت دێم
بەقەد دایکم (خۆشم دەوێی)
***
شەیدای دەستگیرانێک بووم
بەهەموو زمانەکانی (ئەم جیهانە)
(خۆشی بوێم)
نەمدەزانی کە تووشت دێم

بەهەموو زمانەکانی (ئەم گەردوونە)
(خۆشم دەوێی)

١٢

خۆشەویستیت مەدارێکە..
ناسکە خەوی بچووکترین نێرگز و
گەورەترین خۆری گەرمی
ئەم گەردوونەی پێوە بەندە.

***

دەستبەردارم مەبە جوانێ
پێ بکەنە و دام گیرسێنە
زەردەخەنەی تۆ نێرگزە و
لە چاویا من
خۆری گیانم هەر زۆر کزە.

١٣

بەرگی گەرم شک نابەم
کەچی حەز لە بەفر دەکەم.

***

حەزم لە دەریایە و مەلە نازانم
تۆم نەناسیبوو
ئێستا پڕ بە دڵ
حەزت لێ دەکەم

***

ڕووباری غەمی و.. غەمم خۆش ناوێ
بەڵام کاتێک
لە گیانمدا شەپۆل دەدەی

هەر زۆر زۆر زۆرم
خۆشدەوێی.

١٤
هەتا نەبووم بەڕەشەبا
شیعرەکانم بە ڕوانگەی نیگاکانتا
سەردەکەون.
چاو دامەخە با نەکەون
چاو دامەخە با ڕەشەبا
هەڵیان نەگرێت و نەیانبا.

١٥
دەنووک مەکەن بۆ قورقوشم
ئەو دوو کۆترە خرپنە
حەزیان لە چینەی
سەر سنگی منە.

١٦
کە شەوگاران
لە دۆزەخی ژوورەکەمدا شیعری
بەهەشتیی دەنووسم
گڵۆپە ڕەنگ زەردەکەم
شان دەنێتە سەر بێدەنگیی ژوورەکەم و
چاو لە چاوم ناترووکێنێ.
مەگەر
هەر ئەو بزانێ

مەگەر
هەر ئەو.

١٧

ماندووم..
لە عەرەقی ناوچەوان و لاملمدا
خۆر نوقمی ڕووباری سوورە و
بەهەزار پەل مەلە دەکا.
دەستم برد و
داوای دۆستایەتیمی کرد.
کە ڕوانیمە هەر دەستێکی
جێگا دەستی تۆم پێوە دی
حەسامەوە و
تێر تێر دەستەکانیم گووشی

١٨

(بێدەنگی)ی ئەمشەو لە هەناسەکانما پاڵکەوتووە
دەڕوانێتە گڕی ئەو مۆمەی (بالێ)
بۆ ویسەی پەروانە دەکا.
***
ئەمشەو تەمەنم لەسەر لەپی دەستەکانت
نیشتووەتەوە
میلەکانی سەعاتەکەت دەمیان خستووەتە دڵییەوە.
***
ویسەی پەروانە و بالێی گڕەکە
دەوەستن و تەواو دەبن

بەڵام میلی سەعاتەکەی تۆ..!
ئاخ لە میلی سەعاتەکەی تۆ.

١٩

ئەو گەمیانەی
چاوەکانت لە ماچیاندا نوقم بووە
دەستوپەنجەی ڕووبارە ئەرخەوانییەکانی
منیان تێدایە
ئەو گەمیانە سەرهەڵگرتوون
لە تیشکی خۆر دەخۆنەوە
بەشیعر دەڕۆن.

***

خانمەکەم
گرنگ نییە بۆ کوێ دەچن
بەڵام
ئایا منی شاعیر
لەگەڵ خۆتان هەڵدەگرن؟

٢٠

پەپوولەی وەنەوشەیی پەنجەکانت
بەدەم سەماوە
خۆ دەهاونە باوەشی پەنجەکانمەوە.
تێکەڵ دەبن
هەرچی دەکەن
بێ پرس دەیکەن

***

– وا تێکەڵن.. نە لەیەکتر تێر دەخۆن و

نه بۆمان جوێ دەکرێنەوە.
- چارمان نییە.. هەستە گیانە جێیان بهێڵین.

٢١

ئەم ئاوازە و ئەم سەمایە و خۆشەویستیت دەمخۆنەوە.
لەشم ونە و هەر ئەوەندەی هەست پێ دەکەم
کە گووشیوتە بە خۆتەوە.
چرپەکانت/ بەگەردنما هەڵدەگەڕێن
چاوەکانم/ لەسەر گۆنات دەخلیسکێن.
بیناییم/ لێ کەتووەتە ناو خەوی..
عەتری لاملتەوە و نایدۆزمەوە.
-دڵە ئەمشەو چی شک دەبەی؟ چیم بۆ دەکەی؟!
-بۆ.. چی ماوە شکی نەبەم؟!!
ئەم گۆرانییەت بۆ ڕادەخەم
تۆیش بەرگەکانت فڕێدە و تیشکی ئەم مۆمە لەبەرکە
گەر چاویشم نەدۆزییەوە
بەپەنجەکانم دەتبینم

٢٢

لەبەر ئەو بارانەدا بەڕووتی وەستاوی و بارانم
دەبارێم و بەلەشی بلوورینتا دێمە خوارێ
کە نزیکە بچۆڕێمەوە سەر زەوی
هەڵدەزنێمەوە و پەشیمانم لەبارینم.
کە نزیکە بچمەوە هەورەکان
دەبارێمەوە و پەشیمانم لە هەڵزنانم.
دەبارێم و هەڵدەزنێمەوە

هەڵدەزنێم و دەبارێمەوە
ئەرێ ئەوە تۆ بۆ
لەبەر ئەو بارانەدا
وا بەڕووتی وەستاوی؟!!

٢٣

لقی ئەو دارانە مەشکێنن
دەستگیرانەکەمیان پێ دەگرمە باوەش.
کانیاوەکان پڕ مەکەنەوە
خۆشەویستەکەمیان پێ دەبینم.
ئەو چەکوشانە مەکەن بەچەک
شیرینەکەم کەوێکی خڕپنی دەنووک ئاڵە.
نەکەن
هەوری شیعرەکانم تووڕە بکەن
دڵدارەکان برسییانە
دەنا هەور
وەک گەنم گۆش دەکا.. برووسکەیش
شک دەبا.

٢٤

کاتێک گۆرانیت بۆ دەڵێم
لێوەکانم وا ناسک دەبن.. شیری مەمکی دایکایەتیش
دەیانڕووشێنن.

***

کە دێم بۆ لای تۆ
شەقامی دەمی تیغ.. گلەیی لە هەنگاوی تیژی من
دەکا.

كە (لەسەرخۆ) لە ئامێزت دەگرم
مێژووی دڵداری
بە (پەلە) بەخۆیدا دەچێتەوە.

٢٥
ئەم ئەستێرانە زۆر لاسارن
گوێ نادەنە ئیسراحەتی من
داوای گۆرانیم لێ دەکەن.
***
ئەم ئەستێرانە چەقاوەسوون و خۆشم دەوێن
هەر گۆرانییەک بۆ تۆ دەڵێم.. خێرا دەبن بە
کۆرسم.

٢٦
ئەو کابرایە جووتیار نییە ڕووتی بکەنەوە
گیرفانەکانی پڕن لە حەبی نەزۆکاندن.
گیانە زانیت؟ بۆ ئەم زەوییەی ساڵەهایە
ئەو دەیکێڵێ..
هەموو جۆگەکان لە باخەڵی خۆیدا دەخەوێنێ و
چڵە گەنمێکی لێ نازێ؟

٢٧
سەرمای شەوان..
من خەبەر دەکاتەوە و خۆی لە جێیەکەمدا دەنوێ.
ئاوارەی شەقامی جریوەی ئەستێرەکان دەبم
پاش چەند ساتێ..

دەنگ دەبەخشم بەهەنگەکان تا گۆرانیت بۆ بڵێن.

***

لە من وایە.. هێشتا تۆ گلەیی دەکەی؟
گەر وا نییە!
تا.. کەی..؟
خەبەرم بکەنەوە و لە ناو جێگەکەمدا بنوون؟!

٢٨

بێدەنگیی ئەم گوندەی دڵم
چاوەڕوانی قریوەی گەرمی هەڵپەڕکێیەکە.
-ئەرخەوانە نازدارەکان فەقیانەی شۆڕ بەردەنەوە
وا باران هات.
ڕەنگەکانی ڕەشبەڵەکی لەبەردایە

٢٩

سەرما گەوجە دڵدارکوژە.
بەرگی شەفەق لەبەر بکە
خۆت لە گمەی ئەم کۆترانەوە بپێچە
شان و قۆڵەکانت ڕووتن.

٣٠

بەرەبەیانیان.. لە مەیدانی ئەم شارە
زوقم ماسوولکەکان دەجوێ
ئاسمان/ هەناسەی سوارە
زەوی/ وەختە لە سەرمادا.. ڕەقبێتەوە.
ئەی ئۆقیانووسە گەرمەکە.. تەوژم دە

لە سەرەتا..
بەردەکانی کەنارەکە
سەری شەپۆلت دەشکێنن
بەڵام ئەنجام
شەپۆل دڵی بەرد کون دەکا
تەوژم دە
تەوژم دە.

٣١

ئەم ڕووبارە.. بنێشت دەجوێ و بەردەکانی کەناری
دڵەکوتێیانە.
ئەم ڕووبارە.. کە خۆی لە تریفەی مانگدا دەشوا
شەو گۆگردییە و هەنسک دەدا.
ئەم ڕووبارە.. پڕکراوە لە پەنجە بڕراوەکانی من و
هێشتا
هەر بنێشت دەجوێ!
ئاخ لەدەست ئەم ڕووبارەی
ناتوانم ڕقم لێی بێ!

٣٢

وەرە پێشێ.. دەستم کوندەپەپوو نییە..
بەڵام گەردوون لەمەداردا
کەلاوەیەکی کەوتووە..
تەنیا
مەمکەکانی تۆی

بەپێوە تیادا دەبینم.
وەرە ژێر ئەم درەختەوە
وەرە پێشێ
ئەم زەوییە تۆپەڵێ خڵتەخۆیە
تەنیا
باڵای تۆی
تیادا سەوز دەبینم.

٣٣

برووسکە واچنگ لە زەوی گیر دەکا
دەڵێم هەر ئێستا... دەیگرێتە ڕۆژ
کەچی
پڕی دەکا
لە کانی.
وا دەمگووشی و لەشم لە ئامێز دەگری
دەڵێم هەر ئێستا ورد و خاش دەبم
کەچی
گیانم
پڕ دەکەی
لە خۆشەویستی.

٣٤

لە ڕێوبانی عەرەق ڕشتنما ڕواوی
وەک ئەرخەوان باوەشت پڕی لە گوڵە.
بۆ پشوودان لا دەدەمە ژێر نسێ-کەت

بەپەلکی پڕ لە گورزە گوڵ
ناوچەوانی گەرمم بسڕە
***
ئەرخەوانەکەم
گەر سەرم کردە سەر ڕانت
بە سروودێک دام بپۆشە و
خەونەکانم
باوەشێن کە
گەلێک ماندووم.

٣٥
سەما هەیە بەرگی نەوێ
سەفەرێک دابهێنە.. جانتای نەوێ.
***
دڵم جانتایەکە.. پڕە لە فرمێسک و هەنسک
زنجیرەکەی داناخرێ.. داناخرێ.. نا

٣٦
دوایین زیندووی داستانەکەی (تەلزەعتەر)
پێنج ساڵانێکی برسی بوو
دەنکێ زەیتوون-ی شک دەبرد
دڕندەکان گەیشتنە لای
ئەویشی نەخوارد و
تێی گرتن.

٣٧

گۆڕەکەت ئەمشەو لە (هایهید)
ببووە باخێکی ئەستێرە
دڵدارەکان ئاویان دەدا
ئەستێرەکان وەک پێکەنینی گەداکان
گەورە دەبوون.. گەورە دەبوون..
دەبوون بەخۆر.

٣٨

ناتوانم تەنیا بژیم
تەرمێکم بدەیێ، ئەمشەو لەلامەوە بێ.
کە هیچ نەبێ، تا سبەی بیر لەوە بکەمەوە
چۆن ژیاوە و.. چۆن دەنێژرێ؟
کە هیچ نەبێ
لەگەڵ تەرمێک

٣٩

حەمە گیان
سەراب لە پێت ئاڵاوە
پارچەی یادگارەکانت وەک بلوورێکی شکاو
لە ژێر پێستما سەفەر دەکەن.
لە ناو تۆفی کەژەکاندا
ئافرەتێکی ڕەشپۆش وەک من چاوەڕێتە
شەمەندەفەرەکەت تیژڕەوە
سەری لارت لەسەر شانتە

هەموو درەختە سەوزەکان جێ دەهێڵی
لە تەمی پێچی چیاکاندا
نوقم دەبی و
ناگەڕێیتەوە باوەشمان.

٤٠

گیانە.. تا خاوەنی ئەم پەنجانەم بم
پرچەکانت دادەهێنم
هەرکاتێک لێیان سەندم
بەدەستی خۆت ناوچەوانم بسڕە و
سەرم بخە سەر باڵی
لەبیرچوونەوە
ئەو خۆی دەزانێ
چۆنم ڕادەژێنێ
ئەو
خۆی
دەزانێ.

٤١

من پەپوولەیەکی ڕواوم
تۆ گوڵێکی باڵداری
هەڵدەفڕی
خۆت بەگەردنما هەڵدەواسی
توند دەست بگرە با نەکەوی
ئاگادار بە

ئاگادار بە
زەوییەکەی ژێرم کێڵگەی گوێزانە
توند دەست بگرە
با نەکەوی.

٤٢

کارگەکە دەنگی دەنووسێ
چەرخەکانی باوێشک دەدەن
کەچی
تۆی مەزن
بەپێی کۆتەوە
بەشەریانەکانیاندا
ڕادەکەی و ناسرەوی
***
ئەم ماشێنە
دەغڵی بازووەکانت دروێنە دەکا
کەچی
تۆی شەکەت
پێدەکەنی و گۆرانی بۆ سبەی دەڵێی.

٤٣

دارخورماکان ڕەنگ زەردیی منیان لەبەردایە و
لە چاوی دیجلەدا خۆیان دەشۆن.
دیجلە کراسی دووریێتیی تۆی لەبەردایە و
بەلەپی دەستی مندا گوزەر دەکا.
لەپی دەستەکانم هەڵدەفڕن و

لەسەر شانت دەنیشنەوە
شان هەڵمەتەکێنە
مێژوو گلەییت لێ دەکا.

٤٤

ئەی دەریا..
خەوم دەدی ڕۆژێک لە ڕۆژان
سەرم بخەمە سەر ڕانی تەنیا شەپۆلێکت و بنووم
کەچی بووکێکی دەریایی وات پێ بەخشیم
ڕازی کردم: سەری هەموو
ئەستێرە و درەخت و شەپۆلەکان
بخەمە سەر ڕانم
لایلایەیان بۆ بکەم و ماندوو نەبم
لە باوەشما تێر تێر بنوون و من
نەنووم.

٤٥

ژێ-یەکانی گیتارەکەت
شیعرێکی منە و نووستووە
هەستیم/ لەسەر سنگی گیتارەکەت
پاڵکەوتووە.
پەنجەکانت ببزوێنە...... بیخۆنەوە.
***
گارا
من شەیدای دەمودووی پەنجەکانتم.
ئێستا لە ناوەندی یاریگاکەم

پەنجەکانت ببزوێنە...
لە زمانی پەنجە دەگەم.

٤٦

خۆر بەزەوی نەوتووە
وەرە لە دەورم بگەڕێ.
زەوی شنە بەکرێ ناگرێ
هەوری بۆ لا بڕەوێنێ.
ئەی تۆ گیانە هیچت لێم داوا کردووە؟!

٤٧

ئەستێرەکان.. دەستیان لە ملمدایە.
دەریاکان.. خستوومیانە باوەشیان
باران.. گۆرانیم بۆ دەڵێ.
تۆ لێرە نیت و من تەنیا
دڵم خۆشە و هیچم نییە.
تەنیاییم کڵۆیەک خوێیە و
لە چاوەکانما سەما دەکا
دڵم خۆشە و هیچم نییە.

٤٨

ئەو بەردە بریندارە بنێ ژێر سەرت.
لەسەر ئەم شۆستە ژانگرتووە بنوو.
زریانی ئەم شەوە بدە بەخۆتا
بنوو
بنوو

سبەی تەنیا قەڵەمەکەم بۆت دەگری
سبەی تەنیا
گسکی کەناسەکانی ئەم شارە
بۆت دەگرین.

٤٩

جەنگەڵێ ئافرەتی وەنەوشەیی
لەو سەرابەی ئەوبەرمەوە.. سەما دەکەن.
بەڵام من تۆ لە ناویاندا دەناسمەوە.
تۆ زۆر دووری وەنەوشەیی
لە ناو جەنگەڵێ ئافرەتی وەکو خۆتا
سەما دەکەی.
بەڵام من تۆ لە ناویاندا دەناسمەوە.
***
لە نێوانی من و تۆدا
بووکی باران کراسێکی قەنەووزی لەبەردایە.
دوگمەکانی دەترازێنم.. کراسەکەییت بۆ دێنم
باران لە من زویر نابێ
لەمێژەوە چاوەنوارە
شاعیرێک بێ
دوگمەکانی کراسەکەی بترازێنێ.

٥٠

لەوەتەی ڕۆییون زریانێک لە شەریانەکانی
من و شاردا سەفەر دەکا و ناگاتە جێ.
بوومە کەسێکی ئاسایی ناو شارێکی نائاسایی.

پێکەنینەکانم وەک پاساریی شەکر
پۆل پۆل.. لە ڕووباری چاوەکانیاندا .. دەتوێتەوە.

***

لەوەتەی ڕۆییون
شەقامەکان خۆیان پێچاوەتەوە و
هەموو گوڵ و درەختەکانیان لەبن دەست ناوە
تەڕایی جۆگەکانیان خستووەتە جانتای
فرمێسکەکانمەوە و سەفەر دەکەن.

***

سەفەرەکەتان زۆری برد
بگەڕێنەوە و
درەخت و گوڵەکان بگەڕێننەوە باخەکان
شەقامەکان ڕابخەنەوە و ئاو بکەنەوە
جۆگەکان.
ئەم زریانەی گیانم دەرکەن
بگەڕێنەوە و بمکەنەوە
شاعیرە ئاساییەکەی
ناو ئەم شارە نائاساییە.

٥١

بەڕاکردن
بەرەو ڕووم هات
منداڵێک بوو.. لەبەر پێیدا
بەرز و نزمییەکان تەخت دەبوون.
بەردەکان خۆیان لادەدا.

چڵێک شیعر و چڵێک عەتری
لەمشت نابوو
تا لێم نزیکتر دەبووەوە گەورە دەبوو
گەورەتر بوو
گەورەترین
کاتێک گەییشتە ئاستی من
ببووە خاتوونێکی مەزن
باڵەکانم بۆ کردەوە و خۆی فڕێدایە باوەشم.
لێی گەڕێن ئەم ئەوینە
ڕاستییەکە
وەک ئۆقیانووس و دەریاکان
چاوی شینە.
دە لێی گەڕێن
ئەفسانە نییە.. ئەوینە.
***
بەڕاکردن
بەرەو ڕووم هات
خاتوونێک بوو.. لە تاو خرمەی بارانەکە
باڵەکانی دابووە دەست با.
مەمکەکانی دەلەرزین و بۆنی گیای تەڕ تێی ئالابوو
تا لێم نزیکتر دەبووەوە منداڵ دەبوو
منداڵتر بوو
منداڵترین
کاتێک گەییشتە ئاستی من
نەشمیلێک بوو- گەش و خرپن

باڵەکانم وەک دەرگای باخچەی ساوایان بۆ کردەوە
لێیانەوە هاتە ژوورێ
گەر سەربنێن بەسنگمەوە
گوێتان لە هەنسکەبڕکێی
ڕاکردنەکەی ئەو دەبێ.
لێی گەڕێن با لە سنگما تاوێک بنوێ.
لێی گەڕێن هێشتا ماندووە
سەدان ساڵە نەخەوتووە.

١٩٧٧

چوارەم کۆمەڵە شیعر

# سەمای نێرگز

چاپی یەکەم: ساڵی ١٩٨٠- بەغدا

## دڵنیایی

گەڕامەوە و جانتای هەموو خەمەکانم
لەبەر دەرگاکەت فڕێ دا لە دەرگام دا
نەتکردەوە،
سەرم نایە سەر جانتاکان
لەبەر ئەم تۆفەدا مامەوە
توێشووم تەنیا ئەو دەنگەتە
کە دەرگاکەت لێت دەدزێ و پێم دەبەخشێ
بیکەیتەوە و نەیکەیتەوە
دڵنیابووم لەوەی نامرم
دڵنیا بە جانتاکان
نابنە قەبرم

١٩٧٨

## نەترازا

### بۆ قوتابییەکم ئاکۆ ئەحمەد کە لەگەڵ باوکیدا لە سەرچنار بەگاز خنکان

تایەکە قوڕاوی بوو.. منداڵەکان لە دەوری کۆببوونەوە
حەزیان دەکرد ئاگری پێ بکەنەوە
- خزمەتچییەکەمان لێرە نییە دەنا پێم دەوت..
- منیش بەرگەکانم پیس دەبن.. دەنا خۆم دەمبرد
- من دایکیشم نییە بەرگەکانم بۆ بشوا
بەڵام نەورۆز بەبێ ئاگر.. نەبووە نا.
(سنگی بەتایەکەوە نا / تەکانی دا /بەگردەکەدا
سەری خست/ نەیهێشت لە دەستی بترازێ و/
زۆری نەبرد/ ئاگرەکەی خۆی کردەوە).

## لەدایکبوون

### شیعرێکی سپی بۆ ماسییە ڕەشە بچکۆلەکەی

### سەمەدی بیهرەنگی

ئەو بەیانییەی هاوسەرەکەت هاوڕێی ژان بوو
بەخەمناکی بۆ پەنجەی مامانت جێهێشت.. هاتییە دەرێ.
بینیت هەموو منداڵەکان بەرەو قوتابخانە دەچوون
خۆت کرد بەناو کارگەکەدا
ماشێنەکان چاوەڕێت بوون
پەنجەتیان دی و کەوتنە کار

***

دوای نیوەڕۆ.. کە هاتییەوە
شەکەت بووی بەڵام دڵت خۆش بوو
منداڵەکان پیتێکی نوێ فێر ببوون و
هاوسەرەکەت ساوایەکی جوانی ببوو.

## وێنە

-کوا شوناسنامەکەت؟ کوا؟

* گەڕا

گیرفانەکانی گەڕا

نەبوو

خەمێکی قورس گرتی و بردیان

ئەوان.. دەیانوت و

ئەم .. بیری دەکردەوە.

(داخۆ وێنەی ئەو کچەی لە شوناسنامەکەدا بوو

چی لێ هاتووە؟

بێ ناز ژێر چ پێیەک کەوتووە!)

* خەمەکەی گرانتر بوو

تفەنگ بەدەستەکان.. بەرامبەری وەستان

کە چاویان بەستەوە.. بیری کەوتەوە

(پێش ونبوونی لە ناو دیوانێکدا

دام نا

دەنا ژێر پێ نەکەوتووە)

* زەردەخەنەیەک گرتی

ڕیزێک تەقەی لێ کرا

سەری بەشلی

کەوتە سەر شانی

بەڵام زەردەخەنەکەی

نەترازا.

## ژوورەکە

هاوسەرەکەی خەریکی دەرزی و دەزوو بوو
-چاوەکانم کزبوون- دەزووەکەم بۆ پێوە ناکرێ
-نا.. گیانەکەم، ژوورەکە تاریکە دەنا
چاوەکانت هەر جوان و
گەش و
ڕووناکن.
دەرگایان ئاوەڵا کرد و هاتنە ژوورێ
قۆڵبەستیان کرد و بردییان
خۆیان پرسیار و وەڵام بوون
فەرمانیان دا.. بخنکێنرێ
پێش هەڵواسین داوای کرد هاوسەرەکەی بێ:
- گیانە دەزووەکەت بۆ پێوە کرا؟
- بەڵێ گیانە.
- دڵنیابووی لەوەی چاوەکانت کز نین و
ژوورەکەمان تاریک بوو؟
- بەڵێ گیانە.
گەشایەوە
ڕووی کردە گاردەکەیی و وتی
-چاوپێکەوتنەکەمان تەواو
کارم نەما
فەرموو بمبەن.

## من و تۆ

له کاتێکدا بۆ یەکتری پێ دەکەنین
لەمسەر گێتی.. منداڵێک دادەنەوێ
پارچە شووشەیەک لە ڕێی ڕێبوارەکان لادەدا.
لەوسەر گێتی.. پیاوێک دادەنەوێ
بەردێک هەڵدەگرێ.. دەیگرێتە کۆترێک.
لە کاتێکدا یەکتری دەگرینە باوەش
لەملا... منداڵێک کتێبەکانی وەردەگرێ و بەرەو قوتابخانە دەچێ
لەولا.. دزێک چەکەکەی هەڵدەگرێ و بۆ بڕینی ماڵێک دەچێ
بیر لەوە بکەوە من و تۆ
لە چ سەردەمێکدا یەکتریمان خۆشدەوێ.

## "ئای نیشتمانە بۆگەنەکەم، چەندم خۆشدەوێی"

جێمس جۆیس

ساوا گاز لە مەمکی دایکی دەگرێ
بەڵام لێی دوور بخەنەوە، بۆی دەگری.
منداڵ شەق لە تۆپەکەی هەڵدەدا
بەڵام لێی بستێنن، جنێو دەدا
من دەڵێم نیشتمانەکەم پڕە لە زێراب
بەڵام ئەوەی بییەوێ داگیری بکا
ژێر پێی دەنێم

# عەجوول

ئای حەمە گیان چەند عەجوولی!
زۆر لەپڕدا... لێم بزر بووی
لە گوندێکدا پێکگەیشتین
دەنگت وەک دەنگی دڕینی
ڕۆژنامەیەکی نهێنی..
هاتە گوێم و وتت: ڕۆژباش
ڕوانیمە چاوەکانت.. دوو کانیی خوێن بوون
لە ئاستی خۆ هەڵدەقوڵین و
تێکەڵ سپێنەت نەدەبوون.
کە باوەشم پێدا کردی
ماچەکانت تامی بەفری کوێستانیان دا
وەک دوو سیمی قرتێنراو
پاڵکەوتین و خەومان لێکەوت
بۆ سبەی خەبەرم بووەوە
گوندەکە کۆچی کردبوو.. هەروەها تۆیش
سمۆرەیەکی لاوازی دار لێسەندراو وتی:
– ئەی شاعیرە ڕێبوارەکە
ئەم بەیانییە حەمەی هاوڕێت
تفەنگەکەی کردە شانی
تاقمی تەراش و کتێب و نیشتمانەکەی

خستە بن باڵ و
بەقەندیلدا .. هەڵگەڕا
ئای حەمەکە.. چەند عەجوولی!
بۆ دەبێ من هەتاکو هەم
هەر خەمی تۆم لەشاندا بێ؟!

## کبریت

ئەویان باوکمە/
برۆ شاشە ئاڵۆسکاوەکانی
ڕیزێک خانووی گوندێکن و قرچەیان دێ.
ئەویان دایکمە/
دەست و پەنجە وشکەکانی
چەپکێ شۆڕەبی ئاو لێبڕاون.
ئەوە خوشکمە/
باڵای سنەوبەرێکی بەر تەوژمی گرێدەرە
ئەمە هاوسەرەکەمە/
سیمای خەمناکە وەک دێهاتییەکی کۆچ پێکراو
ئەوانە هەموو هاوڕێمن
بێ ئەوەی لێک نزیک ببنەوە
لە چرپەی گریاناوی یەکتر دەگەن
هەموو کپ و مات و خامۆشن
بەڵام لە گیانی هەموویاندا
سەدان بەنزینخانە هەیە
قەڵەمەکەم کردە دەنکێ شقارتە
حەز دەکەم.. نیشتمانەکەم
وەک خانوویەکی پڕ تاعوون بسووتێنم
هەر بەمەرجێک
لەدەست ئەم جاڵجاڵۆکە بۆرانە
ئەم مارمێلکە لیکنانە.. رزگارم بێ
ئەی هاوڕێیان
ببنە شقارتەیەکی خۆماڵیی بەرگ شین..
دەمەوێ قەڵەمەکەم داگیرسێنم.

## نووستوو

له خولیامدا پاڵکەوتبووی
بەمن وایه نووستووی
کەچی سەرم هەڵدایتەوه
وەک کانییەکی کوێستانی بەخەبەر بووی،
ترپەی پێی ئەو کیژانەی خۆشم ویستوون
له ناو شەپۆلەکانتا بوو.
بۆنی عەتری یەکەم ماچی
کچەکەی داروسێمانت لێ دەهات.
فڕکە بەردی پێچی کۆڵانەکانی گەڕەکم
تێدا دەبیستی.
تامی خەونەکانی شەوی عارفه و جەژنت دەدا
ناسیمیتەوه.. ئای کوردستان!!
ئەمه تۆیت و منیش دڵداره شێتەکەت!!
ئەمه تۆیت و وەک کانییەکی کوێستانی
سەدەهایه له خولیامدا پاڵکەوتوویت
سەدەهایه بەخەبەری و
بەمن وایه هێشتا نووستوویت
ئەمه تۆیت و منیش قۆچەقانی بەدەستە عەجوولەکەی
سەرکارێز و کانێسکان و مەڵکەندی.
ئەی کوردستانی قۆچەقانی
ئەی کانییه کوێستانییەکه
دەستت دەگرم/ بۆ دڵی ڕووبارت دەبەم

دەستم بگرە/ هاوڕێکەم بۆ بدۆزەوە
ئەو هاوڕێیەی
سەری یەکترمان دەشکاند
بەڵام دڵمان وەکو خۆی بوو
لەم سەردەمە گەلێک تووڕەم
سەرم ساغە و دڵیان وەک بلوور شکاندووم
دڵم وەک بلوور شکاوە
هاوڕێکەم بۆ بدۆزەوە
بیدۆزەوە تا بزانیّ
گەر
پارچەکان بدا لەیەک
بەدرزی شکان دەنووسریّ
چەندم کوردستان خۆشدەویّ

## هاوین

ئەم گوندە بۆنی هاوینی قوتابخانەکەمی لێ دێ
ئای بۆ چەقاوەسووترین قوتابی
ژوورەکان پڕکا لە هەرا
چاودێرەکان پەیتا پەیتا
بێن و شکاتی لێ بکەن.
قوتابخانەکەم لە مانگی ئابدا
بۆنی گوندەکەمی گرتووە
بەڵام بێ ورە نیم
هاوینی پێست هەڵقرچاوی گوندەکەم
کۆتایی دێ.
قوتابییەکان دەگەڕێنەوە پۆلەکان و
وانەی نوێشی تیا دەخوێنرێ

## تۆپە سوورەکە

– حەزم لەو تۆپە سوورەیە.
– برسیت نییە؟
– ئاخر حەزم لەو تۆپەیە
– مەگەر ئەمڕۆ سەوزە نەخۆین؟
– ئۆف دایە گیان.. سەوزەکە نا
سوورەکەیان

***

پاسەکە دواکەوت/ تۆپەکە خل بووەوە
کابرایەک جگەرەی داگیرساند/ منداڵەکە دوای کەوت
نەفەسێکی شپرزەی لێ دا/شۆفێرێک شێلای
دایکە قیژاندی/ شۆفێرەکە دابەزی.

***

مشتێکی پڕ
پڕێکی وەهای گورچک بڕ
دایکەکەی بێدەنگ کرد و ئۆتۆمبێل پێچی کردەوە
هەموو شت تەواو بوو
جگەرەی کابرا
هێشتا تەواو نەببوو
پاسەکە هێشتا نەگەیشتبوو.

## سێ قەسیدەی باڵ بەستراوی سەربەست

زوقم یەخەی شەقامەکانی شوباتی دادەدڕی
مێژووی شیعر، خەنجەرێکی ژەنگگرتوو بوو
خۆی لە هەسانی کازیوەی بەغدا دەسوو.
سێ قەسیدەی باڵ بەستراوی سەربەست
هەنگاویان نا.
(هەنگاوەکان/ ڕیزێک دەرزیی پۆلایین بوون
لە چوونیاندا.. بەرەو مەرگێکی ون نەبوو
نەخشەی زەوی و ئاسمانیان
بەبەرۆکی خەڵکدا دەدروو)
هەنگاویان نا
پێستی گۆڕەپان گرژ بوو
قاچی سێدارەکان لەرزین
بینەرانی دەوروبەریان/ سام چاندبوونی و
تەنیا بوون
پێڵوویان نەدەترووکان
سووتووی سیغارەکانیان نەدەوەران
سێ قەسیدە بێ شریخە
وەک برووسکەی پەلک سپی
لە هەوری ئەڵقەی پەتەوە
شۆڕبوونەوە بەرەو زەوی
زوقم لەیەخە و ژەنگیان لە خەنجەر کردەوە
بەرەبەیان بوو

خۆر و نمەی بارانێکی خەمناک بارین
بارین.. بارین
خوێنی لێوی جوانێکی سیل گرتوویان
لە (حەیدەرخانە) شتەوە
نوستوویەکی شۆستەکەی
(غەوسی گەیلانی)یان خەبەر کردەوە
قوڕی پەیکەرێکی نوێیان
بۆ (جەواد سەلیم) گرتەوە
فرمێسکەکانی (حسێن مەردان)یان
لە (ئەبونەواس) شتەوە
عەکسی قەمەری گۆمە لیخنەکەی
(گۆران)یان ڕۆشن کردەوە
خۆر و نمەی بارانێکی خەمناک بارین
ئەوانەی (سام) چاندبوونی و لە هاتنیاندا تەنیا بوون
گەڕانەوە و هەریەکەیان ببوو بەچوار.

پێنجەم کۆمەڵە شیعر

# ئێمەیش لە خۆشەویستی دەزانین

بەشێک لە ساڵی ١٩٧٩

## بیره خەو

گالیسکەیەکی دوو ئەسپی
لەسەر شانی هەڵی گرتووی
بەرگەکانت هاوینەن و شەقام شۆڕراوی بارانە.
هەور بۆت بووە بەچەتر
منیش سنەوبەرێکی کەناری ڕێگاکەتم
بەرگەکانی تۆ هاوینەن
دەگەڕێیەوە کۆشکەکەت
بەڵام ئایا..
جێیەک شک دەبەی وەک دڵی من نەرم؟!
جێیەک شک دەبەی وەک ئامێزی من گەرم!!
ئەگەر وابوو
ئەسپەکانی گالیسکەکەت بەردەدەم
چونکە ئەوان دەستی منن.
گالیسکەکەیش بسووتێنە.. دڵی منە
ئێستا زانیت.. لەبەرچییە لێخوڕەکەی
ناڕوانێتە تۆی نازدار و
چاو دەبڕێتە سنەوبەری کەنارەکان؟
گەر بەمەیشیانت نەزانی
بەرگەکانت دادەدڕم..
گەرچی هەموویان هەر شیعرن
بەڵام خاتوون.. با نەمێنن
چونکە هەڵەی بیرەخەوی
شاعیرێکی وەکو منن.

## خۆشەویستی سێگۆشەیە

لەم هەرێمەدا
خۆشەویستی خامە و دەکرێ.. بەدەرپێ
خامە و تەرمی دڵدارانی تێ دەخرێ
خامە و دەسرۆکەی سەرچۆپی
لێ دروست دەکەم.

***

لەم هەرێمەدا
خۆشەویستی گوریسە و ئاژەڵی پێ دەبەستنەوە.
گوریسە و گەردنی شیعری تێ دەخرێ
گوریسە و دیلانێی بۆ دەستگیرانەکەم
لێ دروست دەکەم

## ڕابەر

گەر لێم زویر نەبوویتایە
سەوزیی وشک نەدەبوو
مرۆڤ هەرگیز نەدەمرد
گەر نەبوویتایە
مرۆڤ پەنجە و
خۆر تیشک و
بەهار بارانی نەدەبوو
گەر نەمناسیتایە
.. .. .. .
مەم زین و
سۆفی خودای نەدەناسی
***
ئەی گوڕوتینی تەمەنم
ئەی ڕابەری بەهەشتی سەر زەمینەکەم
من بێ تۆ چیم بکردایە؟!
تۆیەک
گەر گیانمت داگیر نەکردایە
هیچ نیشتمانێک ڕزگار نەدەبوو
تۆیەک
گەر کۆتاییت بەتەنیاییم نەهێنایە
چەوساندنەوە لە زەویدا
هەمیشە بەردەوام دەبوو.

## گمە و کوشتن

پاڵکەوتبوو
گوێی لە گمەی کۆترەکانی ژوورەکەی بوو
خەوی لێکەوت..
ژوورە ساردە بێ ژنەکەی گەرم داهات
لە ناو قوتووی لانەکەدا بوو بە کۆتر
هەستی
بەکرە کری چرنووکی پشیلە کرد
داچڵەکی
گوێی لە ڕیزێک تەقوهوورِ بوو
لووتی پڕ بوو لە بۆن بارووت سنگی تەڕ بوو
هەستی کرد خەوی دێتەوە
بەرەبەیان
کە هەڵنەسا
کۆترەکان هاتنە لایەوە
وەکو جاران
مشتی پڕ نەبوو لە گەنم
چەند قاوغە فیشەکێک لەلای
دەستەکانییەوە ڕژابوون
لەبەر دەنووکی کۆترەکان
وردە (کا) بوون.

## نووزه

که هاتەوە زۆر ماندوو بوو
هەتا ئەم پیاڵەکانی شت.. ئەو نووستبوو
حەزی دەکرد تێر ماچی کا و... دڵی نەهات
دەستی هێنا
بەڕانک و چۆغەی سنگەکا
وتی: قەینا... بۆ سبەی شەو.
بەڵام
سبەی شەو کە هاتن
هێشتا ماچی نەکردبوو
کە بەبەرگی ناو جێگەوە ڕاپێچیان کرد
هێشتا ماچی نەکردبوو
ویستی شیوەنی بۆ بکا و... دڵی نەهات
هەنسکێ چوو هەنسکێ هات
گوێی لە نووزەی گریانێکی گەلێ دوور بوو
کە گوێی شل کرد
ڕانک و چۆغەی
سنگەکە بوو.

## برمە

کە چاوی بەسینییەکە کەوت
جامخانەکەیش وەک ناو دەمی.. ئاوی تێ زا
حەز
ی
لە برمەیەک کرد و کابرا وتی بەپەنجا.
بەگیرفانیا دەستی گێڕا
پەنجاییەکە و یادی هاوسەرەکەی ژینی
بەدەستییەوە هات.. ڕاما
کابرای برمە سەیری کرد ئەم شەرم گرتی
دایە و
برمەکەی لێ وەرگرت
کە چووەوە وتی: بێ تۆ
برمەیەکم زەهر کرد و پەشیمانم
بەڵام قەینا
سبەی کە معاشم وەرگرت
کیلۆیەکت بۆ دەکڕم
***
سبەی کە معاشی وەرگرت
هەر لە کارگەوە بردییان
ئەفسەرەکە لە زمانی
برمە و حەزی نەدەزانی
هاوسەرەکەی پاش هەفتەیەک چاوەڕوانی
شەوێک دەرگاکەی کردەوە.. لە جێی برمە..
لە جنفاسێکی زەردباوا
باڵاکەی ئەویان بۆ هانی

## بۆ تۆ و هەموو تۆکان

کە تۆم خۆشویست
دار فێر نەببوو گوڵ بگرێ
دەریایش ماسی.
کە تۆم خۆشویست
هەور گریە و
مرۆڤ خەندەی نەدەناسی

تۆ

تۆ

تۆ

نەمتوانی هیچ بڵێم بۆ تۆ

ببمە بالاگەردانی تۆ.

دڵشاد محەمەد ئەمین

سلێمانی - سانەوی سەرچنار

١٩٧٩/١٢/٣١

* ئەو بەشــەی (ســەمــفـۆنیـای وەنـەوشـە)ی ناوە، ســاڵی ١٩٧٨ ڕۆشنبـیـری جەمـاوەر لە سلێمانی و لە هۆڵی سـانەوی کوردستانی کچان (٢٩) پارچەی لێ کرد بە پیشـانگەیەکی تایبەتی، ئەو پیشـانگەیە کە یەکەم پیشـانگەیەکی شـیـعـری بوو لە کـوردسـتـانی عیـراقـدا بکرێ بە خـەتی هونەرمـەند کـاک شـەهاب عـوسـمـان نووسـرابووەوە و هاوڕێم شـیـرین ک. سـیـازدە تـابلۆی بەپێی ناوەڕۆکی شیعرەکانی بۆ نەخشاندبوو.
* پیـشـانگەکـە و هەمـوو شـیـعـرەکانی دی، لـەلایەن شـاعیـرەوە کـرابوون بە عەرەبی و ئومێد وایە بەجیا چاپ بکرێن.
* چەند پارچەیەکی بەزمانی عەرەبی لە کۆڕێکی شیعری لە وەرزی ڕۆشنبیری یەکێتی ئەدیبانی عیراق لەلایەن شاعیرەوە ساڵی ١٩٧٧ خوێندرانەوە.
* خەتی ناونیشـانی سێ بەشەکە مامۆستا کەمال میرزا غەفوور نووسیوێتی و خەتی نووسینەوەی شیعرەکان هی شاعیر خۆیەتی.
* وەرگرتن و مۆنتاژی بەرگ، ئامادەکراوی شاعیرە.

شەشەم کۆمەڵە شیعر

# پەلکەزێڕینەش نامۆ مەکەن

چاپی یەکەمی: ١٩٩٨
وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی کوردستان - سلێمانی

پێشکێشە
بەو مرۆڤە هۆشیارانەی خاوەنی دۆستی
ناهۆشیارن

د. م

# پەلکە زێڕینەش نامۆ مەکەن

**پێشەکی**

دەست و پەنجەکانت نەڕزێ
وەک خاتوونێ.. دەست درێژکە
ماچێکی نەرمە تیشکی
هەڵقوڵاوی پەنجەکانتم.. پێ ببەخشە
با ڕوخسەتی سەمایەکت
لێ بخوازم
تا لە ناو هاوڕێکانمدا
بەهاوڕێیەتیت
بنازم.

## پەلکە زێڕینەش نامۆ دەبێ

**یەکەم**

تیشکێ
تۆ دەتزانی
پەلکەزێڕینەش نامۆ و بێدار دەبێ
تۆ دەتزانی
دەشت و چیا
هاوڕێیەتی دەفامن و
شەقام و کۆڵانیش، دڵدار دەبێ
تۆ دەتزانی
ڕێگاش بەپێچ و بەرد و درەختی
کەنارییەوە
هۆگری ڕێبوار دەبێ.
بۆیە دەبوویتە
پەلکەزێڕینە و
بریندار دەبووی

***

تۆش دڵداری
لەگەڵ ناخ و دیوی دەری
هەموو بووەکانمان دەکەی
تۆش شەنە برژانگی نیگات
لە خەرمانی حەزمان دەدەی
تۆش شانە هەنگوینی دەستکەوت

بۆ هەنگی کارگەکان دەبەی
تۆش وەکو من
گۆرانی بۆ کوڕ و کیژی
دەستلەملانی، جێژووان دەڵێی
تۆش وەکو من
بەرەو چاوی عیشقی پیرۆز
هەنگاو دەنێی
***
ئەی تیشکە بریندارەکە
ئاوا نابم.. ئاوا مەبە
گۆرانی
باڵی خۆی هەیە و
نمە بارانی پایزەش
تەڕی دەکا
سەما
لق و پۆپی هەیە و
کلووە بەفری زستانەشی
لەسەر دەڕوێ
گریان
کەزییەی خۆی هەیە و
شنە بای وەشتی بەهاران
بۆی دادێنێ
خەندە
ساباتی خۆی هەیە و
شیعر دێت و هاوینان لە ژێریا

دەنوێ
نیشتمان
هەنگی خۆی هەیە و
بەهەنگوین دزەوە، دەدا
گەرچی دەیشزانێ
دەمرێ
***
دوای کازیوەی خەونەکانم
تیشکی برینداریت و
من ڕازیم پێت
با تیشکێکی بریندار بی و
ئاوا نەبی
چونکە بێ تۆ:
بەفر لەسەر گیای سەر سنگ و سەروسیمام
دەبارێت و ناچێتەوە
چونکە بێ تۆ
ڕەشەبا لە بن نینۆکی پەنجەکانم
دەزێ و دەژی و گەورە دەبێ
ئەی تیشکە برینداره‌کە
خۆشمان دەوێی.. ئاوا مەبە
گیانی من بێ تۆ:
داری بێ گەڵا و
خوشکی بێ برا و
زەوی بێ گیایە
لێوی من بێ گۆرانی تۆ

هوزاری بێ دەنووک و
کۆتری بێ باڵ و
سۆفی بێ خوایە
رازیم پێت و ئاوا مەبە
چونکە بێ تۆ:
بالام هێشووی خەم دەگرێ
بالایشتم لێ نزیک نییە
پەل و لاسک و لقەکانم
خۆی پێ بگرێ
***
دەست و پەنجەکانت نەڕزێ
ئەم گوڵە مێخەکەم بۆ بدە
لە ڕەزی قژە خاوەکەی
ئەم شیعرەم بۆ بپرژێنە
لە گەردنە هەتاوەکەی
ئەم شیفۆنی سۆزەم بکە
بەپەردەی سەر کەژاوەکەی
دەست و پەنجەکانت
نەڕزێ
چەندە ناسک و نەرم و نیانن
کە باڵەفڕەی ئاشتییە!
چەندە بەهێز و پڕ وزەی گیانن
کە بەستەڵەکی
هەقە وەسێنی
دۆستی دۆستییە!
من لە بەردەم کەژاوەکەی

گلام و
چاوی پڕ نازی
شیرینەکەی
خۆمم
نەدی.
دەست و پەنجەکانت نەڕزێ
بەو قەڵەمەی تیشکی دەستت
لەسەر چیاکان بنووسە:
تا- سەگی هەوشار ڕاو نەکەی
ناگەیتە لای
شەمی رازاوەی ژێر دەوار
تا- لە ڕێی قەتاری شیرین
هەموو عەمرت، بەبا نەدەی
ناگەیتە لای کەژاوەکەی
چاو- ناڕێژی
بەدیدەنی
پەلکەزێڕینەی
باڵا لاوەکەی
***
کێ دەڵێ: چیا دڵی نییە!
کێ دەڵێ: چیا سنگی گەرم نییە!
کێ دەڵێ: بەیتی دڵداریی
دێهاتییەکانی بیر نییە!
کێ دەڵێ: ئەو پیر دەبێت و
عیشقی لە بیر دەچێتەوە!
من خۆم

پیرەمەگروونم دی
کۆڕەکم دی
قەندیلم دی
بووکی بەفریان لە ئامێز ناو
هێندەیان ماچ کرد و گووشی
هێندە چیرۆکی
عیشق و سووتانیان بۆ گێڕانەوە
هەتاوەکو توانەوە
هەتاوەکو بوونە رووبار
من خۆم دەمدی
من خۆم دەمبیست
گەرای ماسیی نوێیان دەبرد
بۆ ئەو گوندەی
خراوەتە ئەودیو دیواری
سەدەی بیست
***
کاتێک بەرەو هەوار دەچی و
لە زمانی باران دەگەی
تیژڕەو دەبی
خەم.. جارێ تر
بەتۆزی پێی ئەسپەکەتدا
ناگاتەوە
قەڵبەزەی جۆگە خوڕەکانی ڕێ
لاسایی چوستیی
سواری پێکەی تۆ
دەکاتەوە

داركاژی كەنار ڕێگاكان
كڕنووش دەبەن
بۆ باڵی هەڵچوو
كڵافەی كلكی
ئەسپە سپییەكەت
دەگەیتە كەنار چیاكە
كۆشكە زەوتكراوەكەت
لە لووتكەیە
تاڤگەیەكی
چوڕی سپیت
سەر بەرەوژوور
بەرەو لووتكە
هەڵدەقوڵێت
تاوێرە بەرد
لێت دەدات و
دەگلێیە خوار
بەرەو بەندەن
بەڵام
تۆ پشتی ئەسپ و
لۆقی ئەسپت پشتی زەوی بەرنادەن
دەبیتەوە:
تاڤگە چوڕە سپییەكە
هەڵدەقوڵێتەوە
سەرلەنوێ
بەرەو لووتكە

مارت ١٩٨٠

## پەلکە زێڕینەش نامۆ دەکەن

**دووەم**

خاتوونێکی تەنیا
وا لە گیانما
دڵی کردووم بە ئاوێنە و
خەونەکانم بەشانە
سەدان ساڵە چاوەڕوانە:
کابرای پۆستە
نامەیەکی بۆ بهێنێ
لە دراوسێکانم وایە
ئەم خاتوونە تەنیایە
بەبێهوودە چاوەڕێیە و
هەرگیز نامەی بۆ نایە!
نامەکە لای کابرای پۆست–ە
بەڵام گیانم
بەبێ ئاڵا و ناونیشانە
خاتوونێکی تەنیای تیایە
دڵی کردووم بە ئاوێنە و
خەونەکانم بە شانە

***

خاتوونێکی تەنیا
وا لە کۆشکی شیعرەکانما
کراسە ئاودامانەکەی

بینابیمە
هیوای کردووم بە فەقیانە
بەسۆزم چاوی ڕشتووە
هەناسەی کردووم
بەمێخەکبەند و ریحانە
بەڕاڕەوی کۆشکەکەدا
دێت و دەچێ
جار نەجارە، دڵم لە کەمەری
دەخشێ
لە دراوسێکانم وایە:
ئەم خاتوونە تەنیایە
بەبێهوودە چاوەڕێیە و
سوارەکەی ناگەڕێتەوە
سوارەکە.. نا
بەڵام ئەسپەکەی دێتەوە
لاوێکی خوێن گەرمی تر
سەرلەنوێ هەڵدەگرێتەوە
رانک و چۆغەی زەردەخەنە
دەکا بە بەر دێڕەکانما
سەربەخۆ..
خۆی دەکاتەوە بە ویژدانما
بۆ لای ئەو خانمە تەنیایەی
وا لە کۆشکی شیعرەکانما
***
ئەم خاتوونە:

ئەسپی گەواڵە هەورێکی قەنەووزی
بۆ سەفەرەکەی خواستووە
لە شاعیرێک
کە وەکو خۆی تەنیایە
ئەم خاتوونە:
تۆوی کچۆڵەیەکی چاوڕەشی
لە داوێنایە
توێشووی سەفەری:
بۆنی هەناسەی دارگوێز و
قاسپەی.. چیایە
لە ناوەند جەنگەڵێک گورگا
بۆ مەزاری
کانییەکی زیندوو، وێڵە
خەڵکی دەڵێن: گورگ دەیخوا
بەڵام: نا
دەگاتە کانییەکە و
خۆی لێ دەشوا
کچۆڵەکەش
وەک چەپکێک کام
لە داوێنی دێتە خوارێ و
تێکەڵ دەریای ژیان دەبێ
باران:
بۆی دەبێ بە قومات
نێرگز:
دەبێ بە گوارەی و

خۆر:
بۆی دەبێ بە جۆلانە
پەلکەزێڕینە:
قوربانی دەبێ و
خۆی بۆ دەکا بە، پاوانە
هەی باران بارانە
باران.. بارانە
شاعیر، ئەسپەکەی،
دەکا بە باربووی
ئەم کیژە جوانە

نیسانی ١٩٨٠

## ئینسان

ئینسان
ژانی ئینسان
له سلاک بوون و سوێدا
له دروستکردنی نەوەی نوێدا
جیاوازییان
جیاوازی نێوان:
خەمی ڕەش و خەمی سپییە
ئاهورامەزدانی ئاهەنگ و ئەهریمەنی کپییە
ئینسان
مەزنی بۆ ئینسان
***
ئینسان
له ئەندێشەیدا:
هەژین
له قووڵبوونەوەیدا
هونەر
له تێکەڵبوونیدا:
ژان
ژانی ئینسانی بنیاتنەر
ئینسان
پیرۆزی بۆ ئینسان
***
ئینسان

له منداڵیشدا
که دەمرێ
خەم.. خەمی ئینسانە
کوژاندنەوەی ئینسانە
کۆچی ئینسانە
ئینسان
ئەمری بۆ ئینسان
***
ئینسان
ئەو ئاسنەی دەچەقێتە گیانی،
هەنسکە بڕییەتی
ئەو نەخۆشییەی لاوازی دەکا،
زەردووییەتی
ئەو پەتەی دەچێتە گەردنی
دەخنکێ
تەنانەت مەرگ
له بەردەمی ئینساندا
چاو دادەخا و
چۆک دادەدا
***
ئینسان
مەزنی و پیرۆزی و زیندەگانییە
ئینسان
ئاشتی و ئاسوودەیی و شارستانییە
ئینسان
هەموو شتێکی ئینسانییە

١٩٧٩-٢-٢١

## دوو نامەی تێکەڵاو
## بۆ دەستگیرانەکەم و دیمترۆف

ئەی خۆشەویست:
من کوشتەی رەنگی چاوتم
من شەیدای جوانیی ناوتم
خۆشم دەوێی
حەزم لێتە
مەڵێ دڵدارەکەم
شێتە
ئاگادار بە:
هاتوون رەنگی چاوت بدزن
هاتوون دەنگی ناوت بدزن
هاتوون هەناسەت دەبڕێرن
نامەکانت
وێنەکانت
دیارییەکانت
گشت دەبڕێرن
دەیانەوێ.
لە دارمان دەن
ئازارمان دەن
هەڵمان واسن
هاتوون
بۆ دێراوی مێشکمان

بیدەنە بەر شفرەی بەراز
لەجێی گاسن
هاتوون
نەخشەی خۆشەویستی
بەدیواری ئاغاکاندا
هەڵبواسن
***
هاتوون
بەناوی تۆ ویستنەوە
بەناوی تۆ خواستنەوە
بمدەن لە دار
کە گوایە من
منی دڵدار
کەسێکم
شێت و تاوانبار
حەزم لە چاوت کردووە
حەزم لە ناوت کردووە
بێ پسووڵەم
بۆ لای قازی و پاپا نەچووم
پسووڵەم وەرنەگرتووە
دەڵێن:
تۆ بێ ئەمری سەردار
چۆن سەربەخۆ.. بووی بەدڵدار؟؟!
بەڵام ئەی جوان
من بە ئەمری، ئازاری شار
من بە ئەمری، ملیۆنەها

زامی رزیوی بێ تیمار
بووم بەدڵدار
بە بەگ بڵێن
دڵدارێکی بەرەڵا نیم
ئەو ناماقووڵی کردووە
دڵدارێکم، ناسنامەی خۆم
لە تەرمی هەموو شۆستەکان
وەرگرتووە
دڵدارێکم، پسووڵەی خۆم
لە منداڵی شەهیدەکان
وەرگرتووە
دڵدارێکم، فەرمانی خۆم
لە مرۆ.. ئێسکینەکانی ناو کارگەکان
وەرگرتووە
من بە ئەمری،
کۆستکەوتووەکانی
دێهات و شار
بووم بە دڵدار
من بە ئەمری،
لێوە شەقارە وشکەکان
دەمە کراوە برسییەکان
من بە ئەمری،
لانەوازی ئەمرۆی ئینسان
بوومە دڵداری تۆ
ئەی جوان
***

دەست بۆ پەتی سێدارەکان
درێژ مەکەن
من بە کوشتن ناترسێنن
نامبەزێنن
من لەم ژینەم هەراسانم
بۆ گۆڕینی ئەم ژیانە
بۆ چاری ئەم گوزەرانە
پەتی سێدارە ئاسانە
مردن
هەر زۆر زۆر
هەرزانە
***
ئەی خۆشەویست
بەرگی کوردیم بۆ هێناوی
بەکوێرایی چاوی ئاغا و
بەگ و
سەردار
بەکوێرایی جنسی کەمتیار
وەرە بەرەختە و چەکەوە
لە تەکمەوە
لە سەنگەرێکدا
بسرەوە
وەلێ، هەرگیز بیرت نەچێ
لەوبەر سەنگەرەکانەوەن
لێرەن هاتوون

بۆ دزینی:
رەنگ و دەنگی
چاو و ناومان
بەڵام نا، پێمان ناوێرن
رەنگە هەرچییەکمان هەیە بیبژێرن
رەنگە بتوانن بوێرن
بەڵام هەرگیز بۆیان ناکرێ
وزەی فیشەکمان ببژێرن
دڵداریمان لێ بگۆڕن.

١٩٧٣/٦/١٨

## سەنگەری سێ: دووەمە

بۆ مرۆڤ
بۆ خاک
بۆ ئەو سروشتەی
هەموو جوانییەک تیایدا پێشێلی ستەمە
ئەمە گۆرانییەکەمە

١

ئەوی خەم نەکڕێ
دەیفرۆشێ و بنکەی هەیە
ئەوی نەیفرۆشێ
دەیکڕێ و بنکەی هەیە
هەرچی ویستی
ناونیشانەکەم بزانێ و
بنکەم کوێیە؟
من بۆشایی
نێوانی دەستی کڕیار و فرۆشەرم
من تارمایی
نێوان بنکەی هەردوو بەرم
بەهەردوو حاڵ
چ کڕین بێ و چ فرۆشتن
گومرگ دێتە سەرشانی من

٢

بێ باکانە:

تەنکی و ئەستووری کتێبیان

دابوو لە دار

وەک جگەرە

کڵپەی ئاوێستا و زەردەشتیان

خستبووە زار

ئاواتەکانی مرۆڤی ئەم خاکەیان

نابووە ناو

هەیت و هووتێکی بێشومار

هەرچی هەبوو

هەرچی نەبوو

بەمەکینە قیمەکێشە تەورداسە کەڵبەکانیان

دادەکرۆژ

لە وشەی باق و بریقدا

پەنجەرەی دڵی خەڵکیان

دەبرد بۆ رۆژ

خەو ئاسان بوو

خەو نوقوڵ بوو

تێر مژییان

وتار خەو بوو

چیرۆک خەو بوو

شیعر خەو بوو

خەو بنشێت بوو

تێر تێر جوویان
بیجوون.. بیجوون
هەتا لە بواری (مارت)دا
درۆی یەکی (نیسان)
دەرچوون

٣

دەنگدارەکان
هەرچی شتێک
کە فەرمووتان
شاعیرەکان
هەرچی شیعرێک
کە داتان-نا-
جڕت نازانم، نا
دەنا

٤

بۆرژوواکان، دانی پیانێن
هەرچی هەستێک لە خەوەکان
پەیدا بووە
زۆڵ دەرچووە
لە باوێشکدا
وڵاخ و سوار
بزر بووە
دانی پیانێن

ناڵەی زام و
گرمەی فەرمان
یەک ئاوازی وەرگرتووە

٥

ئەی کوردستان
هەرچی شیعرێکیان وت بۆ تۆ
دەمدا بە خەپلەیەکی جۆ
بۆ منداڵێکی راکردووی
برسی و ڕووتی
گردەکەی ئەوبەر بەکرەجۆ
...... بەهیچ نەچوو
کام شیعرەیان
پڕ بوو لەوشەی،
باروت و خوێن و ئاگر
دەمدا بە تەنیا یەک چادر
بۆ خێزانێکی هەڵهاتووی
ژێر تۆف و باران و تەرزەی:
گەورەی (قادیر)
........ بەهیچ نەچوو
هەرچییەکیان
هۆنییەوە:
بۆ ئەیلوول و بابەگوڕگوڕ و حوزەیران
دەمدا بە تۆزقاڵێک ویژدان
بۆ دڵی ئەو ئاغایانەی

نۆتەی کەرکووک و شەنگاریان
نایە گیرفان
......... بەهیچ نەچوو
هەرچی هەواڵێکیان زانی و
کردیانە مۆدێلی ئان-ی
بۆ ئاراگۆن و دەروێش و نازم حیکمەت و کەنەفانی
دەمدا بە تۆزێک هەرزانی
لای بازرگانە مل حیزە پۆشتەکانی سلێمانی
..... بەهیچ نەچوو

٦

دەڵێن
ساڵ چوار وەزری جۆربەجۆرە
تەمەنمان ساڵەهایە و هێشتا
لە هیچیاندا.. نەژیاوین
شۆڕشگێڕەکانی (بەڕوو)
کەڵەشێرەکانی (گەروو)
پیاوە باشە (کتێبییەکان)
دەزانن بۆ ریسەکەتان خوری دەرچوو
چونکە (پل)تان (تەشی)ی نەبوو

٧

لانەوازێک لەسەر پردەکەی بەغدا
دەگریا و دەگریا:
بۆ ئەو ئاوەی ناتوانێ مەلەی تیادا بکا

ئاوەکەش دەگریا
بۆ ئەو لانەوازەی ناتوانێ لێی بخواتەوە
پردەکەش،
گاڵتەی بەگریانی هەردووکیان دەکرد
لە خاکی خۆمدام و لە شاری خۆمدام
لە گەڕەک و ماڵی خۆمدام
لە ناو کەسوکاری خۆمدام
هێشتا
غەریب خۆم دەبینم
هێشتا
لانەوازی دەستی ناوەتە بینم

٨

کتێبی
هەموو زەردەخەنەکانتم خوێندەوە و
گریام
دەفتەری
گریانەکانم بخوێننەوە و
تۆزێک پێ بکەنن
فەرموون لە خەوی زڕاوی سبەینێاندا
مەلە بکەن
فەرموون لە مەرگی ناکامی هەژاراندا
مەلە بکەن
فەرموون لە زیرەی ناکاوی ساوایاندا
مەلە بکەن

فەرموون لە سینەی خوێناوی دەستگیراندا
مەلە بکەن
من ئەلف و بێی
هەموو زامەکانتم لەبەرکرد و
خوێندەواریم بیر چووەوە
فەرموون
بەفوارەی خوێنی خۆشەویستان
وسڵ دەرکەن
فەرموون
تیپی برینی منداڵانمان
بکوژێننەوە
فەرموون
نووکی ئووچەکانتان،
بەتەڕاییی چاوی نازداران
تەڕ بکەن
فەرموون
سووتووی خانووەکانی قەڵادزە و
گۆشتی سووتاو، بۆ خوانی ئاغاکان
سەرخەن

٩

ئاغاکان
لە چادرەکانی خۆیاندا
لە هەموو سەگە هەوشارەکان
دڕترن

لەودیو چادرەکانیشەوە
ڕێوییەک راویان دەکا
فەرموون.. فەرموون
لە بڕاندنەوەی ئادەمیزادی ئەم خاکەدا
پەلە بکەن
گیانی خەڵکی
وەک لایتی
دەستی خوێڕی
بکوژێننەوە

١٠

هەموو تراس فۆرمەنەکان
هێندەی دڵی ئێمە کارەبایان تیادا نییە
لە تاریکستاندا دەژین!!!
ژانەکانم
دێنە سەر ژان
لێو دەنێن بەگیانمەوە و دەمخۆنەوە
خەمەکانم
دێنە سەر خەم
دەم دەنێن بە ناخمەوە و دەمخۆنەوە
لە ڕۆژێکدا:
هەزار جار، دەمرم و
هەزار و یەک جار، زیندوو دەبمەوە
تا ئەنجامی هاوکێشەکەم،
زیندووبوونەوە بێ

من بۆ ژیان دەترسم، نەک لە مەرگ
خۆشەویستان
ترسەکانم لە مەرگ نییە و بۆ ژیانە
وەلێ، تاکە دەستگیرانێکی
لێم نزیک و
تیامدا خەوتوو
تەنیا ژانە

١١

چاوانی دەستگیرانەکەمیان کرد،
بەدوو فیشەک
وام زانی دەینێن بە..
کەچی نایان
بەهەردوو چاوی خۆمەوە
غەریبی،
زیندە سەگێکە
دڵم دەخوا و دەری ناکەم
دڵم،
پلێ گۆشتە
جگەرم دەخوا و لۆمەی ناکەم
جگەرم،
گەنجینەی خڕۆکەی خوێنی خۆمە و
دزیم لێ دەکا
لەوسەرەوە
کە دێمەوە

پەنا بۆ سەگ دەبەمەوە
برینم دەلێسمەوە

١٢

چ عەنتەرێک
وتی: شاعیر دەبێ تەنیا پێبکەنێ؟
چ فەیلەسووفێکی دنیا
نەخشەی بۆ دڵی من دانا؟
چ پسپۆڕ و ڕەخنەگرێک
وتی و وتی:.... دەبێ... وابێ
بابێ
لە ئەندێشە و ژانی
ئەم شاعیرە (بەڕەڵا)یە
ساتێ
بنوێ!
کە بە هۆشیاری ناتوانێ و
بەرگە ناگرێ
بابێ
تەنیا ساتێک بنوێ
هیچم ناوێ
ئەگەر ناوی خۆی پێ نووسرا
با رەجمم کا!

١٣

کوێرەکانی ئەم وڵاتە
ڕێیان نیشانی چاوساغ دا

ئەمانیشیان، نابینا کرد
لە کاتێکدا
دەمی تەور، شیعر دەنووسێ
لە ساتێکدا:
ژان لە تاو ژان، دەنگی دەنووسێ
کلیلی کابە دەدرێتە
دەست مەجووسێ

١٤

چیم لێ دەکەن
بەدوای مەرگی خۆمدا وێڵم
خەمەکانم
چەقۆیان گرت و لە چاوی خۆم
هەڵچەقین
زامەکانم
خەنجەریان گرت و لە دڵی خۆم
هەڵچەقین
(حەسەن، نەریمان، ئازاد،
لەیلا و جەواد)
پێنج گوڵەکەی شەوی ئایار
کە ئینجانە بێ بنەکەی شاری بەغدا
نیشانی دان
بوونە خۆراکی
دڵسۆزی و پاکی و نەفامێتی خۆیان
ئەی دایکانی پێنج گوڵەکەم

خەفەت مەخۆن
شاعیرە زرتەبۆزەکان
بۆتان دەکەن
بە کەرەسەی شیعرەکانیان!

١٥
سوڵتانی کێڵگەی ئەم خاکە
حەزی لە زمانە بچکۆلەکەی پاسارییە
خەڵکانی وڵاتەکەم، پاساری بوون
بەرەو کێڵگەی سوڵتان دەچوون
بوومە داهۆڵ تا ڕاویان نێم
بەرەو ئاسمانی فراوان
کەچی ئەنجام
لە بێستانەکەی سوڵتاندا هەر نیشتنەوە
خۆزگە پاساری دەیزانی، بەنانەوە
ڕۆژێک زمانی دەچێتە فەخفوورییەکەی
سوڵتانەوە

١٦
ئەسرینەکانم
نووسینەکانی بەردەستیان
کاڵ کردمەوە
خەمەکانیان، تۆخ کردمەوە
بۆنی گەردنی
هەموو جوانە خوێن گەرمەکانی،
لە ناو دڵدا خۆشەویستم

بەگرێی ئەڵقەدراوی گوریسەکاندا
هەڵواسرا
عەتری هەناسەی
هەموو ئەو مرۆڤانەی
پیرۆزییان دەپەرستم
لە داوی شەتەکدراوی سێدارەکان
بەجێما

١٧

مەداری (هات و چۆ)کانی من و زەوی
ڕێکوپێکە
زەوی بە دەوری خۆردایە
بەدەوری منیش دا .. پێکە
زەوی بە خوێن سەرخۆش نابێ
منیش بەمەی سەرخۆش نابم
کە ئەو بیست و چواری نیسان
سەرخۆش نەبێ
من بە قوربانییەکانی دەوری ئایار
سەرخۆش نابم
نێزەکانتان
لە گلێنەی چاوانمان
بچەقێنن
نێزەبەدەستانی ئاغا
شتێک هەیە با بیزانین:
ئەو چاوانەی دەرتان هێنان
بۆ کلۆڵیتان دەگریان!

١٨

نازدارەکان
خۆ بگۆڕن و شایی بکەن
خەنە بەندانە دەستوپێ
لە (هەڵەبجە) خەناوی بکەن
سەرچۆپی کێشی ئەمجارەی
(دووەم) جارە
قوتابییە خوێن گەرمەکانن
لە قوتابخانەکەی (تیجارە)

١٩

نەشمیلەکەم
فرسەتی گریانت نەبوو
چاو لێک بنێ و تێر تێر بنوو
لۆمەم مەکە، کە لە دوای تۆ
بەکوڵ دەگریم
تەڵەزمی ئەو نارنجۆکەی
لە سنگتا دیم
ناسیمەوە
هی کارگەیەک بوو دانرا
بووکەشووشەت بۆ دروست بکا!

٢٠

لە جیابوونەوەی ڕووباردا
ئەنجام دروستبوونی (خەتە)

خاک ئەم دەمژێ و ئەم خاک دەمژێ
بۆ (بێ وڵەتی) ئەنجامەکەی (هەتا ئێرە)
تەنیا سەرکەوتنی (پەتە)
پۆلیس: پۆلیس
دۆنکی: دۆنکی
سەرداب: سەرداب
پەت هەر پەتە
لە تاو (کەتە)
لەم خاکەدا
گڕوگاڵیش هەر سەقەتە
سەقەت سەقەتە

ئایاری ١٩٧٤

# شووشە خان

* پێشکێشە بەو ماسییانەی فێری چەمی کوێستانن و بەرەو دەریای لمیان دەبەن.
* پێشکێشە بەو خاتوونەی ماسی هەموو حەزەکانمی لە چاوانیدا گلدایەوە و خۆشەویستی ئەو بۆ ژیانم بووە شووشەیەک ئیسپرتۆ: هەرچەندێکی لێ دەخۆمەوە، نە من پڕ دەبم و نە ئەو بەتاڵ دەبێ.

خۆشەویستیت:
دەریایەکە و
ئەو ماسییانەم خۆش دەوێن
کەوا لە بناریا
دەژین.
خۆشەویستیت: ڕووبارێکە و
ئەو پاسارییانەم خۆش دەوێن
کەوا لە کەناریا
دەژین.
خۆشەویستیت:
کانییەکی ئیسپرتۆیە و
منیش سنەوبەرێکی گڕ
پێم گرتووە و بەرەو ڕووت دێم
شووشەخان تۆیش
وەکو نازێ
بڕژێ بەسەر گیانی ئۆقرە لێ براوما.
شووشەخان تۆیش

وەکو ژانێ
مەتکێ بەناو ناخی بەحەز ئاخنراوما .
(دەنگ:
شووشە خۆشەویستییە
خۆشەویستی ئیسپرتۆیە
ئیسپرتۆ ماسییە و
ماسی خەمە و
بەرەو دەریای لمی دەبەن)
خەم پێ دەگرێ
وەکو ساوای دڵ بێ کینە
خەم پێ دەگرێ
لەبەر تاڤگەی
پڕ لەژانی چاوەکانما
ورک دەگرێ:
- بابە گیان بمبە لەگەڵ خۆت
- کچە شیرینەکەم مەیە
ڕوحە شیرینەکەم مەیە
خێڵی کوێستان بەرەو خوارە و
ئەم ڕێگایە
پڕ لە ژان و ئەندێشەیە
باوانەکەی بابە، مەیە.
- بابە گیان چۆن جێم دەهێڵی!
خۆ من لە گورگیش ناترسم
ئەی بۆ نامبەی؟!
بابە گیان بمکەرە کۆڵت.

- باشە گیانە شیرینەکەم دەتگرمە کۆڵ
وەکو خەمی هەموو دنیام گرتووەتە کۆڵ
دەتگرمە کۆڵ
بەڵام باوان:
توند دەست بگرە بەسەرمەوە
هەتا کاتێک کە تیغ سەری لێ کردمەوە
تۆپی سەرم
لە باوەشی نەرمتا بێ
نەک تۆڕی دۆڕاندنی خەڵک.
(دەنگ:
کۆچی کاروان: کۆچی خێرە
بەڵام هەوار سەرەوژێرە)
- بابە گیان خێڵ بەرەوخوارە
بەڵام من حەز لە بەفری سەرچیا دەکەم!
- رۆڵە نەموت: هەوارە و خێڵ بەرەوخوارە؟
نەموت؟ نەموت؟
- بابە خۆ تۆ بابەی خۆمی
بۆ زیز دەبی و دەمرەنجێنی؟!
خۆ تۆ لای خۆت خۆشتویستم
دەسرازەکەمت کردەوە!
- باوانەکەم (سەرمایە)م تۆی
دڵم پڕە
دەنا گشت کات خۆشم دەوێی
کچە جوان و شیرینەکەم
تۆ ڕووبارێکی ئیسپرتۆی

زامەکانم لە چاوتا
وەک گوڵەمێخەکی تینوو مەلە دەکەن
بەڵام چی بکەم
من بە تەنیا چیم لەدەست دێ
ئەم دڵەی من کۆترێکی لانەوازە
دڵدارە بۆ گێتی تازە
- بابە گەرچی پەنجەکانم نەرم و وردن
بەڵام دڵنیام کە بەرگەی
قوڵپی خوێنی سەرت دەگرن.
(دەنگ:
دووانن.. دووانن
هاتوون.. بەدوای خەمدا وێڵن
غەریبی خۆیان دەکێڵن)
- بابە گیان تۆ گوێت لە دەنگە؟
- بەڵێ رۆڵەکەم
ئەم جیهانە سنەوبەری گڕی زۆرە
پەیتا پەیتا وەک من و تۆ
هەنگاو دەنێن
بەرەو کانیاوی ئیسپرتۆ.
- بابە گیان ئەی بۆ دەیانوت:
کاربۆن زیندەی لێ پێکنایە؟؟!!
- نا.. کەسەکەم
فیزیای خۆشەویستی جیایە:
ئاو لە کاربۆن دەزێتەوە
کاربۆن زیندوو دەبێتەوە

ئەوسا دەبینی
(بێدەنگی) زەڕەیەک (سرووە)
ناسڕێ
ئەوسا دەزانی
کە (تەور) نە (ئاگر) و نە (ئاو)
نابڕێ
بەڵام هەتا ئەودەمە دێ
توند دەست بگرە بەسەرمەوە
هەتا کاتێک کە تیغ سەری لێ کردمەوە
تۆپی سەرم لە باوەشی نەرمتا بێ
نەک تۆڕی دۆڕاندنی خەڵک

٢٨ی دیسەمبەری ١٩٧٥

## بن بە تیشک

–لەمدیو دیواری مەرگەوە–
ڕۆڵە
تۆ نەمامێکی گوڵ دەگری
ئاگادار بە
نەمام هەیە نووکی نێزەی لێ دەبەسترێ
بەڵام نەکەی لێی بترسی.
ڕۆڵە
چاوەکانم دەردەهێنن
گوێزان دەخەنە ناو گەرووم
مەترسە تیشک نافەوتێ
دەنگ ناخنکێ
ئەوەتا من،
بێدەنگ نەبووم.

***

–لەودیو دیواری مەرگەوە–
ڕاستە گیانە تیشک نافەوتێ
بەڵام لێرە،
دەنگ دەخنکێ
لە ئاسیای سوور
هێشتا شەوە
شەو برژانگ دەبێتە ڕەوەیەک ئەسپی سەرکێش و
بیلبیلەکان،

دەفرێن
بۆ وڵاتی خەنەبەندان.
ئێستا لێرە دڵدارەکان
بوون بە تیشک تا نەفەوتێن
تەنیا بەچاو سروود دەڵێن.
***
-دیوار ڕووخا-
بڕن بەتیشک بۆ ئاسیای سوور
خۆشم دەوێن و شەو دەرنگە
شەوەزەنگە
گوێزان تیایدا باڵدەگرێ و
گەردنی نەونەمامە گوڵگرتووەکان دەبڕێتەوە و
گوڵ دەسـ...
وس س س
کەس دەنگ نەکا
خوای ڕەش و شەیتانی سپی
پێکەوە مەقامێک دەڵێن:
-(سورمێ) لە (خورشید) دابڕن
بیدەنە ئەمیر لاوێ دەورەتی
لە ئەمیر لاوێ دەورەتی گەڕێن
باسورمێ لۆ -وی-بێ و
خورشیدی چاو بەخار کۆستی کەوتبـێ و
جەرگی سۆتبـێ.
+ دەنگی خورشید:
لە چیای (هێستوون) چ کاکێ؟

دەڕواتە دووی وراغەکەی خاتوو سورمێ
تا هوشیار بێ و هەڵنەدێرێ؟؟؟
– دەنگی خەج:
لەسەر چیای (سیپان)ێ چ خاتوونێ؟
کەزییەکانی خۆی دەبڕێ و
دەیخاتە سەر کەزییەی خەجێ
تا سیامەند ڕزگار ببێ؟؟؟
***
ئەی خۆشەویستی بێ سنوور
لە ئاسیای سوور
دڵدارانی کاروانەهای وەنەوشەیی
بۆ وڵاتی خەنەبەندان
دەبن بەتیشکی سپی
هێشتا شەوە و گوێزان تیایدا باڵدەگرێ و
گەردنی نەونەمامە گوڵگرتووەکان دەبڕێتەوە و...
وس س س س
تەماشا بکە:
دەنگێک، دوو دەنگ، پێنج دەنگ، دەنگێکی تر
شەش دەنگ، سێ دەنگ = سیانی تر
– سیانی تر
– سیانی تر
پەتی سێدارە تەسبیحە و
دەنک سەری جوانەمەرگە.
***
دوایین ڕاپۆرتی نهێنی لە – توب عەدلی–یەوە:

بەرپێزەکان... بەرپێزەکان
لە کردنەوەی چەکمەجەی فرێزەرەکان.
زۆر دەترسین
زۆر دەترسین
هەرکامێکیان ڕادەکێشین
گوێمان لە دەنگی سروودی
ئینتەرناسیۆنالی دەبێ

٢٠ی دیسەمبەری ١٩٧٦

## گۆرانیی شەقامێکی ترسناک

دەمەوئێوارە
خۆتان دەکەن بەشارا
سەر دەکەن بە هەموو ماڵە هەژارەکانا
زەردەخەنە دەچێنن
چاوی نازداران دەڕێژن
لایلایە بۆ ساوا برسییەکان دەکەن
لەگەڵ کرێکاران.. سبەینان دەچنە کار
گۆرانی خۆشیان بۆ دەڵێن
یاساوڵان،
گوێیان لە دەنگتان دەبێ
دەتانگرن
دەتانکەن بەپەتا
دەمەوئێوارە خۆ دەکەنەوە بەشارا
سەردەکەنەوە بەهەموو ماڵە هەژارەکانا

***

گوێم لە گۆرانییە خۆشەکەتە
هەردوو باڵم بۆ کردوویتەوە
ئەی ئاشنا
بپەڕێرەوە باوەشم
ئەم شەقامی ترس و مەرگە ببڕە
بێ ئۆقرەم
بۆت داگیرساوم

ئەم تاریکی شەوەزەنگە ببڕە
لەمێژەوە نازدارێکی ئاشنا
ئەم شەقامەی نەبڕیوە
لەمێژەوە ئەم شەقامە
هەنگاوی پێغەمبەرێکی نەدیوە.
***
لەودیو شیشی ئاسنینی وێستگەی ئەم شەقامەوە
گوێم لە گۆرانییە خۆشەکەتە
تیشکی هیوا
پەپوولەی سەر گۆناتە
کۆت بشکێنە و بچریکێنە
لەمێژەوە چەقۆی یەئس
جەرگی هەڵمەتی چنیوە
ئەم شەقامە گۆرانی لێ بزر بووە
مەدارەکەی هەر فرمێسک و خوێنە
بچریکێنە
لەمێژەوە ئەم شەقامە
قاسپەی کەوێکی دەنگخۆشی
بەخۆیەوە نەبیستووە و نەدیوە
***
تۆ گۆرانی خۆت بڵێ و خەمی شیعرەکانم مەخۆ
خۆیان پێ دەگرن و دەپەڕنەوە لای چاوانت
ترسناکیی شەقام و نەڕەی تیژی جەللادان
دەبنە دەست و دەچنە بینیان
بەڵام هەر دەپەڕنەوە

ئۆتۆمبیلی نایابی (پۆلیسی پیاوباشان) دەیانشێلن
بەڵام هەر دەپەڕنەوە و دەگەنە فەنەری چاوانت
هەر لەوانەی لە حەقیقەت دەگەن
دەنگیان تێکەڵ دەنگت دەبێ و سروود دەڵێن
دەبێ بیڵێن
لەمێژەوە ئەم هەرێمە سروودێکی بەرگری نەبیستووە
ئەم هەرێمە ئەستێرەکانی نووستووە
لەمێژەوە پێغەمبەرێک:
گۆرانیی بۆ کۆترەکانی ئەم هەرێمە نەوتووە
ئەم شەقامی ترس و مەرگە ببڕن
دوای هەموو هەڵواسینێک
خۆبکەنەوە بەشارا
سەربکەنەوە بە هەموو ماڵە هەژارەکانا.

٢٧ی جنیوەری١٩٧٧

## شەقامەکە

### بۆ ئەو منداڵەی پۆلیسەکانی گومرگ لە ناو بازاڕی سلێمانیدا کوشتیان

شەقامی ناو بازاڕەکە
جەنجاڵ بوو وەک:
سەری کوژەرێک پێش تاوان.
نۆ – ساڵێکی لاق باریکی دەنگ کز، تیایدا
کەوتبووە پاکەت فرۆشتن
ورد و لووت باریک و شەرمن
ناسیاوێکی ببینییایە،
درەختەکانی کەناری دەکردە حەشارگە و پایە
زۆری نەبرد
جەنجاڵی ناو شەقامەکە و درەختەکانیش ڕایان کرد
نەیزانی چۆن گومرگییەکان مەچەکیان گرت!
ترسی
گرتنەکە – گەستی
داچڵەکی و باڵەکانی دایە دەست – با
بەڵام دەستڕێژی پشتییەوە
لەسەر سنگی شەقام خستی.
تا گیانی زیاتر ڕۆدەچوو
شەقامەکە لە بەرچاوی پانتر دەبوو
هێندە پان و فراوان بوو

لەپێش دوایین هەناسەیدا
شۆستەکانی لێ بزر بوو
گومرگییەکان
تەرمەکەیان بەجێ هێشت و شەقامەکەش وەکو جاران
گەڕایەوە و بووە سەری کوژەرەکەی پێشی تاوان
بەڵام خەڵکی
کاتێک پاکەتیان دەکڕی و هەڵدەپچڕی
لە جێی بیست جگەرەی سپی
بیست شەریانی
دەم بە قوڵپی خوێنیان دەدی

١٩٧٩/٦/٢٣

## مۆنۆپۆڵی خەم

بازرگانە عەوداڵەکان
ڕوح بەردە گیان سەهۆڵەکان
لە پیشانگەی هەڵوێستەکان
خەم دەفرۆشن
***
من خەم دەکڕم
هەر بێ بەشێک بڵێ: هەمە
با بێتە لام
دڵم مۆنۆپۆڵی خەمە
خەم هاوڕێمە و مامە خەمە
شاگردمە
***
بەپلوسکی خەمدا، دەڕۆم
بەهەنسکی خەم، خۆم دەشۆم
نانی بێداری خەم دەخۆم
لە کەلاوەی خەمدا، بووم-م
من بۆ پوولی خەم، ئەلبووم-م
خەمی هەمووتان دەنۆشم
بەڵام لە بازاڕی گیانما
جگە لە (هەڵمەت) و (هیوا)
هیچی ترتان پێ نافرۆشم.

## مریەم

خۆشەویستان
دەزانن بۆ؟
دڵدارەکان بێ باوانن؟
دەزانن بۆ؟
پەنجەی فەریکی منداڵان
نینۆکی لێ سەوز نابێ؟
دەزانن بۆ؟
چەخماخەتان
ڕووناکییان
لە پێش دەنگیانەوە دەمرێ؟
چونکە هەردەم لەم خاکەدا
مریەمی خەم
ژان دەیگرێ
لەبری عیسا
مریەمێکی تری دەبێ
مریەمتان، مریەمی دەبێ

١٩٧٣/١٠/١٥

## ژان مەبن

ئاگرێکم
بەردو پوڵا دەتوێنمەوە
ئەگەر رۆژێک
کەلەپچەیان پێ کردم بۆ هاومەبەستم
بمکوژێننەوە.
نەمامێکم
هەزار گوڵی ئاڵم پێیە
ئەگەر رۆژێک
بۆ تاوانێک، نووکی نێزەیان لێ بەستم
بمبڕنەوە.
ڕووبارێکم
شیری خاوێنم پیا دەڕوا
ئەگەر رۆژێک
(نیرۆن)ێک خۆی تیادا شتم
پڕم کەنەوە
هەروا دەبەنگ و گێل مەبن
هەروا ساویلکە و وێڵ مەبن
هەروا بەستەزمان مەبن
هەروا بۆ دڵم ژان مەبن
ئەی ئەوانەی لەبەر ترسنۆکی خۆتان
باوەڕ ناکەن بە ژیانی قارەمانان.

ئەپریلی ١٩٧٤

## پاساری

کچم
ئەم بیابانە چۆڵ و هۆڵە
جووتیاری ناوی
وەک هی کوردستان
ڕووت و کڵۆڵە
ئەو چاوانەت مەگرییەنە
ڕۆژێک دادێ
پاساریی سەر گوێسەبانەی
گوندی ڕووخاو
جریوەی گۆرانییەکەی
دەگاتە لای کۆختەکانی
ڕومادی و فاو.

٢٦ی فەبرایری ١٩٧٧

## کچۆڵەکان

### بۆ ئەو منداڵانەی ماشێنە کەم ڕەوشتەکان دەیانشێلان

لەبەر دەرگای ماڵەوەدا
دەستوپەنجەی دایکایەتی
لە پرچەکانت دەخشێن.
لە دوای دایکت ڕەشەباکەی سلێمانی
گەمە لەگەڵ دوو قردێلەی پرچتا دەکەن
خۆری لاسار
سەرەتاتکێیەتی لەگەڵ
گیرفانەکانی جانتاکەت.
سووچی کتێب و دەفتەر و
نووکی قەڵەمە کۆڵەکەت
زمان لە خۆر دەردەهێنن.
لە ساتێکی پەڕینەوە
بۆ دەرگای قوتابخانەکەت
ماشێنێکی تیژڕەوی شل
دێ
دەتشێلێ و
جێت دەهێڵێ.

***

سبەی دایکت
دوو پرچ نییە قردێلەیان لێ بدا
ڕەشەباکەی سلێمانی گەمە ناکا

خۆر زیزە و چاوشارکێ ناکا
هەموو زمانیان شکاوە
لە خوێنت خۆیان وەرداوە
***
بەڵام سبەی
قوتابخانە دەکرێتەوە
شەقامیش ڕادەخرێتەوە
شلەماشێنانی بێ خوو
دەشێ تاوانی تر بکەن
دەستانی تر بەبێ پرچ و
ڕەشەبای تر بەبێ قردێلە و
خۆریش لە چاوشارکێ بکەن

٢٣ی ئەپریلی ١٩٨٠

## شیلانی سنە

### بۆ بەرگرییە پاڵەوانانەکەی شاری سنەی پڕداستان،
### سنەی خۆڕاگری خاوەن شیلانەها

دایکی شیلان:
دوو پرچی بەردابووەوە
باوکیشی جووتێک سمێڵ و
شیلانیش جووتێک ڕوومەتی خەپەی
گۆشتن
قاپە ماستەکەی بەردەمی
(جامی تەراش)ی هەفتانەی باوکەکەی بوو
دەستی تەتەڵەی دەکرد و
لە دەم و لووتی هەڵدەسوو
دوو خوشکەکەی
بەدەم (بەساقە) و (بەقوربانە)وە
بۆ دەم و پلی ماستاوی
دەتریقانەوە.
لە ناکاودا
تریقەکان
تێکەڵ بە هاڕەی بۆمبا بوون
خانووەکە و
چی تێیدا بوون
وەکو مەرگ

ڕەش داگیرسان
بەڵام ماستی
دەم و پلە نەرمۆڵەکەی
گوڵە شیلان
هەر سپی بوو
وەکو هیوا
وەکو ئاشتی
وەکو ژیان.

٣ی مارتی ١٩٨٠

## بووک و زاوا

بەرەبەیانیان
کە هەڵدەسان
ئەو
دڵنیا نەبوو
تا ئێوارە بژی
بەڵام ڕیشی دەتاشی.
ئەم
دڵنیا نەبوو
تا ئێوارە بژی
یان بگەڕێتەوە باوەشی.
بەڵام شیوی لێ دەنا
پرچەکانی دادەهێنا
ژوورەکەی خاوێن دەکرد
گۆرانی بۆ حزبێک دەوت
کە لە شەوێکی ئەنگوستەچاوا
ئەم–ی کردە بووک
ئەو–یش بەزاوا.

١٩٨١/١١/٩

# عاشق

منیش هەروەها و
تۆیش هەر تەواو نی.
کەچی هەر خۆشم دەوێی
کەچی هەر خۆشت دەوێم
وا زان دەکەم
گەر لێم ون بی.. دەکەوم
وا زان دەکەی
گەر لێت ون بم.. دەنەوی.

***

گەلێک جار وا هەست دەکەم
خۆشەویستیت:
کەڵە مێروویەکی سوورە
هەڵدەزنێ بەلەشمدا
دەنک.. دەنک وەکو گەنم
شانەکانی لەشم هەموو
دەگوێزێتەوە ناو لەشت
کاتێک ئاوڕ دەدەمەوە:
تۆ
بووی بە من
من
هەر منم

***

گەلێک جار وا هەست دەکەم
گیانی خەڵکی دەوروبەرم

وەک خشتی سوور
دەخەمە سەر بینای گیانم
هەتا دەبم
بەکۆشکێکی پڕ لە نوور
کاتێک ئاوڕ دەدەمەوە
من
من نیم و
من
ئەوانم
***
هەنێ جار
گوێ لە دەنگی عەلی مەردان
دەگرم
وا دەزانم عاشقی کیژێکی
کوردم
کەچی کاتێک
دەڕژێمە ناو بازاڕەکان
نەک هەر کیژێک
کیژان
کوڕان
دەبینم
سا، تێ دەگەم
کیژێک نا
من
عاشقی
هەموو
کوردم ١٩٨١/٥/١٣

## پایتەختەکان

### بۆ ئەو گەنج و لاوانەی لە کوردستان وا دەزانن ئەوروپا رۆنی تیا رژاوە و لە ئەوروپا قەرەج ئاسایەکی برسی و ڕەجاڵ دەژین

پایتەختەکانی ئەوروپا
دەلەنگن و
پێیان بەشوێن پێمدا..
ناگا.
ئەوە کوردێک لە (ئەوتۆ)یە[١]
لە بەردەمما
قاپ دەشوات و لە ژێرەوە
تێم دەڕوانێ
لە شەرما
دەست و پەنجە لاوازەکانی ژێر دەستکێش
دەلەرزن و
من حەز دەکەم
قاپەکانی، توند بکێشێ
بەسەرما.
ئەوەش یەکێکی دی
لە (کەلەتی)[٢]

---

(١) ئەوتۆ: بەو چێشتخانە میللییانە دەڵێن کە خەڵکی بەسەرپێوە نانی لێ دەخۆن.

(٢) کەلەتی: ئێستگەی شەمەندەفەری بۆدابێستی پایتەختی مەجەرستانە، قاچاخچی تیایدا کۆدەبنەوە بۆ فرۆشتنی شمەک و ئاڵوگۆڕی پارە بەدزی ڕژێمەوە.

قاچاغچییە و ساختە دەکا
لەگەڵ ئەوەی
لە تەکیەتی.
پێیەکانم دەلەنگن و
بەشوێن پێی پایتەختەکانا
ناگەن.. نا.. نا.. نا

١٩٨١/٩/١

## برووسکە

ڕۆڵەکانم نەچووە بچێ
بێشەکانم چڕوپڕن
ڕانەگوێزراون.
نەوەکانم گیانباز و دڕن
ماڵی نەکراون.
سەنگەرەکانم گەرموگوڕن
نەتەزێنراون.
نەچووە بچێ
بگەڕێنەوە باوەشی چیاکانم
بیرتان نەچێ
من دایکتانم کوردستانم.

١٩٨١/٩/٩

## له ئێستاوه

قوربانی چاوەکانت بم
لە ئێستاوە
وەک دوو زەریای،
پانوبەرین
گەمەی خەمی
گشت جیهانیان
تیا وەستاوە
کچە شیرینەکەی بابە
لە ئێستاوە
لە دەروازەی ژیانتا
هەزارەها مۆتەکەی،
قەبە و ناشرین
ڕاوەستاوە
کەچی ڕووباری ژینی تۆ
نەوەستاوە.
لە ئێستاوە
پێشمەرگەیەکی بەرگری
دڕندە چەکدارەکانی
کووچەکانی سلێمانی
کە دەبینی
تەع-یان دەکەی.(*)

---

(*) تەع: وشەیەکە منداڵی کورد بۆ لێدان و پێداکێشان بەکاری دەهێنێ.

قوربانی دەستوپەنجەت بم
قوربانی دەمی ئەوەش بم
کە وشەی تەع–ی
داهانی.                    ١٩٨١/٨/٢٢

## حاجی مەحموو

حاجی مەحموو
کوڕ و کچ و ژنی نەبوو
خوشک و برا و کەسی نەبوو
هیچی نەبوو
***
حاجی مەحموو
شەوێک خەوێکی دیبوو
بۆ بەیانی کە هەڵسا
مەولوویەکی قەرار دا و
حەوت نوێژی کرد
بەڵام هێشتا دەترسا
دەستی بۆ هێلکەکە نەبرد.
وتی: ئەمڕۆ
با.. خۆراکم-نان و چا -بێ
نەک هێلکەکە
سیخوڕێکی (بەعسی) تیا بێ

١٩٨٢/١/٥

## هاوکێشە

پیاوە باشە پوڵدارەکان
دەست لە گیرفانی رۆبەوە
لەودیو جامی بەفری زستان
سووچێکی پەردە لادەدەن
دەڵێن: بەخوا
ئەمشەو شەوی پێشمەرگەیە
ئەوان گشت (پیاوی باش)ن، ئەهلی چاکەن!!!
وەلێ هەرگیز، لەو هاوکێشەیە تێ ناگەن:
مامزە کێوی کوردستانم
بۆ بە شاخێکی دەجەنگێ
بەوی تریان، گەر پێویست بوو
خۆی دەکوژێ؟

١٩٨٢/١/٢٦

# نەنە حەبێ

نەنە حەبێ
کە هەواڵی شەهیدبوونی
عەزۆلەکەی کوڕیان دایێ
داوای تفەنگەکەی کرد و
هەفتەیەک نەهاتەدەرێ
تا کوڕەکەی پوورە ئایشێ
چووە لای و وتی: پوورێ
بمخەرە جێگەی عەزۆلە.
نەنە حەبێ
لەبری وەڵام
لەبری دەربڕینی هەستی
ناوچەوانی ماچ کرد و تفەنگەکەی
دایە دەستی.
هاتەوە ناو
ژن و کچی ناو ئاوایی
ژیایەوە بە ئاسایی
وەکو جاران
ژیانێکی پڕ لە ئیمان
هەر گەنجێکیش بهاتایە
بۆ ئاو و نان
باس و خواسی
کوڕەکەی خۆی- پلکە ئایشێی
لێ دەپرسی
نامەیەکی بۆ دەنووسی.

١٩٨٢/١/٢٨

# شەش

ئێمە شەشین
دەشێ شەش نەبین و پێنج بین
ببینە چوار
ببینە سێ
ببینە دوو
ببینە یەک
دەشێ
دەشێ هەر نەبین
ئەگەر ئێمە
هەر شەشەکەمان
هەر کورد نین!

١٩٨٢/٣/١٩

## ئەڤین

ئەڤین هاوڕێمە و
کچی هاوڕێیەکی کرێکارمە
گەر وەسفی کەم:
کچۆڵەیەکە چاوکەژاڵ
تەمەن سێ ساڵ
دوو پرچ و دوو قردێلەی ئاڵ
دەڵێ: بۆیە
من ئێوەم گەلێک خۆشدەوێ
چونکە وادەتان پێداوم
تەلەفزیۆنەکە خۆش کەن
کارتۆنی کوردیشی تێخەن

١٩٨٢/٧/٤

## وڵاخە مانگرتووەکە

که خورپەی شیعرێک
تەنگ بە گیانم هەڵدەچنێ
نە خۆم قەڵەمم پێیە
نە دەمدەنێ.
گیانم سەر هەوا دەکەوێ
نە لە زەویم، نە لە ئەسمان
نە لە مەرگم، نە لە ژیان
وا سەخڵەتم
دەشێ رۆژێک خۆم ڕابێنم
بە گوێزانێک، لەبری قەڵەم،
پەنجەیەکی خۆم دابێنم.
***
ئێستێکە وام
کاغەز و خامەشم پێیە
کەچی هەروام
سەیرە لەلام!
تۆ بڵێی گیانم دەرنەچێ؟!
(ها... مەرگی چی؟
تۆ بەقەد وڵاخێکی مانگرتوو
بەهێزی.
تۆ بەقەد پێغەمبەرێکی شێت
جەنجاڵی)

بەڵام گیانم
لەسەر هەوایەکی لینجە
نە لە زەویم، نە لە ئاسمان
نە لە مەرگم، نە لە ژیان
تۆ بڵێی..!
ئا..ئا.. بڵێ
بەڵێ دووری
لە ڕوانینە بەهارییەکانی (سیڤا)
لە چرپە سەوزەکانی (شیرین)
لە بەستە ڕووناکەکانی هاوڕێمان
دووری.
دەنا چاکیت و مەرگی چی
بەقەد وڵاخێکی مانگرتوو
بەهێزی
بەقەد پێغەمبەرێکی شێت
جەنجاڵی
هێشتا کارت بەم ژیانە
زۆر ماوە

١٩٨٢/٧/٤

# حەنیلە گلەییم لێ ناکا[١]

وەیلێ.. وایی.. سەحەرە(*)
لە تاریک و ڕوونی ئەم سەحەرەدا
دەبمە چیایەک بەردی مەڕمەڕ
دەبمە ڕووبارێک گڕی بەفەڕ
لە قەندیلی (توور)ی کورددا[٢]
دەبمە ئاشنا و خەریکە ڕاوێژ..
نا.. نا.
کاروانی ئەم دەنگە
هەزار و یەک قاترسواری لەگەڵە
هەزار و یەک خەنجەری دەبانیان
پێیە
لەم سەحەرەدا دەمکوژن!
چییە ئەم دەنگەی
مەرهەمی سارێژبوونی
هەزار و یەک زامی خەنجەرە؟!!
چییە ئەم دەنگەی
وەک گەنم دەمهاڕێ و
دەمکا بە نان بۆ (حەنیلە)؟!!

---

(١) حەنیلە: مامۆستا و مەشقدادەری سێوەی گۆرانیبێژ بوو، گلەیی لە سێوە هەبوو کە وەک ئەم دەیەوێ هونەر نانوێنێ و دەنگی سازتر ناکا.

(٢) توور: ئەو کێوەی موسا تیایدا قسەی لەگەڵ خوای خۆیدا دەکرد.

ئای.. ئای ئای یای(*)
چ دەنگێکە
ئەمەی سۆزی داپڵۆسینی
ناهێڵی تێی بگەم؟!!
***
سەد حەیف و مەخابن(*)
کاشکا لەم تەنیاییەدا
لە باخەڵیدا
نەنووستمایە.
کاشکا
دوگمەی بەرۆکی
ئەم دەنگەم
نەترازاندایە.
گەلی برادەرینە(*)
ئەمە دەنگی سێوەیە
یان تاڤگەی خوێنێکی گەرمە و
بەسەر بەفری گیانمدا
دەڕژێ!!

١٩٨٢/٧/٥

---

(*) ئەم دێڕانە لە گۆرانییەکانی سێوەوە وەرگیراون.

## بەچە

تۆ ئەو چوار مێخەی ئازارەی
کە بۆ عیسایان داچەقاند
تۆ ئەو مەنجەنیقە زلەی
بۆ ئیبراهیمیان داگیرساند
تۆ ئەو چەوە داخکراوەی
پشتی یارانی محەمەد بە تۆ سووتان.
منیش وەک هاوڕێیانی خۆم
لەسەر چوار مێخەکەی عیسا پەروەردە بووم
ژانی زامی چەوساوەی ئەم سەرزەمینەم
خواردۆتەوە.
خوێنی جێ قاچی زەبوونیم
لستۆتەوە
پوولی پۆستەی دەربەدەری و زەبوونیم
کۆکردۆتەوە.
بۆ ئاوی سەربەستی هاتووم
خاکم دەشتی کەربەلایە و خوێناوییە.
نەترساوم لە شمشێری بەچەکانی معاویە.

١٩٧٢

## جوانی ئینسان

ڕێت بە هەڵمی دەریا گرت و
دەستت نایە بینی هەور
باران خنکا
خاک قلیشا
***
شنەکانت بەدیل گرت و
کۆلکەزێڕینەت سەربڕی
بەهار نەدوا
گوڵ نەڕوا
***
گیات پێشێل کرد
سەری گوڵەکانت قرتاند
هەنگ لە برسا مرد
پەپوولەکان گریان
بەڵام سروشتی ئەم کوردستانە
قەزاوەگێڕی
سەری پێشمەرگە و جوانی ئینسانە.

١٩٨٢/١١/٢٠

## سڵ مەکە

ئەو
تانک و بۆمب و فڕۆکەی هەیە
ئەو سەگی دڕ و جەربەزەی هەیە
بەڵام
سڵ مەکە
ئەی گەلی مەزن
ئەم کوردستانەش
پێشمەرگەی هەیە.

١٩٨٧/٥/١

## دیوار

لەسەر نەخشەی قوتابخانە
ئەزموونی جوگرافیای هەبوو
هەستی دەکرد
نووزەی خاکێکی سک سووتاو
تێکەڵ بە دەنگەکەی دەبوو
سنوورەکان
لە ژێر پەنجەیدا تێک دەچوو
لە مامۆستا و
لە وەڵامەکەیشی یاخی بوو
لەو وانەیەدا دەرنەچوو
بەڵام خەونێکی ئینسانی بۆ پەیدا بوو
لەو خەونەیدا
زەوییەکە ئاووس دەبووەوە.
سنوورەکان
وەک ناوکی تازە ساوا
دەقرتان و
خاکە سک سووتاوەکەشی
چاک دەبووەوە.
لەم خەونەیدا
تەنیا نەبوو.
گەرچی هەروا
بەتەنیایی تێکەڵ دەنگی

گەردوون دەبوو.
خەونەکەی دەنگی خۆی هەبوو
شەوێک هەڵسا بەدزییەوە
بۆیە و فلّچەی دۆزییەوە
هەموو خەونەکانی لەسەر
دیواری شار نووسییەوە
دوژمنانی
نەخشەی خەوە مەزنەکانی
سبەی سنگی
دیواری شاریان هەڵدڕی
گەرچی بە چاوی خۆی بینی
خوێنی سنگیان
قەتماغەی ڕەشیان بەستووە
بەڵام پڕ بەدڵ دەیزانی:
دیوارەکان
ئەمیان لە یاد نەچووە
چونکە سبەی بە دزییەوە
هاوڕێی تریان بۆ دۆزییەوە

١٩٨٠/٤/٤

## دڵی خوا

ئەو شەوەی (خەندە)(*)
تێکەڵ هیوای ئەم ژینە بوو.
قوبەی ئەم شارە
بێ ئەستێرە بوو.
گریا و گریەکەی
گەیشتە لای خوا
خوا دڵی لەت کرد
بە ئاسمانا هەڵی دا
خەندە لە خۆشییا مرد
ئەو ئیشێکی باشی نەکرد
کاشکا
خەندە نەمردایە
کاشکا خوا دڵی
بۆ خەندە، لەت نەکردایە
کێ دەڵێ گەر بمایە
دەرز و شۆڕشێکی نوێی
بۆ کوردستان دانەنایە
کێ دەڵێ..کێ؟

١٩٨٠/٩/٢

---

(*) خەندە: ناوێکی رەمزییە

## هەمان پەتە

کوڕی دوو خێزانی ڕەنجدەر
لە چوارباخی سلێمانی
دوو هاوڕێ بوون
لە مەرگی ژووری زیندانا
هاوخەبات و گیانی گیانی
کە گاردەکە ناوی هێنان
ئەمان لە شیرین خەودا بوون.
زۆر نەبوو کە هێنرابوون.
* یەکەمینیان:
بەخەبەر هات و گورج هەڵسا
هاوڕێکەشی ئاگادار کرد
زۆری نەبرد
بەرەو مەرگێکی پڕ شکۆ
هەنگاوەکانی کەوتە گۆ
* دووەمینیان:
هێشتا چاوی خەواڵوو بوو
وەلێ دوو هەنگاوی مەزن
پێش هاوڕێکەی خۆی کەوتبوو
باڵای
وەک برووسکەی زیو بوو
هەنگاوی
چەکوشەکەی کاوەی

زەوی زیندان لێی تۆقیو بوو.
قژی ئاڵۆسکاوی:
سێ مانگ شانە و ئاوێنە
نەدیو بوو.
سامی کراسی مەرگەکەی،
بەزەردەخەنەیەک شتبوو.
خەونێکیش نهێنی و بەتام،
چاوانی نەرمی ڕشتبوو.
سەرکەوت و ئەڵقەی پەتی گرت
تێر بۆنی کرد
گەشایەوە و بەهاوڕێی وت:
خەمت نەبێ هەمان پەتە
خۆیەتی و دڵنیا بە
ناسیمەوە، ئەمە بۆنی
گەردنی شێخ شەهابە.

١٩٨٢/١/٣

## پێغەمبەرێکی پیاوکوژ

حەزی دەکرد بەیانیان
لەگەڵ شیلان
بۆ قوتابخانە بچوایە
لەبەر دەرگا
ناوچەوانی ماچ کردایە
ئەوسا کارێکی هەبووایە و
بۆی بچووایە.

***

ئەمیش مرۆڤە
ئەمیش وەک ئێوە
باوکی کیژێکی نەرمونیانە
ئەمیش حەزی
لە کارکردن و ژیانە
ژیانێکی مرۆڤانە
بۆ خۆیی و
چین و
نەوەکەی.
بەڵام دەشێ
ئێوارەیەک، نەگەڕێتەوە ماڵەکەی
دەشێ تەرمەکەی
وەکو تەرمی پێغەمبەرێک
لەسەر شەقامێک بکەوێ

دەشێ ون بێ
دەشێ
دەشێ
هەموو ئان و ساتێک دەشێ
یان بکوژێ
یان بکوژرێ.

١٩٨١/١٢/٨

## لەرزانە

ئامان لەرزانە، سەوزەی لەرزانە
هاڕەی زنجیر و ئەڵقەی لەرزانە
سەرچۆپی بگرە، کاکەی لەرزانە
ڕۆژی نەبەرد و دڵ نەلەرزانە

***

لە شاخ سەختتر، سەختی بنوێنە
دەست و دەسرۆکەت وا بلەرزێنە
زەوی بلەرزێ و
دڵت نەلەرزێ
بەقریوەی شۆڕش وا بگرمێنە
کوشتن و بڕین
مەرگ ببەزێنە
سەوزەی لەرزانە

***

بەدەم لەنجەوە، شانی بۆ شل کە
ئەژنۆی سێدارە، بەلەنجە شل کە
ئەوا تۆ دەڕۆی کاکی لەرزانە
دەستم دامێنتان
نۆرەی هەڵمەتی نەونەمامانە
فرسەتە کوڕگەل
ڕۆژی نەبەرد و دڵ نەلەرزانە

١٩٨١/٤/١٥

## مەرگی بێ زیان

تەمەنی (دە) بەهار بوو
کە هێنایان
سەرتاپای نوقمی ئازار بوو
پاش چەند رۆژێک بەشەرمەوە
نزیک هاوڕێکەی کەوتەوە
پێی وت: هاوڕێ
لەمە زیاتر بەرگە ناگرم
دەمەوێ ڕووشم زەرد نەبێ
یەعنی بمرم.
هاوڕێکەشی تێی گەیان
کە چۆن دەمرێ، بێ زیان
***
ئەمجارەیان
کە بردییان
وتی: بەڵێ
لەگەڵ پاڵە و زەحمەتکێش و ڕەنجدەرانم
ناوی هیچیشیان نازانم.
لە دوا دیداری پێش مەرگدا
خوشکەکەی هات
بەدەم ماچی ناو دەمییەوە
گرێی نهێنی کردەوە.
ئەوجا، خوشکەی گەشایەوە

چرپاندییە گوێچکەی دایکییەوە
وتی: دایە
ڕووی گشتمانی سوور کردووە
ناوی کەسی نەبردووە
خەمت نەبێ و کەس ناگیرێ
لێی زیز مەبە و
لە بەرچاویشت نەبێزرێ
پاش چەند ساتێک
وەک قارەمان
دەخنکێنرێ.

١٩٨٢/١/١٣

## شەوی ساڵێک

شەو، ڕانکوچۆغەیەکی ڕەشی لەبەردایە
قۆڵی لە قۆڵی ئەودایە.
بەگردەکەی شەهیداندا سەردەکەون
شەهیدەکان،
هەڵدەسنە پێ
ئەستێرەکان،
بەڕووپۆشی، دادەبەزن
هەموو تێکەڵ بەیەک دەبن
بەناویەکدا دێن و دەچن
دەستی یەکتری دەگوشن
تەنیا ترپەی پێ و خشەی بەرگیان دێ
بریسکەی چاو و چپەی دەنگیان دێ
چاوەڕێن (پەیک) بگاتە جێ
تا یەکدەست و یەک بیر و گیان
لە هەوارگەی سامی هەموو هەنگاوەکان
ئاڵایەک هەڵکەن نەبەزیو
ناوی بنێن
کۆماری کوردی پێگەییو.

١٩٨٣/٢/٢

## مامۆستا

"بۆ سیڤای کچم"

مامۆستایەکی چاوڕەشی جوانم هەیە
حەزی لە پسکیت و نوقڵ و نەستەلەیە
ڕۆژێک ئیمتحانی کردم
وتی: بابە نەورۆز چییە؟
هەرچی وەڵامێکم پێ وت
دەرنەچووم و سفرم وەرگرت
وتم: کچم،
تۆ پێم بڵێ نەورۆز چییە و کام یادەیە
وتی: بابە
عید میلادی
پێشمەرگەیە

١٩٨٣/٣/٢١

## وادەکەی حەمە و دایکی

١

**لاواندنەوەی دایکی حەمە**

دوای شەهیدبوونی باوکەکەت
تۆ هاودەمی تەنیاییم بووی
تۆ تەسەلای دنیاییم بووی
تۆ حەمەکەی منی کۆستکەوتەی داییم بووی
ڕۆڵە لەم خاکە شیرینە - کاول بووە
بۆ دڵم، ئاوەدانی بووی
بۆ گیانم، مێرگ و کانی بووی.
لەبەر خۆفی خوا نەبووایە
کتێب و دەفتەرەکانتم،
لە بەرگی سەوز هەڵدەکێشا
قەڵەمەکەتم دەکردە،
داردەستەکەی دەستی مووسا
لەپڕ
کاتێک بەخۆم زانی
هاوڕێکەت هات بەپەنهانی
وتی: ئەوە کتێب و دەفتەری
حەمە چاوڕەشەکەی تۆیە
نامەیەکی بۆ نووسیوی لە بەرگی ئەم کتێبەیان
ئەمڕۆ هاتن، بەزۆر بردیان
ئەوەی شیا و نەشیا، کردیان

ئای حەمە گیان
چۆن بەساغی دەستگیر کرای؟!
ئای حەمە گیان

٢

**نامەی بەرگی کتێبەکەی حەمە بۆ دایکی**

لۆمەم مەکە دایە گیان
چاوم لێیە دڕندەکان، لە بەردەرگان
قوتابخانەکە گیراوە
لەوە دەچێ
منیان بوێ
خەمت نەبێ
ئەو حەبەی بۆ، خۆکوشتنم داناوە
وا–لە دەستما و زۆر لەسەرخۆم
من هەر لەسەر وادەکەی خۆم
بەساغی دەستگیر ناکرێم
هەر کە زانیم منیان دەوێ
خێرا دەیخۆم
با هاوڕێکانم هەڵنەیەن، بەردەوام بن
لۆمەم مەکە دایەگیان
دەتسپێرم بە خەباتی بەردەوامی
کرێکاران.

١٩٨٢/٦/١٠

## بەنۆرە

سام: دێوێکی مەڕنەمووکە
مەرگ: درنجە، قەبە و زل و ڕەوشت سووکە
ئەوەی کە لە ناویان دەبا و لێی دەتۆقێن
کیژۆڵەیەکی خوێندکاری، شارە جوانەکەی کەرکووکە.

***

کە ڕادەکەی
کۆڵانەکان، دەرناچێ!
دەرگاکانیان، ئاواڵا نین!
دەتەوێ وەکو مەل بفڕی و
وەکو تیشکیش بنیشییەوە
داستانەکەت
بۆ هاوڕێیان بگێڕییەوە.
بەڵام لاقت شکاوە و باڵەکانیشت دەقرتێن
وەلێ هێشتا تۆ نابەزی و
شەقامەکان.. دەبەزێن
تۆ نابەزی و ئێستگە و ڕۆژنامە و گۆڤار و
هەواڵەکان.. دەبەزێن
تۆ نابەزی و وەکو تیشکێکی خوێناوی
گیانت دەفڕێ و هاوڕێکانت چاوەڕێن
کۆڵانەکان، دەربچن و
دەرگاکانیان ئاواڵا بن

***



دڵشاد مەریوانی (١٩)

ئەی هاوڕێی خۆنیشاندەرم
خەمت نەبێ
نیشتمانەکەت، وەجاخکوێر نییە،
ئەم چیایانەی کوردستان
پڵنگی وەک تۆیان زۆرە
گشت ئامادەن، یەک لە دوای یەک
بەنۆرە.
ببن بەتیشک بۆ کاروانی
ئەم خۆرە.

١٩٨٢/٦/٣٠

## خانمەکەم

ڕێگام دوورە
ترسی ڕێگا بێ سنوورە
خانمەکەم
دە هەڵسە پێ
بەرەو چیا هەنگاو بنێ
خانمەکەم
***
لەو کاتەدا کە باڵای من
لە ناو ئەڵقەی پەتی دوژمن
شۆڕ دەبێتەوە بەرەو خوار
خانمەکەم.
تۆ دەزانی گیان و بیر و کارم هەموو
بەرەو چیا هەڵدەگەڕێن
بۆ لای ئەوینی ڕابردوو.
بۆ لای هاوڕێیانی پێشوو.
پێیان دەڵێ:
ئەستێرەیەکی دی(*) کرێکاران
ئێستاکە مرد.
وەلێ هەروا .. بەبێهوودە
کۆچی نەکرد.
لە پێش کۆچیا

(*) دی: تر، ئەستێرەیەکی تر

بەدەیەها
ئەستێرەی لاوی دروست کرد.
هەریەکەیان
وەک هاوڕێمان
کڕنووشیان بۆ گۆڕینێکی ڕیشەیی برد.
***
ڕێگا دوورە، لێی مەترسێ خانمەکەم.
ئەم ژیانەم، بێهوودە نییە دەسووتێ
خانمەکەم.
بڕوانە خۆر، دادەگیرسێ
خانمەکەم.

١٩٨٢/٩/١٨

## سیروان پاسپۆرتی ناوێ

شەپۆلەکانی زێی دانووب
کاتێک دەگەنە بۆدابێست
بۆنی کەزییەکانت دەکەن
سەرهەڵدەبڕن
لە ناو هەزارەها
کیژ و کوڕی دەستلەملاندا
بۆ هەردووکمان چاو دەگێڕن
دەمانبینن:
هێشتا دەستلەملان نەبووین.
لە ناو هەزارەها هەزار
هێشتا دەستلەملان نەبووین.
چۆن؟ دەستلەملان ببین!!
منێک گشت، ماچێکی بێدەنگ
لەلام:
تێخوڕینی گاردە.
تۆیەک گشت چرپەیەکی دەنگ
لەلات.
تووڕەبوونی ساردە.
چۆن؟ دەستلەملان بین!!
ئێمەیەک هەموو ژیانمان
ناوەرۆک و چوارچێوەکەی
(نا- نەکەی)یە.

ئێمەیەک هەموو ژیانمان
پەروەردەی چەوت و لەکەیە.
نا.. نا
ئەی شەپۆلەکانی دانووب
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا
گلەیی لە ئێمە مەکەن
کاتێک گەیشتنە دەریا و
ئۆقیانووسەکانی دنیا
هەر شەپۆلێکی سەرمەست و شەرمنتان دی
ئەوە شەپۆلی مەندی زێی (سیروان)ە
لێی بپرسن:
گەلێک ئێوە، بەناویا، دێن
بۆ بێدەنگن؟
ئەوساکە، ئەو
باسی دەستلەملان نەبوونی
ئێمە دەکا.
هەرچییەکی وت:
ئەو ڕاست دەکا.

١٩٨٢/٩/١

## سێ گەڵای نامۆ

١

بەرەو ڕووی کچەکەم دێیت و
شمشێرەکەت لە دەستایە.
گەرچی هێشتا لە- شوو-دوورە و
هەر ساوایە
بەڵام لە داوێنیا، گیانێک..
دروست دەبێ.
لەگەڵ هەنگاوەکانی تۆ..
گەورە دەبێ.
دەگەیتە لای.
لەو کاتەدا، شمشێرەکەت..
سەری دەبڕێ.
یەکسەر ساوایەکی تری..
وەک خۆی دەبێ
وەکو جیوە..
نە بەمن و نە بەتۆ.
دەستگیر ناکرێ

D.D.R.-١٩٧٩/٩/١٥.

٢

پێغەمبەرێک لەولامەوە پاڵکەوتووە
تۆزی وێستگەی شارەکانی نامۆییمی..
لێ نیشتووە.
گەر ماچی کەم..
لێوەکانم دەسووتێن.
گەر جێی بێڵم
قاچەکانم هەڵدەوەرێن.
گەر، لە تەکییەوە پاڵکەوم..
جێم دەهێڵی.
هەرچی سۆزی، گەردوون هەیە
بەرامبەری من هەیەتی و
پێغەمبەرێک لەولامەوە پاڵکەوتووە..
گوێم لێ ناگرێ و وەڵامیشم ناداتەوە

١٩٧٩/١٠/١٠ مەجەر

٣

گیان، لەخۆڕا دروست نابێ!
گیان نافەوتێ!
ئەو گیانانەی دەیانکوژی؟
لە کوێت بوون و، دەیکەی بەچی؟!!!

١٩٧٩/١٠/٢٣پراگ

## نهێنی نەکوشتن و نەنووستنم

لەو ساتەوەی لە دایک بووم
خەنجەرێکی، دەبانیان لە ژێر سەرم داناوە..
تا، گەوهەری لێ وەربگرم،
پێی گەورە بم.
تا بتوانم..
خۆم سەربڕم
***
شاژنێکی، شکۆدار و خۆشەویست..
پەروەردەی کردم.
تا، پەنجەکانم بمەیێ و
مشتووی خەنجەری پێ بگرم.
بەئاسانی خۆم سەربڕم.
کە گەورە بووم...
دەستی هێنا بەسەرما.
فەرمووی: کوڕم
لە پەروەردەتا
شەکەت بووم،
هەڵسە ئیتر، من دەنووم.
شاژنی خۆشەویست،
لە جێگەکەم نووست.
دەزانم، توانای، بڕین-م تیایە.
بەڵام چی بکەم، دڵم نایە.

دای چڵەکێنم.
تا، خەنجەرەکە، دەربێنم.
***
بەخۆرهەڵاتدا، کەوتمەڕێ و هەنگاوم نا.
هەتا ئەژنۆم، بەناو زەویدا، دەچەقا.
بەڵام هێشتا..
بەمن وایە،
بوارەو هەنگاوەکانم، ئاوەڵایە.
زۆری نەبرد، هەر دەستبەجێ.
گەییمە ئاوەدانییەک، نائاشنا
تیا، مامەوە و کردمە جێ،
جێشم نەهێشت،
تا خاتوونێکی نازدار و خۆشەویستم.
کردە هاوڕێ
بەو هیوایەی:
بەهێمنی و چرپە چرپی خانمانەی
شاژنەکە، خەبەردارکا.
ئەوەی، کە، بۆی لە دایک بووم..
لە گەردنی خۆمی بسووم.
لەگەڵ خاتوونە هاوڕێکەم، کەوتمەڕێ.
بەخۆرئاودا هاتمەوە و گەییمە جێ.
خاتوونی هاوڕێ و خۆشەویست...!
کاتێک چاوی..
بەدیدەنی..
شاژنە نووستووەکەم.. شووشت

فەرمووی: ڕەنگە
خەو بە تۆوە ببینێ؟!
ئەمیش لە تەنیشتییەوە، نووست.
گەرچی، لە مێژە نەنووستووم
حەزم لە مەرگە و
شەکەت و ماندووم.
بەڵام چ بکەم!! دڵم نایە
هەردووکیان ڕاچڵەکێنم
تا، خەنجەرەکە، دەربێنم.
ئەمجارەیان، سەفەرەکەم نهێنی کرد.
شاراوە، وەک بەردی بن گۆم.
تا، کچۆڵەیەکی چاوڕەشی، خرپنم کرد..
بەهاوڕێی خۆم.
هیوادار بووم، بەگۆرانی دەنگە نەرمە بەهەشتییەکەی،
هەردووکیان خەبەرکاتەوە.
شەکەتیم لەبیر باتەوە.
کەچی، کاتێک، کە بینینی،
چوو لە نێوانیاندا پاڵکەوت
تا، گەییمە لای، خەوی لێکەوت.
گەرچی، لەمێژە نەنووستووم
هێندە ماندووم.
شەکەت-ی ئارامی بردووم.
مەرگ-یش نەبێ..
هەر دەمەوێ..
تاوێک بنووم!

بەڵام چی بکەم، دڵم نایە
هەرسێکیان ڕاچڵەکێنم.
جێ‌-ش نەماوە
خۆم‌-ی
تۆزێک
تیا بنوێنم.

١٩٨٢/٧/٥

## بۆ هاوڕێیانم

من دەزانم دەکوژرێم
من دەزانم تەرمەکەم
لە (سارا)یەک فڕێ دەدرێ
وا دەشێوێ
ناناسرێ
پێ نازانرێ: تەرمی کامە قاچاغچییە
پێ نازانرێ: تەرمی کامە پێغەمبەری یاساغچییە
هاوڕێیانم نامناسنەوە
نە سیمای خۆشی نەدیوم
نە بالآی قەد نەنەویوم
نە هیوای پڕ چاوی گەشم
نە جێ زامێ
شوێن ئەشکەنجەی نەخشەی لەشم
نە ئەبرۆی ڕەشی وریام
نە دەمولێوی پڕ سەودام
ناناسنەوە و
نامناسنەوە
هاوڕێیانم نامناسنەوە
بەڵام هەموو بەتاسەوە
دەڕواننە:
لاشەی لە(سارا) کەوتووم
لە یەکتری دەپرسن:

(بۆچی سەگی بێ خاوەن و بەبێ خانە
سەگی برسی و دەرکراوی لانە
لەلاشەیان نەخواردووە!
بۆ؟ دەمیان بۆ نەبردووە؟!)
ئەی هاوڕێیان
گەر لاشەم جێگەستەی سەگ بوو.
بزانن سەگی پۆلیسە
گەستەی سەگی بۆرژوایانی نەگریسە
سەگی برسی
گاز لەلاشەی من ناگرن.
هەر ئەوەشە هێشتوومییەوە و
دوژمنانم بەرگەم ناگرن.

١٩٨٣/١٠/١٧

## خاتوو سیڤا بمانبەخشە

کچم هەتاوەکو ئێستا
من و دایکت
هەتا، مۆڵەت هەبوو توانرا
گوڵی نازی تۆمان ئاو دا
بمانبەخشە کە لەمەولا
سیخوڕەکان،
ناهێڵن بووکت بۆ بکڕین
ئامێردەکان
ناهێڵن لێت نزیک بین و
ئەو وشانەی کە بۆ (ناز)ن
بچرپێنینە گوێتەوە
ملوانکە و موستیلە و بازن
بکەینە مل و دەستەوە
ئەو گوڵانەی کە هی (ڕاز)ن
بیپرژێنینە ڕێتەوە
کاتێک لە باخچە دێیتەوە
بمانبوورە
سیخوڕەکان
ناهێڵن بووکت بۆ بکڕین
نا، ناهێڵن
بیانووە ناسکەکانت ببڕین
بووکەشووشە و یارییەکانی،

سەر ڕەفەکەت بۆ داگرین
کچم داگیرکەرانی،
(خۆشی لەم کوردستانە
کە وەک نووری چاومانە)[١]
لە (ڕۆژباش)ی
دایک و باوک و منالآنی
ئەم کوردستانە تێناگەن
لە (ماچی ماڵئاوایی) و (بای بای) چوونیان،
بۆ ئیش کار، تێناگەن
نا، تێ ناگەن
لە عەتری بۆنی گوڵ بەهار
لە سەرنجی تۆ بۆ خاڵەی ڕێبوار
لە حەزت، لە قاسپەی خۆشی کەو و کەوبارِ
لە چرپەی تۆ و بووکەشووشە
پرچنەکەی چاو بەخومار
کە بەڕیزە ناوت نابوون
شیلان، خەندە، ڕۆزا و مینۆ و بووکێ و تەلار
میشە و دن دن و مەیموون و دەنکە هەنار[٢]
چی تێ بگەن؟
بۆچی لەبەر: باخچەی ساوایان ڕووخاندن
بۆچی لەبەر: لێدان و گرتن و مەرگی بەخنکاندن.
فریای هیچی وەها کەوتوون:

(١) گۆرانییەکی منالآنە لە سەردەمی سیڤای کچم.
(٢) ناوی بووکەشووشەکانی سیڤای کچم بوو.

تێ بگەن (مرۆڤ) یانی چی!
بۆچی دەخوا و کار دەکات و بۆچی دەژی!
تێگەیون خۆشەویستی
نیشتمان و گەل (سوور)ە،
یان (ڕەش)، یا (سپی)یە
بەڵام گوڵە، رەنگینە زۆر بۆن خۆشەکەم
من و تۆ و پێشمەرگەکانی هاوڕێمان
شتی جوان و نەخشینەمان بۆ داناوی
بۆت دەکەینە دەستە دیاری
جووتێک گوارەی سوور و گەشی
کارەساتەکەی (هەکاری)
پەیکەری (مامە مەولودی)
قوڕە (بەرازە) بەهەڵمەت
هەرزەکاری.
وێنەی پڕ شکۆی داستانی
(شارستێنە)
چیرۆکەکانی (قەندیل) و (هەورێ) و (ماکۆک)ی
بێ وێنە.
خاڵە شەهاب، جەعفەر، ئەنوەر
دەنگی زەنگیان بۆ داناوی
(ئیبراهیم عەزۆ) و (ژەنگاری)
ڕێگەی شەنگیان بۆ داناوی
هاوڕێ ئارام عەینەکەکەی
جەمال تاهیر قەڵەمەکەی
جەمال باپیر، قەڵغانی دژی وەیشوومە

کاکە سەلاح، پرۆژەی ئاوی مالومە
مامە غەفوور ژاژڵەیی،
خۆڕاگری بۆ داناوی
خاڵە شەماڵ، وانەی هەردەم بەرەنگاری
بۆ داناوی
کچە شیرینەکەم وەرە
بیانوو بگرە و پێداگرە
خاڵان و مامانت توند توند
یەخەی بگرە
بڵێ: دەبێ ئەوانەم بۆ بکەنە نیشان
بۆم بکەنە ئیکلیلی گوڵ
هەتا منالانی هاوڕێم، تێر بۆنی کەن،
چونکە نەک دوژمنانی خاک
بووکی منیان شکاندووە
بەڵکە خوێنی گەشی باوک و
خاڵ و مامی هەزارەها منداڵی وەک منیان
بەقەست ڕژاندووە.
بڵێ دەبێ
نان و ئاشتی و
شارستانی
زامن بکەن بۆ منالانی کوردستان
بڵێ دەبێ..
ئەم میللەتە دواکەوتووە بگاتە ڕیزی میللەتان.

## ئەرنستی کورد(١)

بۆ شەهید (ئەکرەمی حەبسە)

گیانە ئەکرەم
تۆ لە کارگەی شۆڕشاندا
کرێکارێکی جەسوور بووی
لە ناو کۆمەڵی ئینساندا
باوەڕێکی پڕ لە نوور بووی
لە ململانێی دوژمناندا
توانایەکی بێ سنوور بووی
لە دیوانی کۆڵنەداندا
لاپەڕەیەک شیعری سوور بووی
گیانە ئەکرەم
تۆ ئەمەندە ساکار نەبووی
تۆ کۆترێکی سپی بووی
بەڵام ڕۆژگار
تا پڕ بە دەستت ڕاو دەکرد
لە بەیانی تا ئێوارە
تۆ گیانێکی خێرنەدیو بووی
لەو ئاقارە
خێرت بۆ هاوڕێیان دەبرد

(١) ئەرنست: ئەرنست ئیڤەر هارد- پاڵەوانی رۆمانی (پاژنە پۆلایینەکان- العقب الحدیدیة)ی جاک لەندەن.

له عێراقی کپ و ماتی بە خوێنی سوور شەتەکدا
له کوردستان بەناچار– خەڵک فێری کوتەکدا
دڵدارێکی بەرگ سپی بووی
ڕێگەی خەنجەرت هەڵبژارد
لەسەر دیوی ڕاستی نووستی
بەرگە سپییەکەت ژەنگ گرتی
لەسەر دیوی چەپی نووستی
دیسانەوە هەر ژەنگ گرتی
ئەوسا زانیت، کانزای خەنجەر
هەر بەڕواڵەت.. جەوهەردار و شۆخ و شەنگە
دەنا هەتا بینەقاقای مشتووەکەشی هەموو ژەنگە
ئەوسا زانیت، تۆ دڵدارێکی بێ چەکی
بەڵام هیوا بڕاو نەبووی
نەخێر گیانە ناهوشیار و بێ چاو نەبووی
هەرگیز ئومێدبڕاو نەبووی
بێ ئەدرێس و بێ ناو نەبووی
بۆیە لە نوێ دڵدارانە
دڵدارێکی خاوەن ئەزموون و دیوانە
بەپەیژەی سووری خەباتی کرێکاراندا هەڵزنای
بۆ خۆری ژان ڕەوێنەری کوردان
گەڕای
بۆ شاری بێ چەوساندنەوەی ئینسان
گەڕای
کووچە و شەقامت
بۆ هاوڕێیانت

کردە ئاگردان
(دە مەگری مەگری چاوانت ئێشێ)[٢]
بووە دروشمی هیوا نەبڕان
ئاوازت کردە هاوسەر و[٣]
ڕۆزات بۆ کورد پەروەردە کرد[٤]
سەنگەرت بۆ دوارۆژ لێ دا و[٥]
هانات بۆ لای گشت کارگەران برد
تا ژەنگ لە خەنجەر بکەنەوە
تا – توولەڕێ بیر بەرنەوە
سیستمێکی نوێ بۆ خەبات دانێنەوە
زۆر لە جاران مەردانەتر
تین بە شۆڕش بدەنەوە
بەڵام سەد داخ
هاوڕێ ئەکرەم
لە وڵاتی ژێر پۆستاڵی ئاسنیندا
ڕاکشا و
تۆی ئەرنستی ناو کوردستان
وەک دیوانێک شیعری دڕاو
لە ئەڵقەی پەتی موسڵەوە[٦]

(٢) گۆرانییەکی فۆلکلۆرییە، لە کاتی خواردنەوەدا حەزی لێ دەکرد و دەیوت، پێش خنکاندنیشی وتی. هەموو جار خۆشناوی برام و هەمزەی عەلی دەدە بەنەرمی دەیانوت و ئەویش دەجووڵا.
(٣) ئاواز: ناوی هاوسەرەکەیەتی.
(٤) ڕۆزا: ناوی کچەکەیەتی.
(٥) سەنگەر: ناوی کوڕەکەیەتی.
(٦) لە موسڵ لەسێدارە درا.

شۆڕ بوویتەوە
هەتا باڵات گەیشتە فاو(٧)
هەتا گیانت چووە کۆڕی شەهیدانی هاوڕێمان و
بوونە هەتاو
ئەی هەتاوە پیرۆزەکە
خەمت نەبێ ئەم کاروانە
ڕاناگیرێ بە گێلەپیاو
هەردەم دەژی
هەردەم دەژی
هەردەم دەژی و بەردەوامە

(٧) فاو: خوارووی عێراق- ئەوێ و هۆرەکانی سەردەمێک شوێنی بزووتنەوەی چەکدارانەی حزبەکەی شەهید بوو.

## پاکانە(*)

گفتی دایکێک،
رۆڵە گیان، ڕۆڵەی زیندان.. گەرچی کوێرم
بەڵام بە چاوی دڵمەوە بۆ لات هاتووم
مەگەر نازانی ڕێی زیندان بەچاوی دڵ بەدی دەکرێ؟
هەناو و بەندی جگەرم.. خۆ بیرت دێ
کە منداڵ بوویت، دەمکردیتە قەڵادۆشکان
دەستە نەرمونۆڵەکانت لەسەر عەبا شڕەکەوە
لە سەر و پرچم دەئاڵان
ئێستاکەش هەر ئەو پرچانەن بەڵام سپین
هۆن هۆن هەمووم هۆنینەوە
بۆ ڕەوابوونی تۆ بۆ ژین
چاوەکانت شەربەتی زیندەگانیم بوو
گڕوگاڵت بەزمی شایی لۆغانیم بوو
سپێنەی ئەو دوو چاوانەت شیری مەمکی داماویمە
ڕەشێنەیان شەونخونی شەوانی کوللەمەرگیمە
تا چاوە بچکۆلەکانتم کرد بە دوو گڵۆپی ڕووناک
گڕوگاڵتم کرد بە قسەی جەماوەری خاوێن و پاک
تا ڕام هێنای لەگەڵ دەریای بێداری ژیان
بووی بە شێرێک لە مەرگ نەترسی بۆ ژیان

---

(*) پاکانە: شیعری شاعیری عێراقی موزەفەر نەوابە کە شاعیر خۆی وەری گێراوەتە سەر زمانی کوردی لە گۆڤاری (نووسەری کورد) لە شاخ لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨١ بڵاوبووەتەوە.

مەبەستت هێند فراوان بێ ڕزگاری بێ بۆ گشت گەلان

***

ئێستا کوڕەکەتم لایە
شەوان بە دەم لایلایەوە دەڵێم لایە
کۆرپەم لایە.. لایە لایە
سەرفرازیم لە خۆگرتنی باوکتایە
ڕزگاریمان لە خەباتی هاوڕێیانی بابەدایە
جەرگی جەرگەکەم لایلایە
خەفەت مەخۆ، حزب لانکی مناڵێکە کە بێ لانکە
حزب باوکی مناڵێکە کە بێ باوکە
ئەو پشتێنەی هەڵواسراوە
بەخەتی ورد لێی نووسراوە
هی باوکتە، کە گەورە بووی لە پشتی کە
کارەکانی ئەو تەواو کە
لەسەر پەراسووت بیبەستە و بیپارێزە
ئەوە پەساپۆرتی ڕێگەی سەر بڵندی و مەردی و ڕێزە
ڕۆڵە ئەمانەت پێ دەڵێم
تا، کە مردم.. بە ئیسراحەت چاو لێک بنێم

***

ڕۆڵەی شیرین، هەناسەکەم
خەمی کۆرپەت مەخۆ (لایەی) وای بۆ دەکەم
کوڕم، زامداری نەنووستوو
لە زیندانا ئازاریان دای؟
سنگت بێنە، زامەکانت لە سنگی کفتم هەڵبسووم
تا، وەک گوڵاڵە بۆنیان کەم

بڵێم ئۆخەی، شوکر ڕەنجم بەبا نەچوو
باوانەکەم تۆی کۆڵەکەی خانووی هیوام
تۆی بەهاری تەمەنی خەزانی تەنیام
کوڕم نائومێدم نەکەی
ڕەنجی ژینی کوللەمەرگیم بەبا نەدەی
ڕۆڵە نەکەی وره بەردەی
ڕۆڵە نەکەی بە مەرهەمی خۆفرۆشی
زامەکانت سارێژ بکەی
زامدارێک خاوەن وره بێ.. زامەکانی دژی مەرگ
وەک ڕەشەبا، وەک برووسکە.
وەک گەردەلوول دەگرمێنن
مەرهەمەکان ڕەفز دەکەن
سارغییەکان ڕەت دەکەنەوە و نەفرەت دەکەن
مەرهەم و سارغییان تەنیا ئاگر و ئاڵای شۆڕشە
هەڵمەتی سەخت و هێرشە
باوانەکەم، برینەکانت ئەوانە مەرهەمیانە
نەک (پاکانە)
چونکە دەڵێن:
بەبیانووی نان پەیداکردن
بۆ برسێتی ژیانی من
پاکانە پڕ دەکەیتەوە
وا هاتمە لات لە خۆمی ببیستە ڕۆڵە
شیرم بە تووتک حەڵاڵ بێ
نەک ئەو کوڕەی پاکانەی لە خەیاڵ بێ
کوڕم من حەز دەکەم گەڕ بم لە چڵکانا

ڕۆڵە من حەز دەکەم بمرم لە برسانا
ڕۆڵە من حەز دەکەم چاوەکانم کرمەڕێز بن لە زیندانا
بەڵام کوڕەکەم بەر نەبێ بە پاکانە
ڕۆڵە ئەوەی پاکانە پڕ دەکاتەوە
دووبارە کۆست دەخاتەوە
شەهیدەکان لە نوێ شەهید دەکاتەوە
ناوی پاکانە نەهێنی
سەرباری ئەم زەبوونییەم نەکەی شەرەفم بشکێنی
ڕۆڵە نەکەی ڕێگەی خۆت و هاوڕێکانت بیر چێتەوە
بمگووشە توند بەخۆتەوە
تەماشای پرچەکانم کە هەموو سپین
هۆن هۆن هەمووم هۆنیوە بۆ ڕەوابوونی تۆ بۆ ژین
بڵێ دایە.. سوێند بێ بەو پرچە سپییانەت
دڵۆپ دڵۆپ سوێند بێ بە شیری حەڵاڵی ئەو مەمکانەت
تۆ دایکمی سەری دایکێک نانەوێنم
بەشیری گۆشی کردبم
بینای حزبێک ناڕووخێنم
بەخوێنم گۆشم کردبێ
***
قسەی خوشک:
کاکە گەرمی و ساردی هەموو زیندانەکانم چەشتووە
هاتوومە لات، جنێو و تف و نەفرەتی
یاساوڵم بە داوێنم هەڵگرتووە
نزا و نزام ڕژانۆتە ژێر پۆستاڵی ژەندرمەوە
شیشی ژەنگاوی زیندانم بە زمانم لستۆتەوە

کەچی ئەنجام لە سووچی ڕۆژنامەیەکدا بە
پاکانە پڕکردنەوە
پاداشتەکەم دەدەیتەوە؟
ئەو خەڵکەش بیخوێننەوە!
هەتا ماوین قێز و بێزمان لێ بکەنەوە
بەبنی پێڵاوی نەفرەت شەرەفمان بپلیشێننەوە
ئاوا پاداشتی ئازار و شەونخوونی
من و دایکم دەدەیتەوە؟
چۆن لە ڕووم دێ بچمە لای ئەو
خوشکانەی کە چاوەڕوانن
تۆڵەی جەرگی سووتاویان بۆ بسێنی
وا هاتمە لات، لە خۆمی ببیستە کاکە
من حەز دەکەم ڕووم ڕەش کەیت و پرچەکانم بقرتێنی
بەڵام هەرگیز ناوی پاکانە نەهێنی
کاکە چی بکەین، بیر بکەوە کاکە چی بکەین؟
مەگەر زەوی قووتمان بدا
مەگەر ئاسمان هەڵمانکێشێ
ئەگینا چۆن لە ڕوومان بێ
دوای پاکانە، ڕوو نیشانی خەڵکی بدەین؟
لە ئاستی ژنی گەڕەکدا سەرهەڵبڕین؟
چۆن باست کەین؟
چۆن لایلایە بۆ تاقانەکەی خۆت بکەین؟!
کە تۆ هەموو گیانت پیسی بێ، سەرشۆڕی بێ
کاکە گەر ئەوە نیازتە بۆ لای ئێمە نەیەیتەوە
سیکتر.. سیکتر

پاکانەی ناو ڕۆژنامەکە و خۆشت.. سیکتر
ئێمە پیاوێکمان بۆ چییە.. کە پارچەیە
پیاوەتی پێشێلکراوی جەریدەیە
هەر بە ڕۆژنامەکەی لای خۆت
بێ ئابڕوویی و سەرشۆڕی خۆت بپێچەوە
هەتا تۆ هەی لە زەلکاودا بتلێرەوە
بەڵام هەرگیز بۆ لای ئێمە مەیەرەوە
چۆن پاکانە لە گەل دەکەی
ئێمەش هەروا پاکانە لە ناوت دەکەین
دەڵێین ئەی گەل: ئەم سەرشۆڕە چاوان پڕ لە زەلیلییە
کوڕمان نییە، کاکمان نییە کەسمان نییە.

* پاکانە: شیعری شاعیری عێراقی موزەفەر نەوابە کە شاعیر خۆی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی لە کۆواری "نووسەری کورد" لە شاخ تشرینی دووەم ساڵی ١٩٨١ بڵاو بووەتەوە

حەوتەم کۆمەڵە شیعر

# خەونی سەما دژەکان

چاپی یەکەم: ١٩٩٨
وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان- سلێمانی

## ساڵی چلەم

قەڵەم و نامەی ژێر دەستم
لە ماچێکی بێ پشوودان..
خۆ بەقوربانی یەک دەکەن.
قیڕەی بۆقێک
قووقەی کەڵەشێرێک
لە پەنجەرەی ژوورم دەدەن
دەستی ساڵی سی و نۆیەمی
لە گەردنم دەترازێنێ و
جێ بۆ ژووانی (چلەم) ساڵەم جێ دەهێڵێ
ساڵی چلەم، وەک مێوێکی، باوەش پڕ لە
هێشووی ئەزموون، بە باڵامدا..
هەڵدەگەڕێ.. هەڵدەگەڕێ
ژیان سەرلەنوێ دەگرێ
گرانی ئەفسووس و هودە
گرانی کێشەی ژینێکی بۆ خەمانی هەر جار
ئالوودە!
لەولایشەوە، سۆزانییە بەستەزمانەکەی دراوسێم
دۆستەکەی خۆی بەڕێ دەکا و
ئەویش وەک من تەنیا دەبێ!
دوابەرنامەی ڕادیۆکەی بەرامبەرم، ماڵئاوایی
لە دوا ئیسگەی ئەمشەو دەکا و
ئەویش وەک من تەنیا دەبێ!

لانەی جووتە کۆترە شینەکەی ژوورەکەم
گمەی شینیان تێ دەکەوێ.. تێ دەکەوێ وەک دڵەکەم
ئەوانیش بێ ئارام دەبن
گەرچی چەپۆکی پشیلەی، ڕەشە تاوان
دەستی ناگاتە.. ناگاتە، دەستی ناگاتە هەردووکیان
وەلێ دوو هێلکەی ڕۆژەها لەسەر نیشتوویان
دەشکێنێ
تاریک و ڕوون، دوگمەی خەمی.. ڕۆژێکی نوێی
پڕ لە تەمی.. ژیانەکەم دەترازێنێ.
گوێم
لە ترپەی
پێی
دوو مرۆڤی تەنیایە
هەنگاوی یەکەمیان
لە دووی
هەنگاوی دووەم هەڵنایە.
لە هۆڵەکەن
ئاگام لێیە، ئێستێک دەکەن
هەردووک، هانا، بۆ یەک دەبەن.
ئاهەنگی هەنگاو نامێنێ
خرمەی خواردنی سێوێک
ئەوی تریان دەهەژێنێ
دیمەنی دواپێکی ساردی بێ مەزەم دەست
دەوەشێنێ
لێوم دەگرێ و ماچێکی بێهوودەم دەکا

وەلێ- خرمە سێو- تێکەڵی قومم دەبێ و
سەرنجەکەی مەستیم دەبا
تەنیا ساتێ.. ساتێ ساتێ.. نا.. زۆرتر.. نا
گوێم لە ئنگای ساوایەکە
لە هۆڵەکە!
هەڵدەستم و دەسکی دەرگا دەترازێنم:
مارمێلکەیەکی دان تیژە پیرۆزبایی ساڵی چلەمم
لێ دەکا.
ئەی مارمێلکە، لیکنەکە خەونی دوو کۆتری شینکەکە
لە ناو ناچێ و رۆژێک بە مەرامیان دەگەن
قەینا.. ئەمشەو.. هەوار لە بارگەی سام دەخەن
وەلێ سبەی.. دوو هێلکەی تری نوێ دەکەن

١٩٨٦/٣/٢٨

## ڕۆزا

که دێمەوە، بەرەو ڕووم دێی
دوو باڵانت بە ئەسپاردەی ئاسمان دەکەی
من هەور نیم، دەنا دەمنایتە سەر شانم
ئاسمانم ڕێ تەی دەکردی
هەتا بارانت لێ ببێ بۆ دۆستانم
هەتا زریانت لێ ببێ دژی هەموو دوژمنانم
– کچم رۆزا .. چی کچۆڵەی هاوڕێیانی من
هەیە، کە بەناوی تۆوە باوکت ناوی ناون
(بابە)ی هەر هیچیان نەماون.
– کچم ڕۆزا .. قەدری ئەم ژیانە بگرە، بەس
نییە باوکێک (دڵشاد)ی ناوە
بۆ تۆ ماوە!
– کچەکەی خۆم، تۆ منداڵی و لە نەمانی باوکی
ڕۆزایان تێ ناگەی
لەم هەموو خوێنبارینە گەشە، سەر دەرناکەی
بەردەوام بەو دوو باڵانت بە ئەسپاردەی ئاسمان بکە
باڵەکانت ئاوەڵا کە
هەزار هێندە، باوکە سەر جەنجاڵەکەی خۆت
عاشق و شێت و شەیدا کە
من دڵشادێک، تۆ هەزارەها ڕۆزا بە
گەر پێویست بوو، منی بابەت ڕەتکەرەوە و تۆز و
خۆڵیشم بە (با) کە.

بەس کچەکەم، لەبۆ گەلە دواکەوتووەکەت
تۆ ڕۆزا بە.
دژی ئاخوندی کۆنە و نوێ، چقڵی چاوی
ڕەشەبا بە.

مارت ١٩٨٦

## پیرەمەگروون سەر لە حوجرەکەی نالی دەدا

بۆ یادی دوو سەد ساڵەی
دامەزراندنی شاری سلێمانی
پێشکێش

خەو بوو، شەو بوو
دواشەوی مانگی ڕەشەمێ، سبەینێکەی ساڵی نەوبوو
گەواڵە هەورێکی شینی ژەنگار
تیشکی خۆر کەنارەکانی سوور کردبوو، وەکو زوننار
لە پیرەمەگروونی سەختی بزنە ڕێبوار
بەگوڕ و تاو، بەرەو بنار، دەخرایە خوار
خۆی کرد بە ناو سلێمانی، ئەوین و یاخی و قوربانی
بە مەڵکەنیدا تێپەڕی و سەرێکی لە پیرمەسوور دا
ئینجا گەییە بەر خانەقا
لە جێگەی حوجرەکەی (نالی)، ناڵەی ژانێکی لێ هەڵسا
دوو سەد شمشێری چەخماخەی لە زەوی دا
ئینجا لە جێی خۆی دانەویی
تەمومژی لە دەور وەری
ئەسپێکی کلک کلافەی قەترانی بوو
سوارەکەی وەک خەنجەرێکی مشتوو زیوین لەسەر زینەکەی
چەقی بوو.
پیرێک.. نوورانی کەڵەگەت، پێست جوان بوو
سەرو پێچی ڕیشوواری، دەنگی بلوێری شوانان بوو

ڕانک و چۆغەی، بۆ–ی نێرگزی بەهاران بوو
فەقیانەکەی، کەفی چووڕی شەتاوان بوو
پشتێنەکەی، سیاچەمانە
پووزەوانەکەی، هاژەی چەم
کڵاشەکانی بەهاژە و تەم
پرسی، کوڕینە پێم بڵێن، عاشقێکی خاک و خۆڵی
پاش ساڵەها ساڵ نامۆیی
هاتووەتەوە سلێمانی؟
ئەو عاشقەی دەگەڕا بۆ.. ئاسوودەیی هەژاران
دەگەڕا بۆ.. نیشتمانی غەریبان
دەگەڕا بۆ.. کۆچی ناچاری پڕ ژانی بلیمەتان
دەگەڕا بۆ عیشق و نان
دەگەڕا بۆ مەحبووبانی بەجێماوی پایزان
دەگەڕا بۆ.. نەفسبەرزی شاعیران
دەگەڕا بۆ.. شارستانیبوونی کوردستان
پیرە بەردەوام بوو.. وتی:
کوڕگەل ئەمشەو، یەکەم شەوی بەهارە و
ئەو حەزرەتە دوورە شارە
دەگەڕێ بۆ حەبیبە و چارەنووسی ئەم هەوارە
دەگەڕێ بۆ ئەو ڕێبوارەی دڵی پڕ سەودا و جەغارە
کە چلیپای ژانی نەتەوەیەکی لە کۆڵە و بەتەنیا خۆی کۆڵ بە بارە
تەنیا خۆی بۆ: یاری.. یارە و، بۆ نەیاری.. نەیارە
لە دوو فاقێتی وەڕسە و لە پرۆتۆکۆل بێزارە
***

گەنجێکی کەڵ ملی بۆشناخ
لە بەردەمی پیرە چەقی.. وەک بەیداخ
وتی: گەورەم، ئەو حەزرەتەی
تۆ ئەم پرسەی لێوە دەکەی
ئێمە هەموو وێڵی ئەوین
وێڵی (شارستانی) و (ئەوین)
وێڵی چار و ئاسوودەگیی کۆمەڵگایەکی فرەچین!
لەوەتەی حەزرەت ڕۆییوە
ئەسپسواری بزر بووە
ئادەمیزادانی پایەبەرز، قسەی گەلێک نزم دەکەن
کەڵەپیاوان لە –قەزەم– ئەکەن
ئیمام دۆستی شەیتانە و بێ دین لە مزگەوتایە
ئێسک لە بەردەمی ئەسپە و –کا– لە بەردەمی سەگدایە
تەشتە هەویر لای قەسابە و کۆتە و چەقۆیش
لە بەردەمی نانەوایە
بەڵێ گەورەم.. خۆم شێواوە و تەمەنێکە
کێوی سەختمان بەبێ دار و دەوەنێکە
تافە–ی شەتاوانمان کپە، هاژە– ونە
ڕەز و باخی ژیانمان، سەروبنە
لەوەتەی (نالی) ڕۆییوە، بۆن بەرامەکەی بەهار
نەگەڕاوەتەوە ناو شار
کانی ئاسکان.. بێ ئاهووە و پڕە لە سەگ و گورگی هار
تانجەڕۆ.. وەکو حوجرەکەی وشکە و پڕە لە موورو مار
مەڵکەنی و گۆییژە و گاوران.. تیا نەماون لالە ڕووان
قۆرییە شکاو و کانی با.. کەوتنە دەستی بازرگانان

وەیس و شێخ هەباسیش بوون بە گۆڕستان
(چلە) گەرمە، قوڕە سوور گیراوە و نەرمە
بۆ سەر و شان
سەرپۆش شۆڕە لەسەر چاوی گەشی گریان
خاتوونانی شەدەلار، چاوخومارانی چاوەنواڕ
ڕەشپۆشن و ئێستا گۆرانی ئێواران
مەستیان ناکا وەکو جاران
گەنج و لاوانمان دەپرسن لە نیشانی
میری بەبە و بەردەشانی؟
داخۆ خەونەکە هەر ماوە
(نالی) دەگەڕێتە دواوە؟!
***
پیرەی سەر ئەسپی قەترانی
بە (خەمناکی) لەو گەنجە بۆشناخەی ڕوانی
پاشان وتی:
بڕوانە خوڵق و ئەشعاری بە دیققەت
بڕوانە ئەو خاک و خۆڵەی ئەو حەزرەتەی تیا هەڵکەوت
ئەوەی دەستت کەوت و توانیت
بیکە توێشوو بۆ نەفامیت
چاوم لێیە، خۆیەتی وا بەرێوەیە
وچان نادا
نەکەوتووە و
ناکەوێ
هەروەکو چیا
بەپێوەیە

دەیان ساڵە لە دەرگای کوردستان دەدا
بەڵام ئێوە وەکو کێوی، یەکتان لەوی ترتان دەدا
یەکتان.. ئەوی ترتان دەخوا
لەبەر هاژ و هووژی خۆتان
لەبەر هاژەی خوێنی ڕژاوی بێوچان
ناتانپەرژێتە سەر حەزرەت
ناتانپەرژێتە سەر دەرگا و لە دەرگادان
لەبەر ئەژدەهاکی ڕک و کینە و بوغزی خۆتان
لەبەر تۆڵەی عەشرەتگەری و کورسی و گیرفان
ناپەرژێنە بەرژەوەندی، نە–نەوەی کورد، نە کوردستان
نەئاسوودەگی و ڕزگاری ئینسان لەدەست زەبری ئینسان
(نالی) لە ئێوە زویرە
نەک هەر زویر،! وەها تووڕە و وا شێتگیرە
دەرگای لە خۆی داخستووە
چاوەنواڕی هوشیاربوونەوەی نووستووە
چاوەنواڕی هەستانەوەی پێشێل بووە
چاوەنواڕی هەڵگرتنەوەی ئاوی ڕووە
دەنا ئێوە
چەندە خوێڕی و ڕەدووکەوتوو و ناهەموار بن
چەندە بەرتیل خۆر و دز و بۆ پاسی خوێڕیان
هەوشار بن
چەندە پێش داگیرکەر کەوتوو و خزمەتچی و پۆشت و
شەوکار بن
چەند هەڵوێست فرۆش و فیتنە و ملشکێن و
خیانەتکار بن

چەندە کێوی و کێوی و کێوی و ناهوشیار بن
دڵنیابن
ڕۆژێک دادێ.. ئەم نیشتمانە شیرینە
شاری پیشەسازی دەکرێ
گڵاوکەری پێشێل دەکرێ
ئەم گەلە یەکدەگرێتەوە
ئەم خاکە دەبووژێتەوە
نالی هەر دەگەڕێتەوە
نالی هەر دەگەڕێتەوە
نالی هەر دەگەڕێتەوە

١٩٨٥/٩/١٦

# لانە

بۆ ماڵەکەم چۆڵ دەکەی؟ ئەی چنارە نازدارەکە،
بۆ کوێ دەڕۆی؟ بۆ ناو خانووی هەرزاڵان!
بۆ گوێ چەمێ، چناری خەم لێ ڕواوی، بێ
پەرچەمی، گوندە چۆڵانی هەواران!
بۆ، کۆڵانی ژووان تێدا بەجێماوی، دڵشکاوی،
دار و پەردوو داڕووخاوی، ڕیزە ماڵان؟!
بۆ ناو ژووری، حیکایەتی داپیرە تیا خنکاوی
تاقی دیوار.. کاسە و کەوچک تیا شکاوی دەستی
کابان!
بۆ ماڵەکەم چۆڵ دەکەن؟ ئەی چنارە
نازدارە باڵا شووشەی گەردن مینای پەرچەم
شیلان؟!
بۆ شەقامی شارەکەمت پێچایەوە و
درەختی کەناری ڕێگەت
خستە بنباڵی سەرگەردان.
***
دەڕۆی ئۆغر، ئەی کەڵ ملی، نەرمین دڵی،
سۆز هەلاڵی، نیگا کاڵی، دڵی دڵان،
دەڕۆی ئۆغر ئەی قژ خاوی، باڵا لاوی،
گفت شیرینی، لێو هەنگوینی، پاشەبەران
دەڕۆی ئۆغر، وەلێ دوو دەنک فرمێسکی
وەک مرواری پڕ لە تیشکی ڕەنگ سرووشکی، جێ بهێڵە

بۆ کاکەکەی دڵ پڕ لە خەمان
بزەیەکی خۆت ئاسایی، بەگەردنی ئاوێنەکەمدا
هەڵواسەو جێ بهێڵە، وەکو هەوێن، بۆ ئەندێشەی
خەمی شەوان
با یادێکی سیمای جوانی، گوڵ نەخشانی،
جارجار خەمی کاڵ لێ نیشتووی.. لە قووڵاییی
دڵدا خەوتووی، تۆی بە ئەمەک.. بۆ من بکاتە
تەم گوڵدان
گوڵدانێک بێ، شیرین و تاڵ، یادگاری
ساڵەها ساڵ.. تۆی لە باوەشی ناز خەوتووم..
بیر خاتەوە وەکو جاران
***
دەڕۆی ئۆغر.. تۆ ماڵەکەم چۆڵ دەکەی و
ئەم دڵە پڕ برینەم جێ دەهێڵی بۆ هەناسەی ژانی
جیهان
ئەی جیهانگیری بێ (جیهان) ژیانێکت
جێهێشتووە بەبێ ئەمان!
دادە گچکە ئازیزەکەم، مەگەر لە عیشقدا
دڵەکەم.. گەورە و بچووکی دەفامێ؟ هەتا خۆم بگرم
وەک کێوان؟!!
مەگەر ئێستا جاری جارانە بەقوربان،
بەموورووی شین و زەنگیانە، بە (شەوە) و (شەوبا) و
(شیلانە) ژیرت کەمەوە لە گریان؟!
مەگەر ئێستا، منی کاکە هەنسک سواری،
پشت نەچەمیوی ژێر باری، هەزاران خەمی

سەرشاری، وەک خەمی تۆ-شا خەمان-
چۆن پشوو بەم؟ بەرگە بگرم؟ ئەم گیانە
پلیشاوەیەم بۆ کوێ ببەم؟ چۆن هەڵگرم؟ بیبەمە
لای برایانی، دوورە مەڵبەندی بیانیی کەس لە
حاڵیان هیچ نەزانن؟!!
تۆ هەوێنی ئەوانیش بووی! هەوێنێکی پتەو و
کۆک! هەر بەتەنیا خۆت بووی سەرۆک ئیتر
بەکێ بڵێم سەرۆک؟! دادە گچکە ئازیزەکەی
هەر هەموومان!
کێ بێ ئیتر وەکو تۆ ژیر.. خۆت ئاسایی
خونچە گوڵی، ناز پڕ دڵی، شیرین ڕازی، گیان پڕ
خەندەی گەرمی ژیان
بەرامبەرم دابنیشێ، خەمداربێ و ئاخێ
نەکێشێ، لە دیداری تام ژووانی وەک
بەیەکگەیشتنی یاران؟
دادە گچکە ئازیزەکەم، هەناسەکەم، ئەی
جێ پشووی دڵی دڵە پڕ تاسەکەم، چی بێ لە تۆ
نهێنی بێ، ئەم سەفەرەت وێرانی کردووم،
وێران
من تێگەییوم.. تێ ناگەم چییە ژیان وەلێ
ئێستا چاک حاڵی بووم چییە مانای دوورکەوتنەوە و
دەست لێک بەردان
خۆ من قەندیل و بەمۆ نیم.. خۆ من ماکۆک و
هەورێ نیم.. من مرۆڤێکی زۆر گچکەم.. چی بکەم لەم
هەموو ژانانەی ئەمڕۆی ئینسان؟!!

وەلێ سایەی ئەم ئۆغرەت ئۆغریم بوو:
لە سەرسامی، لە نەفامی، لە هەناسەکورتیی ژیان.
دەنا بەڕۆیشتنی تۆ، نەشەقام ما،
نە کۆڵان ما، نەبزنە ڕێی چیایان ما، بۆ دواوە دڵ،
پیایدا بڕۆم. جار نە جارێک ئێواران.

***

گچکە ئازیزی کەم هەڵە، وردە بارانی پێش پەڵە،
ئەی چاوگەشە، خاڵ وەنەوشە، دڵ لە ناخەوە خەم
ڕەشە، بەڕوواڵەت خەندە پەخشەی خۆ نواند و
بەکامەران و شادمان.
تۆ منداڵی، زۆر منداڵی، تۆ میوەیەکی شیرینی،
لە پێشوەختا پێگەییووی! بۆچی وەها کتوپڕی
بکەویتە بەر بەرداشی نامۆیی گیان؟!
بۆیە ئەمشەو، داوای مۆڵەت لەگشت
ئینسانییەت دەکەم، لە تۆ، لە خۆم، لە ژنەکەم،
لە دوو کچە بچکۆلەکەم، تەمەن دەگێڕمەوە دواوەی
ساڵی سالان.
هەر هەمووتان.. ڕێگەم پێبەن.. وەکو جاران
جاری جاران، بۆ ئەم سەفەرە ناوەختەت، تێر
تێر بگریم، دادە سەیران

١٤ /١٩٨٦/٨

## له چاوەڕوانی نالیدا

کۆرس:

بارانێکی ئاگرین و ئاسمانێکی پیرۆزەیی
مەلی لانە شێواومانی، عاشق کرد بەگڕی سپی
باران.. باران، ئاگر، ئاگر، ئاسمان.. ئاسمان، بوونە ژیان
بۆ کۆتری شێواوە لان، بوون بە لان، بەنیشتمان

کوڕان:

ئەی ڕێژنە باران

کچان:

ئەی قوببەی ئاسمان

کوڕان:

ئەی مەلی بێ لان

کوڕان و کچان:

بۆ عیشقی سپی سەما- کەن
گەردوونانە تەماشا-کەن

کچێک:

ئەی ئاهووەکەی خانە بێزار
کەی دێیتەوە؟ کەی.. کەی؟ بۆ شار
کەی دێیتەوە لای حەبیبەی
ماڵی ئاوای، وێرانە ماڵ؟

کوڕێک:

نیشتمانەکەم ئاوەدان بکەن
خودی نەتەوەم، شارستان بکەن

کۆرس:

لە ئاسۆوە تیلماسکێکی ئاڵ و بەرین

کۆترەکانی، وەکو دڵمان، بەخوڕ دەگرین
دەگرین بەخوڕ، دەگرین بەخوڕ
بۆ تیلماسکێکی ئاڵ وەکو گڕ.
کوڕان:
ئەی تیشکی بەهەور دژ
کچان:
ئەی هەوری ڕەشی قژ بژ
کوڕان:
ئەی تارمایی هەردەم گرژ
کوڕان و کچان:
بۆ ئومێدی ئەو ئاسۆیە.. چۆک دادەن
بۆ ئەو هەموو ڕەنگ و بۆیە.. چۆک دادەن
کچێک:
هاکا لافاوی ڕێژاو
جێی دزە پێی شووشتەوە
هاکا عیشقی خۆرەتاو
دەواری هەڵخستەوە
کچان:
زرنگەی پیاڵە و گیزەی سەماوەر
دەبنەوە هاوڕێی شەماڵ و سێبەر
کوڕان:
هاکا هەواڵی بووکی تارا ئاڵ
گەیشتە زاوای بەردەمی ڕەشماڵ
کوڕان و کچان:
زەنگی وڵاخی کاروانی بەهار
حەزرەتی (نالی)ی خستەوە گوفتار
کوڕێک:
کۆترانی شیعری لان شێواوی من

پەپوولەی ڕوحی دڵ ڕەنجاوی من
لەسەر تەنافی شەختەی غەریبی
هەڵکورماون و ئێستاش دەلەرزن
کچێک:
ئەی ئاهووەکەی خانە بێزار
تکایە بێرەوە بۆ شار
بێرەوە بۆ لای حەبیبەی
ماڵی ئاوای، وێرانە ماڵ
کۆرس:
لە ئاسۆوە ڕێبوارێکی خەم شیرین
چاوەنوارە عارەقی ماندووی بسڕین
کاشکا هەموو یەک دڵ و گیان بۆ لای دەچووین
کاشکا بەدیداری سەوزی سەربەرز دەبووین
کوڕان:
دەچووینە لای
کچان:
دەچووینە لای
کوڕێک:
یەک دڵ و گیان، بێ ڕک و کین
کچێک:
یەک دڵ و گیان، بێ ڕک و کین
کۆرس:
هەموو خەممان
هەموو خەممان دەکرد بەیەک خەمی شیرین
هەمووومان
هەموو خەممان دەکرد بەیەک خەمی شیرین
١٩٨٦ مارت

## لێم مەبوورە

خانمەکەم من عاشقێکی نیمچە شێتی دەروێش حاڵم
جار جار پسپۆڕ و وەعز خوێن، جار نەجارەش وەک مناڵم

جاری وایە.. بەقەد دێوەکەی (سلێمان) کارم هەیە
جاری واشە، وێڵ و تەنیا، لە بێ ئیشیدا ڕەجاڵم

بەشەو کە عالەم خەوتووە، یادی ئازیزانم دەکەم
کە خۆر هەڵات، هەرهەمووبان دەکوژێنەوە لە خەیاڵم

خاتوونەکەم لێم مەبوورە، من بە کەڵکی هیچ کەس نایەم
ئەگەر تۆزێک زەوقم بووایە، تۆی نازداری خونچە ئاڵم

وەک ورشەیەکی پڕ شکۆ، لە دڵی دڵما دام ئەنای
ئەمکردیتە بەهارێکی هەمیشەیی وەرزی ساڵم

بەڵام خاتوون.. لە سەرێکی تریشەوە، خاوەن حەقم
بڕوام پێ بکە نەپەرژاوم، بژیم، بمرم، یا بناڵم!!

ئەم ژیانە گەلێک سەختە، ڕۆژەکانی مەرگەساتە
ئەگەر بێتو لێم نەبووری، زەفەرم پێ دێنێ.. زاڵم

چونکە من هەروەکو خۆمم، پەرێشانی نیگایەکتم
گەردی غوربەتی سەر گۆنات، بەبرژانگ و لێو بماڵم

خاتوونەکەم لێم ببوورە.. من شاعیرێکی سەرقاڵم
کابرایەکی بەبێ پشووی، ماندوو، شەکەت و جەنجاڵم

٢٨ /١٩٨٧/٨/ دهۆک

## پەروەردە

سەرم بنێرە ناو مشتی ئەم ڕەشەبا مانگرتووە
بەڵکو هەرچی خەمی تیایە، بیتەکێنێ.
چاوم بدەرە بەر لێزمەی ئەم بارانە شێتگیربووە
بەڵکو هەرچی ئەشکی تیایە بیشواتەوە.
لووتم بخەرە ناو گەرووی ئەم گەردەلوولی دووکەڵە
بێ بەزەییە
بەڵکو هەرچی بۆنی تاڵە، ڕاپێچی کا
گوێم بئاخنە بەشریخەی ئەم برووسکە ژان گرتووە
بەڵکو هەرچی ناڵەی تیایە، کوت کوتی کا.
زمانم بسوو لە شەختەی ئەم زریانە بەڕەڵایە
بەڵکو هەرچی تفتی تیایە، پاماڵی کا
ئەوسا منی شاعیری خەو لێ هەراسان
بەبێ: خەم و ئەشک و بۆی تاڵ و ناڵەو تفتی
لەم ژیانە گەرمەی ئێستام، سارد دەبمەوە و ئارام دەگرم
دەبمە بووکەشووشەیەکی جوان و چاوڕەش
لە جامخانەی کۆگایەکی شانزیلیزێ
وەلێ ئەوساش، هەر دڵنیام، لە جامخانەی بلوورەوە
چاوی شووشەییم دەگێرم، بۆ کوردێکی چەواشەڕێ.
لە برایەکی خۆی بچم و لە خۆی ببووڕێ و دڵی بێ
بەپارەی دزراوی (کۆشکی تەلەفۆن)ێکی سەرەڕێ
سەودام بکات و بمکڕێ
وەلێ بڕوا بکەم: نایکا

چونکە تەلیسمی بەتاڵی- ئەم سەردەمەی- بیرکردنەوەی
سەرانسەری
چونکە ڕژێمی سەرمایە و دەربەدەری
چونکە لە ئەرک ڕاکردوویی و
قووڵ نەڕوانینی ڕووبەری
وەها پەروەردەی کردووە
تاک و تەنیا بۆ خۆی بگری

١٩٨٧/١٢/٦

## چەکمەجە

کە تۆم لابووی، ئاسمان قوببەیەکی شینی
ئاوالاّ بوو
خۆر دەرگا بوو..
کرایەوە و چوومە ناوەند جیهانێکی ئەفسانەیی:
شەقام دەڕوێ، گوڵ دەفڕێ، درەختی جوانی پەمەیی
قۆڵیان دەکرد بە قۆڵمدا، وەک ئاشنای شیعرەکانم
یەکێک دەیوت:
بەیارمەتی، ئیمزایەکتم دەوێ لەسەر لقەکانم.
یەکێک دەیوت:
لە ژێر سێبەرما دانیشە، تۆی گەواڵە شیعری
گەشی بەهارم.
ئەوی تریان، ڕەگێکی خۆی دەردەهێنا
دەیوت:
بیبە، ئەمەیە ئەدرێسی پۆستە و جێ و مەکانم
لەپڕ ماڵئاواییت کرد و کە ڕۆیشتی
فڕێیان دامەوە زەوی.
بینیم ئاسمان، دیوارێکی قەترانییە و ئەستێرەکان
دەسکی چەکمەجەی هەنسکی.
بۆ خەوی دیدار دەگەڕام
هەرکامیان ڕادەکێشا
دڵێکی تیابوو.. دەئێشا.

١٩٨٧/١٢/٧

# ئەو حەفتەیەی حەوت ڕۆژ و شەوێکە

١

تۆ لە دڵمایت
کە نەتوانم بتبینم و بۆنت بکەم
کە نەتوانم تامت بکەم و بتگرم
کە نەتوانم گوێت لێ بگرم
تۆ لە دڵمایت و زۆر دووریت
ئای کە دووری میوانی دڵ

***

من لە دڵتام
کە نەتوانم بمبینیت و بۆنم بکەی
کە نەتوانی بمگریت و تامم بکەی
کە نەتوانی گوێم لێ بگری
من لە دڵتام و زۆر دوورم
خانە خوێکەم.. ئای کە دوورم!

٢

تەڕ دەبم و سەرمام دەبێ
لەبەر ئەو شەستەبارانە.. سەما مەکە
هەنسکەبڕکێم تووش دەبێ
لەبەر ئەو تۆف و زریانە.. هەڕا مەکە
بۆ وا دەکەی؟
کەی وتوومە: هەرچی دەردێ

تووشی تۆ بێ
تووشی دڵی منیش دەبێ

٣

من نێرگسیم، زۆریش حەزم لەنێرگسە
کەی وتوومە تۆ لەو دەچی
وەک (مەولەوی)
وتم نێرگس لە تۆ دەچێ!
من زەردم و ئەتۆش سپی!
زویر مەبە
بڕوا بکە
بە (خۆم)م وت.. لەگەڵ (ئەو)دا
تۆش لەو دەچی!

٤

ڕاستت دەوێ
ئەم ژیانە بێهوودەیە و.. هوودەی من تۆی!
درۆت دەوێ
ئەم ژیانە.. بێهوودەیە و.. هوودەی من تۆی!
هوودەیی بێ، یان، بێ هوودە بێ.. ئەم ژیانە
هەردوو هەر تۆی!
ئاشنا، یان، دڵ پڕ غوربەت.. بەم ژیانە
هەردوو هەر تۆی!
تەنیا خۆم بم، یان، تەنیا تۆ.. لەم ژیانە
هەردوو هەر تۆی

٥

ئەم جیهانە دووکانێکە
سەودام بکەی.. سەودات بکەم
کڕیار و فرۆشەر، خۆتی
ئەم ژیانە.. پەرستگایە
بتپەرستم، بمپەرستی
ژیاو و ژیێنەر، خۆتی
بیانوو مەگرە کام.. کامتری زۆر خۆشدەوێ
ئەوەی دڵی من دەیەوێ، تۆش دەتەوێ

٦

دوێنێ لای تۆ.. نامەیەک هات
ئەمڕۆ لای من.. بووە شیعر
ئەمڕۆ لای من.. نامەیەک چوو
سبەی لای تۆ.. دەبێتە شیعر
نامە، شیعرە!
شیعر، سیحرە!

٧

(ئەمڕۆ) (سبەینێ)ی (دوێنێ)یە
هەفتە هەر (حەوت) ڕۆژی پێیە
کێ دەڵێ (شەوی هەشتەم)ی هەفتە، نییە؟
من دڵنیام خۆر ڕووی نایەت سەر دەربێنێ
تا.. شەوی (هەشتەم)ی هەفتەم بۆ نەهێنێ

٨

ڕووت و تەنیای
ڕووت و تەنیام
وەرە باخەڵمەوە بنوو
کەی لە (من) جیای
کەی لە (تۆ) جیام
ئەی حەقیقەت!

١٩٨٨/١/٧

۱۹۸۷/۱/۱۷

۱

کیژ و کوڕێکی دڵداربوون
دەست لە ناو دەست
شاد و سەرمەست
دەشنانەوە لە (مەجید بەگ)
لوورەی تۆپێک هەروەکو سەگ
دەستی گووشراویانی قرتان
وەلێ دڵی پڕ خۆشەویستی هەردووکیان
دڵی گەورەی دوو دڵداری پاکی ئینسان
عیشقیان بۆ گەل و نیشتمان
لە ڕقی ئەستووری داگیرکەران
گەورە و گەورە و گەورەتر بوو
هەزار هێندە، دەستی گووشراوی قرتێنراو
مەزنتر بوو

۲

(چۆپی) لە خشتی باغە
خانوویەکی دروست کرد
هەر ئەوەندە زۆری نەبرد
گوللە تۆپێک دای بەسەریا
بەڵێ (چۆپی)ی پەپوولە ڕەنگ و نازەنین
(چۆپی)ی خەپەی وەک گوڵ ڕەنگین

بەو گوللە تۆپە شەهید بوو
وەلێ خانووە خنجیلەکەی
ئەو نازدارە دروستی کرد
گوللە تۆپ کاری تێ نەکرد
نە ڕووخاو
نە.. هەرەسی برد

## بەیانییەکی سپی و ئێوارەیەکی ڕەش

١

بەیانی بوو
لە نێوان کورسییەکانی چایخانەکە
هات و ئەچوو
پاژنەی سۆلە بێ ڕەنگەکەی
لە ئەرز ئەسوو
لە درزی عەباکەیەوە
دەستێکی سپی کراوەی ڕەت کردبوو
وتی: کاکە - کاکە برا
پاروویەک نان لە ڕێگەی خوا
ڕووت و برسین
بەبێ حاڵین و بێ کەسین
کاکە برا
بەدەستی سمێڵی خوران
چاوە هەڵئاوساوەکانی
بەلەش و لاریدا خشان
گیڤ بووەوە و وتی: خانم..
هەر بەتەنیا پاروویەک نان؟!
بەڵکە سینییەک نان و خوان
بەرگی ئاڵ و والای زۆر جوان
پارەی باشیش بۆ مناڵەکان

بۆ هەرسێکیان
خۆت ئەزانی منیش تەنیام
ژنەی سواڵکەر
وەک بریندارێ ڕاپەڕی
بەعەباکەی خۆی داپۆشی
وتی: غەڵەتی گەردوونە
کە بە –ڕوو– لە مرۆڤ ئەچی
دەروون ڕەشی چاو کیسکردوو
نیهاد ڕەشی ویژدان مردوو
ئەوەندەی وت
پشتی تێ کرد
سۆڵەکانی لە دووی کێش کرد
بەقینەوە.. چووە دەرێ.
***
ئێوارە بوو
ژنەی سواڵکەر هاتەوە بۆ چایخانەکە
چاوی گێڕا.. چاوی گێڕا
دەروون پیسی چاو کیسکردوو
نیهاد ڕەشی ویژدان مردوو
لەوێ نەبوو
ئەگینا ئەم
برسێتی ڕازی کردبوو!

## ئاسن

تەنیام.. تەنیام
تەنیام و بیری پەرییەک دەکەم
کە پێم دەڵێ: دڵە دڵە
هەموو گەردوون گڕکانێکی پڕ لە گوڵە
دەتەقێت و بەسەر کەوندا دەبارێ

***

تەنیام.. تەنیام
بیری دوو پەریزاد دەکەم
کە پێم دەڵێن: بابە بابە
هەرچی عیشقی ناو گەردوونە
دەڕژێتە بەر دەرگای دڵم
هەر جەرەس و تەقولبابە

***

وەرنە ژوورێ
کەی من دڵم.. داخستووە؟!
ئەی من دڵم بۆ هەر هەموو ئینسانییەت
وەکو فەرشی نەرگسەجاڕ
ئاوەڵاو ڕانەخستووە؟!
بەڵام بمبەخشن هەر تەنیام
مادام پەری و پەریزادانم لەلا نین
توو عیشق و خۆشەویستی ئینسان
من ببەخشن
چونکە بەبێ بوونی ئەوان
شاعیر نیم و دەبمە پارچەیەک لە ئاسن

(کەرکووک) تشرینی یەکی ١٩٨٧

## بەها

نرخی من.. نرخی میللەتە
نە پارەیە، نە کورسییە، نە کۆشکە، نە ئۆتۆمبیلە
نە دەعوەتە
نە ناردنە ئەوروپایە
نە بەخشینی پلەوپایە
نە مەدح و فووپیاکردنە نە دۆلارە
نە لە ئێستگە باسکردنە، نە هەڵدانە وەک کۆلارە
نرخی من... نرخی میللەتە

***

نرخی من.. نرخی میللەتە..
نرخی خاک و نەتەوەیە
نرخی ئەم گەلە چەوساوە کلۆڵەیە
من ئەم خاکە جێ ناهێڵم
وەک تیا ژیام
وەهاش سەربەرز تیای دەمرم
نرخی من نرخی میللەتە
ببوورن لێم کە نیشانم
قوڵپی خوێنی گەرووی منداڵێکی کوردە
لە هەڵەبجە
کە بەگەردوونی وت گەوجە
وا من گوناهبارم تەنیا..
بەڵام چی بکا هەلاڵە و بەیبوون و وێنجە؟!

٢٦/٤/١٩٨٨- سلێمانی

## چوار بەسە و بەسێک

١

بەسە توخوا
خۆتم لێ سوور مەکەرەوە و
دەستم لێ مەخە کەلەکەت!
من پێویستیم بەتەمەنێکی تر هەیە
تا فێرتر بم
چۆن بەکوشت چم بۆ گەلەکەت!

٢

بەسە توخوا
بەباڵامدا مەڕوانە و مەڵێ جوانە!
من پێویستم بەکەسێکە!
خۆم بۆی ببم بەپەروانە!

٣

بەسە توخوا
باسم لەلای دەستە خوشکەکانت مەکە و
پێیان مەڵێ:
خۆشم دەوێ!
من پێویستم بە دڵێکە
تۆپی کەوتووی..
ئەم ڕوحەمی تێ بکەوێ!

٤

بەسە توخوا
قسە مەکە..
لە قسە زۆر وەڕسم!
من پێویستم بە کەسێکە
یەک دەستی بێ و
درێژی بکا، بۆ دەستم!

***

بەس
بەس تکایە
ئەم وەسێتەم بگەیەنە
ئەو جوانانی ئەم دنیایە و پێیان بڵێ:
هەروەکو خۆت و وەکو خۆت
دەستی شاعیر مەکەنە کۆت!
شاعیر.. ماشێنی (ڕەو) نییە!
شاعیر.. بابەتی (خەو) نییە!
شاعیر.. هی (ئەم) و (ئەو) نییە!
شاعیر.. شەمپانیای (جەو) نییە!
شاعیر.. پۆلای (پتەو) نییە!
شاعیر.. دەنووکی (کەو) نییە!
شاعیر.. شاعیرە و (ئەو) نییە!
شاعیر.. تەنیا شاعیرە و بەس!
دڵی خوایە و تێی ئەورووکێ مێش و مەگەس!

١٩٨٨/٤/١٣

هەشتەم کۆمەڵە شیعر

# عیشقی بێ نەخشان

کۆمەڵێک شیعری میللین کە لە نێوان ساڵانی
شەستەکان بۆ هەشتاکان نووسراون گەلێکی
دەشێ بکرێتە گۆرانی.

# من و شیعر و مۆسیقا

کاتێک بەژیانی منداڵی و مێردمنداڵیمدا دەچمەوە، وەک زۆربەی منداڵانی تر خولیای هەمەچەشنەم هەبوو، بەڵام ڕەنگە ئەوەی جودام بکاتەوە لە گەلێک کەسانی تر کە لەو نێوانە تەمەنەی منالّیدا وەک من خولیای هەمەچەشنەیان هەبووبێ، ئەوەبێ: کە من سەرسەختانە هەوڵم دەدا خولیاکانم بهێنمە دی. «ڕەنگە ئەم سەرسەختییەشم پێوەندی بەئاستی ئابووریی باوکمەوە هەبووبێ».
سەردەمێک حەزم لە فیلمی سینەما بوو، لەگەڵ چەند منداڵێکی هاوخولیادا بەدووی فیلمی نوێدا دەگەڕاین و لە نێوان خۆماندا ئاڵوگۆڕمان دەکرد. هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە کارتۆن ئامێرێکی فیلم نیشاندانی ساکارم دروست کردبوو بەهۆی تاکە گڵۆپێکەوە تاک تاک فیلمەکانم لەسەر دیوار نیشانی برادەرەکانم دەدا. بەزەڕەبینیش لوولەیەکم بۆ کردبوو تا بەهۆیەوە لێڵی فیلمە نیشاندراوەکە لەسەر دیوارەکە ڕۆشن بکەمەوە. لە گەڕەکی شێخان ئەوی بمناسیایە و نەمناسیایە بەچیرۆکی ئەو فیلم نیشاندەرەی دەزانی. پاشان کە باوکم هەمووی بۆ سووتاندم، خووم دایە نامە گۆڕینەوە و پوولی پۆستە کۆکردنەوە، بەهۆی ئیستگە و گۆڤارەکانەوە پتر لە (٢٠) برادەری کچ و کوڕم هەبوون لە ناو وڵاتە عەرەبییە هەمەچەشنەکاندا. ئێستاش خۆشیی ئەو ساتەم لە یاد دەرناچێ کە وێنە و ئەدرێسی خۆم لە گۆڤاری (المغامر)دا بینی. گەرچی بەهەڵەش وێنەکەمیان لە جێی خۆی دانەنابوو. ئەم قۆناغە یارمەتی زۆری دام بۆ چاکبوونی زمانی عەرەبییەکەم و هونەر پەیداکردن لە نووسینی نامەدا. ئەو برادەرانەی تا ئێستاش ماون، هەمیشە نامەی دڵدارەکانیان بەمن دەنووسی. ئەو کیژانەش کە دڵدارییان لەگەڵ کردووم و نامەی دەست درووی خەست و خۆڵم بۆ دەنووسین، شاهیدی ئەو ئاستەمن.
پاش ئەوە خووم دایە وێنەکێشان، ئیتر فڵچەی هەمەچەشن و بۆیەی ئاوی و زەیتی و قەڵەم نەما نەیخەمە گەڕ. تا وای لێ هات دیواری ژوورەکەی خۆمم

وەک ماڵی جنۆکەی ناو ئەفسانەکان لێ کردبوو. ئینجا وێنەگرتن بەکامێرا، هەروەها بەو شێوەیە. بەڵام دوو خولیای موزمینم هەبوو وەک تیراوێ، هەر لە منداڵیمەوە لە کۆڵم نەدەبوونەوە و لێیان دانەدەبڕام، ئەوانەش بەپلەی یەکەم: مۆسیقا، کە تا ئێستاش شەیدا و عاشقی بووم، تەنانەت زۆرم سەیر لێ دێ چی منی کردە شاعیر و نەبوومە مۆسیقاژەن و مۆسیقادانەر!! بەپلەی دووەمیش: خوێندنەوە و کڕینی رۆژنامە و گۆڤار و کتێب، تا دیوانی (فرمێسک و زەردەخەنە)م بەچاپ گەیاند و دیوانی دووەمم (ناسک) بردە چاپخانە و لەوێ فەوتا و بزر بوو. «لەم ساڵانەی دواییدا هەندێکم لای دۆست و برادەران بە چنگ کەوتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی عاشق بوون و کاتی خۆی لەبەریان نووسیبووەوە یان لەبەریان کردبوو. خۆم بە قەرزاری ئەو عاشقانە دەزانم».

تا ئەودەمە و ساڵانی دوای ئەویش نەمدەزانی من مۆسیقا و گۆرانی و عیشق کردوومییەتە شاعیر و شیعرەکانی ئەو قۆناغەم دەڵێی تایبەت بۆ کردنە گۆرانی دانراون.

دیارە ئەو قۆناغەی ژیانی خۆم زۆر خۆشدەوێ. گەر کۆمەڵە یادگارێکی رۆمانتیکییانەی ناسک لە ژیانمدا هەبێ زۆربەی هی ئەو قۆناغەیە، بۆیە لە خۆم و لە خوێندەوارە ئازیزەکانی خۆیشم رابینی ئەم کۆمەڵە شیعرە بە چاپ نەگەیشتووەی ئەو قۆناغەی ژیانمیان پێشکێش بکەم.

خۆشەویستان: ئەم شیعرانەی پێشکێشتانی دەکەم، وەک پێشتر لێی دوام لای ئەو برادەرانەی ئەو سەردەمە پێکەوە عاشقێنیمان دەکرد: بەنووسین یان لەبەر، لەلایان بوو. هەروەها ئەو هاورێیانەی نامەم بۆ نووسیون و نامەکانم دەپارێزن. یان لە نامەی دڵداریی دێرینەمدا کە بۆ کیژۆڵەکانی هاومەیل و دۆستم نووسیون و پاشان شەرمان بووەو لێک جودا بووینەتەوە و نامەمان داوەتەوە بەسەروچاوی یەکتریدا. ئیتر بەو حاڵە زۆربەیم دەستکەوتوونەتەوە. هەندێکیشی لە پەناو پەسێودا، لە پارچە کاغەز و بەرە کتێبدا، لە باوڵی پەرپووتی بن داروپەردوودا، لە کیسەی تاقمی تەراشی کۆندا، چنگم کەوتنەوە. تەنانەت شیعریان تێدایە، شەوان لە کۆڕی خواردنەوەدا لەسەر پاکەتی

جگەرەکەم نووسیومە پاشان پێک دوای پێک بیرم چووەتەوە و پاکەتەکەم فڕێ داوە. یەکێک لە هاوڕێیانم هەڵیان گرتووەتەوە و لای خۆیان پاراستوویانە. تا ئەودەمەی بەناوی دیوانی بزربووەوە لێم پرسیوە: ئایا شیعری منت لایە؟ لە وەڵامدا وتوویەتی: بەو حاڵە و بەو حسابە لەلامە.

لە ڕاستیدا کە دەستم کرد بەکۆکردنەوەیان، نەمزانی هێندەم لێ دەستگیر دەبنەوە، دیارە زۆری تری ماوە، بەڵام لە ترسی نەفەوتانەوەی ئەمانەش، وا لەم بەشەدا پێشکێشتانی دەکەم. دیارە نەمویست بەهیچ بیانوویەک دەستکارییان بکەم، با ئاوێنەیەکی ڕۆشنی بێ ڕتووشی ئەو قۆناغەی ژیانم بن. هیوادارم ئێوەش هەر بەو چاوی سۆزەوە تێیان بڕوانن و لەسەر هیچ شیعرێکیان، دەرگای دادگای ئەمڕۆم لێ نەخەنە سەرپشت.

دڵشاد مەریوانی

١٩٨٣

## یەکەم: شاعیر

شاعیرێکم: ئەوەی لەلای من مەبەستە
ئەوە نییە، کە بتگاتێ ئەم دوو دەستە
بەڵکە تەنیا . . مادەی جوانیت
خەواڵوێتی و چاوەڕوانیت
شیلەیەکە.. پێویستم پێیە و ئەیمژم
بۆ هەوێنی هەنگوینی بەهەشتی شیعرم
١٩٦٩

## دووەم: دڵت بردی

وتی: لێوم ژەهری تیایە
وتم: بێنە بابیمژم
وتی: ئاخر لە ناو ئەچی!
وتم: بەشکو، خۆم بکوژم
***
وتی: چاوم دەریای شینە
وتم: دڵم ئەخنکێنم
وتی: ئاخر منی تێدام!
وتم: ساردی، ئەترەنجێنم
***
وتی: بێ تۆ ژینم ناوێ
وتم: بۆ وا خۆشەویستم؟!
وتی: ئەی گوایە نایزانی!
وتم: پشتت پێ ببەستم؟!
***

وتی: سوێندم بەدڵداری
وتم: باوەڕم پێ کردی
وتی: باشە، دڵتم دەیێ
وتم: گیانە.. دڵت بردی

١٩٦٦

## سێیەم: نامناسی ؟!

توخوا چەن کەڕەت شەونمی شەرمم
بەماچ و مژین لە کوڵمت کڕی؟!
چەند جاریش ئاهـ و هەنسکی گەرمم
بەگازی بەتین لە لێوت سڕی؟!
چەند جار بەبێدەنگ لە ژێر سوخمەوە
مەمی نووستووتم، خەبەر کردەوە؟!
یا، لەسەر ڕانی نەرم و پەمەیی
چەندەها خەوی خۆش خۆشم ئەدی؟!
لەبەر خاتری ماچێکی ناوشان
چەند جار زریزەی پشتتم کردەوە؟!
یا، لەبەر نازی زەرڕەیەک گریان
چەند جار بەنوقورچ شینم کردەوە؟!
کەچی ئێستاکە، مەیلت نەماوە!
تاڤگەی بەزەییت وشک و بێ ئاوە!
ئەو عیشق و سۆزەت هیچ نییە باسی!
بەیادم ناکەی! وەکو نەمناسی!
لە ڕێگەوبانا، کاتێک ئەمبینی
تەماشام ناکەی! هیچ نامدوێنی!

دێیت و وەکـو کـەو خـۆت ئەلەنجـێنی
کـەچی هـیچ نەبێ پێم نـاڵێی: چۆنی؟!

١٩٦٧

**چوارەم: سوێند**

سـوێندم بۆ خـواردی کـە تۆم خۆشـبووێ
بـەخــەیاڵتــەوە، بنووم گــشت شــەوێ
خــۆ نەمــوت: وەکــو ســێـبــەرت ئەبم
منـیــــشـت نـەوێ، من هـەر تـۆم ئـەوێ!

***

ســوێندم بـۆ خــواردی کــە دڵســۆزت بم
لـە تۆ بـەولاوە بـۆ لای کــــەس نـەچـم
خـۆ نـەمـوت: ئەگـەر لـووتبـەرزییش بگری
من وەکــو بەندە هـەر ئـەتپــەرســتم؟!

١٩٦٦

**پێنجەم:** خانمەکەم دوێنێ وێنە و نامەکانمت نیشانی دەستەخوشکەکانت نەدایە، تا ئەمڕۆ باوەڕیان بکردایە کە ڕاست ئەکەیت و نامناسی.

ڕوو وەرمەگێڕە
ڕوو وەرمــەگـێڕە و خــۆت لێم لامــەیە
کـە نـاویان هێنـام، مــەڵێ: کـامــەیە؟!
وەکــو پێکەوە ســـەردەمی جـــاران
شــار نـەگـەڕابین کــۆڵان بـە کــۆڵان!
کـاتێک کـە نامــەی دڵداریم بـۆت نارد
دڵم مــەیلی خـۆی هـەر بـەتۆ سـپـارد

دێیت و وەکـو کـەو خـۆت ئەلەنجـێنی
کـەچی هـیچ نەبێ پێم نـاڵێی: چۆنی؟!

١٩٦٧

**چوارەم: سوێند**

سـوێندم بۆ خـواردی کـە تۆم خۆشـبووێ
بـەخـــەیاڵتـــەوە، بنووم گـــشت شـــەوێ
خـــۆ نەمـــوت: وەکـــو ســـێـبـــەرت ئەبم
مـنـیـــــــشـت نـەوێ، مـن هـەر تـۆم ئـەوێ!

***

ســـوێندم بـۆ خـــواردی کـــە دڵســـۆزت بم
لـە تۆ بـەولاوە بـۆ لای کـــــــەس نـەچـم
خـۆ نـەمـوت: ئەگـەر لـووتبـەرزییش بگری
مـن وەکـــو بەندە هـەر ئـەتپـــەرســـتـم؟!

١٩٦٦

**پێنجەم:** خانمەکەم دوێنێ وێنە و نامەکانمت نیشانی دەستەخوشکەکانت نەدایە، تا ئەمڕۆ باوەڕیان بکردایە کە ڕاست ئەکەیت و نامناسی.

ڕوو وەرمەگێڕە
ڕوو وەرمـــەگـێڕە و خـــۆت لێم لامـــەیە
کـە نـاویان هێنـام، مـەڵێ: کـامـــەیە؟!
وەکـــو پێکەوە ســــەردەمی جـــاران
شـــار نـەگـــەڕابین کـــۆڵان بـە کـــۆڵان!
کـاتێک کـە نامـــەی دڵداریم بـۆت نارد
دڵم مـــەیلی خـــۆی هـەر بـەتۆ ســپـارد

ئەو کـاتەی وتم: گـیـانە تۆم ئەوێ
هەر دڵ پێی وتم: کە تۆم خۆشـبـووێ
خـەندە و نازەکـەت زۆر بەئاشکرا
رازی دڵداری بـەگـوێـمـا ئـەیا
پێت ئەسەلماندم (دەستخەڕۆت ناکەم)
بەگـووشـینی دەست، بە مـژینی دەم
کـەچی بەو نازە تۆ دەسـتت بڕیم
بۆ مێشکی کاسم، شێتیت پێ کرێم
بەڕاسـتی ویسـتم تۆ بکەم بەیار
بۆت پێک بهێنم: ژینێکی بەخـتـیـار
دوارۆژی ژینم بـە تـۆوە بـەسـتـم
هەر خـۆشم بوێی هـەر بتـپـەرسـتم
کـەچی نەتزانی: ئەم دڵپـەرسـتـە
شادی و بەختیاری بۆ تۆ مەبەستە
منت فـریو دا، بە: قـسـەی شـیـرین
بەناز و مـەکـر و خـەندە و پێکەنین
نامـە و تەمـاشـا و قـسـە و پەیمانت
باسی دوارۆژ و بەڵێنی گـیـانت
دیارە هەمـوویان هەر سـەرزارییـە
هەتاکـو ئێسـتا کـردارت نیـیـە
تۆ ئەوە نەبووی من تێـتگەیشـتم!
کـاتێک پێم زانی، کـە پێت گـەیشـتم
کـەسـێکم نەدی وەک من تۆی بووێ
یاخـود بەنیـوەی من تۆی خۆشـبـووێ
وا جـیـابوومـەوە، لێت بووم بێـبـەری
قـیـروسـیـا لە دڵ، با کـەمێک بگری

ئیــتــر لـەمــەولا، خــەمت بۆ ناخـۆم
شـەوگاریش بێدار ناسووتێم وەک مۆم
وات لـە دڵم کـــرد هەتاکـــو مـــاوم
نـەڵێ: تـۆم ئەوێ.. یـا بـۆت سـووتـاوم
لەمـــەولا مـن و خـــۆشـــویســـتنی تـۆ
ئاسـمـان و ڕێسـمـان، دوورین، بێ درۆ
کـــەواتە گـــیـــانە خـــۆت لێم لامـــەیە
کـــە ناویـان هێنام مـــەڵێ کـامـــەیە؟!

١٩٦٦

### شـەشـەم: با ئەم ڕێیە تەواو نەکەین

ڕاست بڵێ بۆ، شەرم ئەکەی تۆ،
بەرامبەر من؟!
بەوە ناڵێم، خۆشی ئەوێم
جوانە و شەرمن.
– تۆ ئازادیت، بۆ من شادیت
تۆی تاکە یار
– دڵ بەکوڵە، نەو هی گوڵە
گیانی نازدار
لەو قەوانە، بێ کەڵکانە
گەلێکمان وت
هەموو کۆن بوون، وا لەناوچوون
گیان نەبزووت!
بەسە درۆ، وەکو پشکۆ

داخم ئەکا
جوانی گوڵم، شادی دڵم
لە ناو ئەبا
هەردووک ئەمڕۆ، پەردەی درۆ
فڕێ ئەدەین
با هەردووکمان، لەگەڵ دڵمان
لەیەک بگەین ١٩٦٦

**حەوتەم: نەورۆز**

دڵی پاساری بەو بچووکییە، کەوتە هەڵپەڕین
لەسەر ئەرخەوان، ئەیوت: خەڵکینە، با خەم لابەرین
- گوڵاڵەی نازدار زوو هەڵسە لە خەو، ئەمڕۆ نەورۆزە
من بەگۆرانی، تۆ بە پێکەنین، ئەڵێین: پیرۆزە
دە دڵم خۆش کە، بگەشێرەوە، وا گیانم دەرچوو
گوشینی دەست و شڵپەی ماچی دەم، هەمووت لە کیس چوو
خەمی پایز و ئاخی زستانیش لە دڵ بکەدەر
بۆ پارێزگاری دڕک زۆر هەیە، بژی بێ کەدەر
ئەو عەبا سەوزەی دەورەی لێداوی، پێی بڵێ: (بڕۆ)
ڕەنگی خۆت جوانە، زەرد و سووری گڕ: زەردەشت و پشکۆ
گەردنی ئاڵت دەرخە بۆ یاران، تا بەدەنگی سۆز
بڵێین: شای گوڵان.. ڕەمزی دڵداران، جەژنت لێ پیرۆز؟
١٩٦٦

.....................................................

* قافیەی بەیتەکان، دواپیتیان بخوێنینەوە کە شەش پیتە بۆ هەر شەش بەیتەکە ناوی نەورۆز (ن، ە، و، ر، ۆ، ز) خۆی دەردەچێ.

## هەشتەم: شل بوون

گیانە دەورەم بۆ ئەدەی؟
داوای چی لە من ئەکەی؟
نە.. من جوانی تۆم ئەوێ
نە دڵ بەتۆ ئەسرەوێ
نەمەکری تۆ، نە نازت
نەتیشکی چاوی بازت
من ناخەنە داوی تۆ
بەسە، وازبێنە، بڕۆ

***

تەنانەت خەندەی ڕێگا
ڕەنگە کارم تێ نەکا

***

هەر کاتێک من ئەبینی
ئەتەوێ بمدوێنی
تاکو بەبزێوی خۆت
دڵی منت خستە کۆت

***

ویستم بڵێم: تۆم ناوێ
کەچی ماوەت نەدامێ
وات لێ کردم بترسم
ڕۆژێک دەست بخەیتە دەستم
بڵێی: وازم لێ بێنە
لەمەولا مەمدوێنە

***

بۆیە زوو زوو گــیــانەکــــەم
وەک دڵم بـیــــــرت ئـەکـــــەم
١٩٦٦

## نۆیەم: کامیان؟

تریقـــەی گــەرمی پێکەنینەکـــەت
یاخــود تریفـەی چاوە شـینەکـەت!
کـــامــــەیان خـــورپە ئەخـــاتە دڵم
ئاشکرای ئەکـا.. رازی وەک گــوڵم؟
***
ڕەوتـی هاتوچۆی نـەرمی ڕێگاکـــەت
یا نەرمــە تیـشکی کـاڵی نیگاکـەت!
کــــامـــــەیـان دڵم ڕائەپەڕێنـێ
پەردەی ئارام و ئۆقـــرەم ئەدڕێنـێ؟
***
قــســەی شـیــرینی نێــوانی زارت
یان کـامـەرانی و خـۆشـیی دیدارت!
کـــامــــەیان ئاگـــر لە دڵ بەرئەدا
هۆش و ژیرێتی و خـــەیاڵیش ئەبا؟
١٩٦٦

## دەیەم: بەهاری دڵ سەربەستییە

ئارەقی لاولاو، هـەناســەی وێنجــە
سـەرچۆپی کـێشی گوڵاڵە و خـونچە

له ناو فــرێزا، ســەمــایان ئەكــرد
شــەیتانی ژانیان، هــەراسان ئەكرد
شــەستـپەڕی گــەشی باخی گــوڵاڵان
بــەپەڕی نــەرمی چەپڵـــەی ئەتــەقـــان
وەنەوشــە گــەشــە، بەهــەناســەی خۆش
دڵی زامـــداریـان ئــەهێـنایە جـــۆش
كاتێك لێم پرسین: چییە ئەم كوڵە؟!
وتیـان: ســەربەســتی، بەهــاری دڵە.
١٩٦٦

## یازدەیەم: بێهیوایی

شەوی نەگبەتی: گوڵاڵەی شانسی
لە من شاردەوە.
خوای كامەرانی: شادی دەروونمی
بۆ خۆی بردەوە
فریشتەی ئاوات: دەستی لە شان و
ملم كردەوە
شەیتانی خەفەت، لە جێیەكەی ئەو
هاتە پێشەوە
كەشتیی پێكەنین، شكاو خستمیە
دەریای گریانم
سەركاری دۆزەخ، پشكۆی گڕاوی
خستە ژیانم
گڕەی ئازاریش، خونچەی لاوێتیی

تینووی خنکانم
ڕەشەبای شەوگار، پێکی نووستنی
چاوی ڕژانم
بێهیواییە، دڵەی کۆستکەوتووی
تۆزێک پێ خۆش کەم
مەگەر بەبارانی.. بێ هیوایی خۆم
باخەکەم گۆشکەم.

١٩٦٦

* ئەوسا قۆناغی ئامادەیی لە قوتابخانەکاندا تا پۆلی پێنج بوو، لە هاوینی ١٩٦٦دا لە پۆلی پێنجی وێژەیی بووم، کە ئەنجامی تاقیکردنەوەی ساڵانەم وەرگرت، دەرنەچوو بووم. زۆرم لا ستەم بوو، چونکە زۆر بوودەڵە دەرچووبوون بەتایبەت لەوانە کە خۆم کۆششم پێ دەکردن و ئاستی نزمیانم دەزانی. بەدەم ڕۆیشتنەوەم بەرەو ماڵ، ئەم شیعرەم لە کارتەکە نووسی.

**دوازدەیەم: وێنە**

بەداخی خەماوی دووریت: ئەنەخشێنم زوڵف و پەرچەم
بەخوێنی ئاڵی سەرکردووم: ئەڕەنگێنم گوڵاڵەی دەم
لە نەفسیەتی بەرزی خۆم: گەردنت بەرز، دروست ئەکەم
لە هیوای زۆری ژیانم: بەرگت سەد تەرز، دروست ئەکەم
لە کانی گەوهەری عیشقم: دروست ئەکەم چاوانی گەش
لە ئیلهامی هونەرکردم: ترووسکە و سیحری ئەدەم بەش

١٩٦٦

.....................................................

* ئەم شیعرەم ناتەواو چنگ کەوتەوە.

### سیازدەیەم: سەردەمێک

سەردەمێک خۆشم ویستی
بەدڵ و گیان ئەمویستی
چەندە بێ هۆش بووم گیانە
ئەودەمەی ئەمپەرستی
***
سەردەمێک بوو بێ پەروا
دوات کەوتبووم وەک گەدا
بیرێکی منداڵی بوو
ژیریم لەسەر بەکوشت دا
***
سەردەمێک بەسیحری چاو
دڵی منت خستە داو
ئەو سەردەمە بەسەرچوو
نە بە(ڕەنگ) ما، نە بە(ناو)

١٩٦٦

### چواردەیەم: بڕوا نەکەی

چیتە گیانەکەم بۆ دڵت پەستە؟
خۆ دڵەکەی من هەر تۆ پەرستە!
***
لێت زویر ئەبم، ئازارت ئەیەم
جار بەجارێکیش خۆم تووڕە ئەکەم
قەت دڵتەنگ نەبی لەوانە، گیانە
بڕوام پێ نەکەی، قسەی زمانە

قسەی دڵتەنگی هەزار ڕێک ئەخەم
کە گوایە ئیتر هاتوچۆت ناکەم
نەکەی دڵگیربی لەوانە، گیانە
قسەی دڵ نییە، هینی زمانە
***
ئیتر گیانەکەم، دڵت بۆ پەستە؟
خۆ دڵەکەی من، هەر تۆ پەرستە!
١٩٦٦

**پازدەیەم: چاوی شادی**

خۆشەویستیم بۆ تۆ گیانە
هەستێکی نەرم و نیانە
سۆزێک لە دەنگی شمشاڵە
پرشنگێکی نیگای کاڵە
تۆزقاڵێکی ڕەنگی شەرمە
خەوێکی باوەشی گەرمە
ئارەزوویەکی زیندووە
تاسەیەکی پڕ تەزووە
***
ئەی فریشتەی خەیاڵی من
ئۆباڵی من.. مەخە گەردن
چۆن دڵت دێ.. جێم بهێڵی
چاوی شادیم هەڵبکۆڵی؟!
١٩٦٦

## شازدەیەم: گۆرانییەک

دڵم شادە ئەی فریشتەی دڵی شەرمن
نەکەی لاڵ بی لە گۆرانی و بەستەوتن
باسی ئەو شۆخەم لێت دەوێ
باسێک کە دڵ پێی بسرەوێ
باسێک بێت کە وشەکانی
جوان بن وەکو چاوی جوانی
رۆشن و ساف و ڕەوان بن
وەکو کانیی کوردستان بن
وشەکانی با نەخشین بن
وەک پەپوولە هەڵبفڕن
وەکو دڵم گەرم و گوڕ بن
ئاڵ بن وەکو کوڵمی شەرمن
پڕ ئەفسوون بن
پڕ جادوو بن
وەکو چاوی خەواڵوو بن
ئەی فریشتەی دڵی شەرمن
نەکەی لاڵ بی، لە گۆرانی و بەستەوتن
گۆرانییەکم لێت دەوێ
دڵی شێتی پێ بسرەوێ
گۆرانییەک
نەوترابێ
نەبیسترابێ
گۆرانییەکم لێت دەوێ
دڵی منی پێ بسرەوێ

١٩٦٦

**حەڤدەیەم:** لە شەڕە بەردی منداڵیدا سەرت شکاندووم، لە شەڕە نازی گەورەییدا دڵم مەشکێنە.

لە بیرتە؟

لە بیرتە گیانە، کاتێک مناڵ بووین
بەهاران لەگەڵ چرپەی سەحەرا
بەچەپڵەڕێزان بۆ یاری ئەچووین
سەوزەی بەهارمان بەپێ ئەشێلا؟
لەبیرتە جارێک، شەوێکی هاوین
پەڵە بەردێکت کێشا بەسەرما
هەر کە خوێنم دی، کەوتمە گرین
تۆش ترسای خێرا گریای لەگەڵما؟
دیارە لە بیرتە شەوی چاوشارکێ
عەبا کۆنێکت ئەدا بەسەرتا
پێش ئەوەی بڵێم: قەڵا بوو بە سێ
ئەهاتی، خێرا، شارت گرئەیا؟
حەز ئەکەم دیسان وەکو ئەو شەوە
کە کۆمەڵێک بووین پاک و بەرەڵا
لە تەڕ و وشکا بدۆڕێینەوە[1]
تۆ بکەن بە بووک، منیش بەزاوا

(١) منداڵان، کیژان بەجیا و کوڕان بەجیا، بەبەردێکی پان کە دیوێکی تەڕ دەکەن، دەکەونە یاری و کێ تەڕی دەوێ و کێ وشکی دەوێ. هەرچی لە کیژان دۆڕاندی دەیکەنە بووک. هەرچی لە کوڕان دۆڕاندی دەیکەنە زاوای تەک بووک و شایی ئاسا تەدارەکیان بۆ دەکەن.

## هەژدەیەم: پشیلە

تۆ پەیکەرێکی بەردی بێ گـیـان بووی
تۆ دوو چاوی سوور، پڕ لە گریان بووی
نەبووی لە ژینا.. وەکـو مـردوو بووی
تەنیـا بەجـووڵە- لە زیندوو ئەچووی
بەلێـوی دڵم بەسـتـەم بۆ وتی
دڵم ئەخەستە سەر رێت، کە، کەوتی
هیچ نەبووی بێ من.. بێ شـیعرەکانم
بێ سـۆزی دڵ و بێ تینی گـیـانم
کـە بەشـیـعری من بەرزبوویتـەوە
دەوری خـۆت بینی، سـڵـەمـیـتـەوە
کفرت کرد وتت: نامەوێ شـیعرت
نەئیلهـامی دڵ.. نەهۆش.. نەفیکرت
نەفام، بایی بوو، سپڵـە، بێ ئەقڵ
لاشـە چۆڵ و هۆڵ-لە بەزەیی دڵ
خـۆت و جـوانیت و هەرچی کە هەتە
هەمووی قوربانی دێرێک هەڵبەستە
کـە ئەڵێ: یاخـوا چقڵ باڵ نەگـرێ
کـە گـرتی دڵی سـەد گـوڵ ئەدڕێ

١٩٦٧

### نۆزدەیەم: ئارام

فـــریشـــتـــەی ئارام گـــرتمیـــە باوەش
پەردەی خەیاڵی.. سووک، دا، بە، سەرما
ئەســتـێـرەی ژووان، پرشنگدار و گـەش
ســەرمــای دووریێتی، کــردم، بەگــەرمــا

***

ژیـان وەکـــــــــو بـووک بـۆم ڕازایـەوە
گـــواره و بازنـی بـۆ خـــۆی پێ کـــڕیم
بـەهـاری تـەمـــــەن، ســــــەری دایـەوە
بـەرگی خـــەزان و شـــیـــوەنی گـــۆڕیم

١٩٦٧

### بیستەم: چۆن دڵت هات؟!

من لە چاوتا وێنەم هەبوو
کیژە بچکۆلە شەنگەکە
لە ناو دڵتا جێگەم هەبوو
شۆخە زیز و بێدەنگەکە
چۆن دڵت هات ئەو پەرچەمە
ئەو پرچە پڕ پێچ و خەمە
ئەو کوڵمە گەشە، ئەو دەمە
کە بۆ ماچێکی ناسکی، ئەو سەردەمە
لەگەڵ مەیلی چاوەڕوانی
سەمام ئەکرد، یاری، گەمە
چۆن دڵت هات بێبەزەیی

تۆ لە منیان دوور خەیتەوە؟!
چۆن دڵت هات، ئەو چاوانە
ئەو جیهانە کامەرانە
ئەو ئاسمانە فراوانە
ئەو دەریا قووڵ و شینانە
کە کەشتیی بێ سەوڵی ژینم
لە ناویانا
خەشمیانە
بێ سەروشوێن
بەبێ هیوا
بێ کەشتییەوان
بەبێ پەروا
وەکو کوێرێکی نابینا
دەستی خستە ملی شەپۆل
بەڵکو بۆ مەرامی ببا
چۆن دڵت هات بێبەزەیی
تۆ لە منیان دوور خەیتەوە؟!
***
چۆن دڵت هات گوڵاڵەی دەم
بەدانی ڕق برینداركەی ؟
بەرگی شادی بكەی بە خەم
هەستی پڕ داخ و ئازاركەی ؟!
چۆن دڵت هات بڵێسەی خەم
وەکو برسی لە من هاركەی
بێبەزەییانە پڕ بەدەم

بەگوێی منا، تۆ هاوارکەی
بڵێی: هەتاکو تۆ ماوی
ئەبێ هاواری بەهارکەی ؟!!
چۆن دڵت هات بێبەزەیی
من لە بەهار دوور خەیتەوە؟!
١٩٦٧

## بیست و یەکەم: نەتۆراوم

خۆشەویستیت
مەیلی جوانی و دڵپەرستیت
لە دڵمایە
لە ناخمایە
بووە بەڕەنگ
لە چاومایە
چۆن ڕەنگی چاوم بگۆڕم؟!
چۆن راست ئەکەم، گەر بتۆرم!
***
خۆشەویستیت ژیانمە
پێکەنین و گریانمە
چۆن باوەڕ ئەکەی بمێنم
گەر بێتو وازت لێ بێنم!
***
لێشت دووربم نەتدوێنم
بە (دەم) بشڵێم ئەترەنجێنم
وەک منالیش بتگرێنم

ئینجا وازت لێ ناهێنم

***

تەنیا لەبەر یەک تەماشا
چەقی ڕێگەکەت لێ ئەگرم
هەزار بیانووت پێ ئەگرم
بەڵکو تێ بگەی لە چاوم
چاو پێت بڵێ: نەتۆراوم
لەگەڵ دڵتا وەک خۆم ماوم
چاوەڕوانم ببەی ناوم
تا وەک کۆرپەیەکی ساوا
خۆم بخەمە کۆشی هیوا
بڵێم: هەرچی بوو، با، بڕوا
بە زمانم، نەکەی بڕوا

***

بێ بایەخن ئەو ڕۆژانەی
کە تێپەڕین لەم ژیانەی
من دووربم، تیا، لە بەزەیی
دوور لە هەستی خۆشەویستی
دوور لە سۆزی دڵپەرستی

١٩٦٨

## بیست و دووەم: دڵدار نامرێ

گیانی شیرینی منی
دڵ و جگەرمی و مەڵێ: بۆ؟
پێت ناخۆش بێ، یان خۆش بێ
من شێتی کەس نیم، بێ لە تۆ
***
گیانەکەم بەخوا
مەستم بێ پەروا
تەنیا دیدەنیت
دڵم مەست ئەکا
درۆیە هەبێ
وەک من تۆی بووێ
درۆیە کێیە!
دەبا خۆی دەرخا
***
ئەی دڵ برینت
مادام هی ئەوە
بەگوڵی دنیا
نایگۆڕمەوە
تۆ بە سەلامەت
هەمیشە دەژی
کێ دڵدار نەبێ
هەزار جار دەمرێ
***

برینی عاشق
دەرمانی ناوێ
چاک دەبێتەوە
بەتیلەی چاوێ
منیش دڵسۆزتم
ئەستێرەم شاهید
کە شەوگار خەوێ
بەچاوما نایە.
***
گیانی شیرینی منی
دڵ و جگەرمی و مەڵێ: بۆ؟
پێت ناخۆش بێ یان خۆش بێ
من شێتی کەس نیم، بێ لە تۆ
١٩٦٦

## بیست و سێیەم: لاسار

شاژنەکەی نازدارەکەم
شاشۆخەکەی گوڵزارەکەم
مەیلی نازی خۆشەویستیت
ساوایەکە چەقاوەسوو
خۆی لە دڵ ئەکا بەنووستوو
هەتاوەکو فریشتەی شەو
شاری خامۆش
ئەگرێتە کۆش
ئەوسا دێتە گیان و ناخم

پەپوولەی خەو ئەتۆرێنێ
لە ناو پێخەفی نووستنا
بەئاشکرا
چنگی لە دڵم گیر ئەکا
ئەمدیو و ئەودیوم پێ ئەکا
پێخەفەکەم لێ شێت ئەکا
چی لێ بکەم!
چارم چییە؟!
ئەگریەت و ئەمگریەنێ
خەو لە چاوم ئەتارێنێ
هەر کاتێکیش کە هیلاک بوو
وڕک ئەگرێ
لە قووڵایی چاوما بنوێ
بەڵام تەنیا بۆ ساتێ
هەر کاتێک چاوم چووە خەو
ئەو مناڵە گیان بێدارە
ئەو خەو نەزانە لاسارە
بیانوو ئەگرێ
ئەبێ چیرۆکی بۆ بکرێ
گوێم لێ ئەگرێ و بەئاگایە
هەتاوەکو تیشکی بەیان
ئەیدا
لە دڵی
هەردووکمان.

١٩٦٨

## بیست و چوارەم: کارەکەر

ئەی نەشمیلەی فریشتە ڕەنگ
ئەی وردیلەی کپ و بێدەنگ
گیان خاوێنی هێمن و مەند
گەرچی بەرگەکانت شڕن
ئاغاژن و دەستوپێوەند
رایان گرتووی:
نیوە برسی، نیوە چڵکن
زوو زووش پیاتا هەڵئەشاخن
بەڵام تۆی جوان
تۆی داوێن پاک
تۆی نەدار و لانەواز و برسی بۆ نان
بەهێمنی لە سووچێکا
بەدزییەوە
بیر لە دێرین ئەکەیەوە
ڕۆژانێک بوو
دایکت، باوکت
بەڕەنجی شان
تۆیان بەناز پێ ئەگەیان
کەچی لەپڕ
ئەهریمەنە، ناکەسەکە
شەڕێکی شوومی داگیرسان
لەو گوندەی پڕبوو لە ژیان
فڕۆکەی جەنگ

خانووەکەتانی داڕووخان
خۆیان و ماڵاتی سووتان
تۆی لە چیلکە چنین نەبێ
هەموو بوونە کۆیی زووخاڵ
تا ناچار بووی کیژی مناڵ
بوویتە کارەکەری ناو ماڵ
بەڵام ئەی جوان
لە زمانمەوە
لە زمانی ئەوانەوە
کە وەکو من
دێن بەدەم سۆزی گیانەوە
یا وەکو من، هەزار ویست و جوانپەرستن
بەئاغاژنەکەت بڵێ:
تۆ گەلێک لەو شیرینتری
تۆ گەلێک لەو نەخشینتری
بەرزتری
بەڕێزتری

١٩٦٨

## بیست و پێنجەم: بازرگانی جوان

نەمئەزانی: بازرگانی
نەمئەزانی: تۆ لەوانەی
کە خۆشەویستییەکی گەرم
بەشەو و ڕۆژێک لە یاد ئەکەن!

گیانم هێندە خرۆشابوو
نەمئەزانی بۆ کوێی بەرم!
بەڵام ئێستا
کە پێم زانی
نەک قوتابی
بەڵکە مامۆستای شەیتانی
لە بازاڕتا بەئاسانی
دڵ ئەکڕڕێ
ئەفرۆشرێ
تۆ جوانێکی بازرگانی
بەدەم مشتەری تازەوە
زۆر ڕووخۆشی
کۆن ئەفرۆشی
بەنازەوە
دێی بەپیر هینی تازەوە
بازرگانیت
بازرگانی عومری جوانیت
هینی خۆتی نەوەک، هی من
نەک ئەوانەش کە وەکو من
ئەتکڕین و ئەتفرۆشتن
بازرگانیت پێوەکردن
لە تۆ وایە:
دنیا و ژیان
دڵ کڕینە و دڵ فرۆشتن
نا.. نا.. خانم

قسەی ناوێ و بێگومانم
تێت گەیشتم
چاک ئەزانم
کە: فێڵاویت
بەڵام ئەی جوان
ڕۆژێک ئەبێ
بەسەرتا بێ
تەماشای ئاوێنە بکەی
زۆر مووی سپی بەدی کەی!
ئەوسا ئەگریت
قوڕ ئەپێویت
بۆ ڕۆژانی
بازرگانی
بەڵام ئەوسا
کەسێک نابێ
لێت بکڕێ
تۆ هەر ئاوا بیربکەوە
ئێستا:
جوانیت
بەڵام ئەوسا:
خۆت ئەیزانیت!!

١٩٦٨

## بیست و شەشەم: بچم، یا، نا؟!

بچم، یا، نا؟
لەگەڵ، دڵما!
کە، دڵ: شێتێکە بینایی
لەسەر دڕکی گوڵێک دانا
بەبێ بیرێک، لە کۆتایی!
بچم، یا، نا؟!

***

بچم، یا، نا؟
لەگەڵ هەستما
کە هەست و تینی ناخی من
وەکو بولبولێکی شەرمن
گیرۆدە بوو
پێوەند کرا
نەتوانای بوو بخوێنێ بۆت
نەڕازێکی، دڵی دەرخا
هەتا ڕۆژێک سەربڕدرا!
بچم، یا، نا؟!

***

بچم، یا، نا؟
لەگەڵ: ڕازا!
کە ڕازی خۆشەویستی تۆ
هەموو ساتێک ئەچرپێنێ
بەگوێی مندا
هەموو کاتێک تارمایی دێ

له بەرچاوم سەما ئەکا
هەتا وەک شێتم لێ ئەکا
ناچار ئەبم
تەماشای کەم
دڵە شێتە
بێ پەرواکەم
ناچار ئەبم
دوای بکەوم
لە دواجارا
ئەگەر فەرمووی:
بچم، یا، نا؟
پێی ناڵێم: نا

١٩٦٨

## بیست و حەوتەم: شنەی بەهاران

یاریی ئاوی ڕوون لەگەڵ وردە چەو
مۆسیقایەک بوو
ئارام و هێمن
چاوی گوڵاڵە سوورەی خستە خەو
***
جوانیی شۆڕەبی بڵند و شەرمن
کە ئەیڕوانییە
قەڵبەزەی کانی
بولبولی خستە گۆرانی وتن
***

کزەی شەماڵی فێنکی بەیان
مووچڕکەی ئەدا
بەداری سەروو
وەکو شاژنێک باڵای ئەلەنجان
***
بۆ هەڵپەڕینیش دەستەی نازداران
لەسەر سەوزە گیا و
شەونمی بەیان
قۆڵی ناسک و نەرمیان تێک ئاڵان
١٩٦٨

.........................................................
* بەداخەوە ئەم شیعرەم بە ناتەواوی دەستکەوتەوە.

**بیست و هەشتەم: دووربە**

پێ بەپێی غــــەزەلێکی عـــــەلی عــــارف ئاغـــــا
ئەبێ تیشکێکی خواوەندی، لە چاوی تۆدا، بەجێمابێ
لە کاتێکا، کەوا، یەزدان، بەپەنجەی نەخشی کێشابێ!
کـە، سـاڵێ جـارێ بتـبـینم، ئەڵێی دایم لەبەرچاوی
کـەچی تیـشکی هەمـیشـەی رۆژ، بەچاوم ئاشنا نابێ!
***
وەکو دۆستێک تەماشام کە گەلێ شەو یادی ئەوچاوە
بـەلایلایـە نوانـدوومی، وەکـــو کـــۆرپەی کـــە گــریـاوە
لەلام ســەیرە! خــەشـیــمـانـە، بەلامـا دێیت و نازانی
کە ناخ و گیان و هەستی من، بەسۆزی تۆیە، سووتاوە!
***

بەتەنیا خاوەنی دڵ بووم، کە تۆزێک سۆزی تیامابێ
ئەویش لاشەی بەجێ هێشتم، وەکو بۆ من نەخوڵقابێ!
ئەبێ بۆچی، بەشی عاشق، بەتەنیا گریە بێ و ناڵە!
کەچی هێشتا وشەی کاڵی، بە خوێنی ئاڵووالا بێ!

***

نەکەی باوەڕ بەوەی سوێندخۆم، هەتاکو ئەم دڵەم مابێ
لە تۆی نەخشین و ڕەوت شیرین، بەچاوی ئاشنا نابێ
تکایە دوور بە ئەی نازدار، وەکو دووربووی لەمەوپێشیش
نەکا پەیکەری پیرۆزت، لە دڵما تەفروتوونا بێ

١٩٦٧

## بیست و نۆیەم: نامەی عیشق دۆزێک

خۆشەویستەکەم
لەم نامەیەدا: باسی ڕابوردووی خۆمت بۆ ئەکەم
کاتێک منداڵ بووم: مۆتەکەکانیان بۆ بانگ ئەکردم(*)
بە شەولەبان– و–ئەلەکە– و – وەلەکە، ژیریان ئەکردم(*)
بەباسی : –دێو– و –خێو– و –جنۆکە،(*)
نەک خەو! ئەشمردم
شەو بەشەرواڵە هەڵواسراوەکەم،
روحیان ئەبردم
بەڕۆژ قورقوشمیان بۆ ئەتوانمەوە،(*)
تا–و– ترسم دەرکەن

***

کە نەخۆش ئەبووم: ئایەتەل کورسی و ویردی دوعا بوو
تا، مێردەزمە– و –حەیتەکان– نەمبەن

له قوتابخانه: مامۆستای یەکەم، جنێوو دار بوو
دووەم، مۆنێک بوو، جنسی کەمتیار بوو(*)
وانەکانیشم:
-گەورەو بچووکی هەر هەیە ئەگەر، لە ناویشت با
-ئەوەی خوا نەیکا، قەت نابێ رووبا
-هۆی پێشنەکەوتن:
هۆی سەرنەکەوتن:
درۆزنییە، دزی و فزییە!
***
لە شارەکەما
لەسەر مۆرەیەک، شان لە شان دانێک
(دە) سەر ئەشکێنرا
نەک ئافرەت، بەڵکە، مناڵ ئەفرێنرا
ئاگریان ئەخوارد لای دەروێشەکان
ماڵ و مناڵیش ئاگر ئەیسووتان(*)
لە تەراویح -دا (جەزبە)ی سۆفیان بوو
لەولاترەوە نۆی حوزەیران بوو(*)
***
خۆشەویستەکەم
گاڵتەم پێ مەکە
ئێستاش لە دەنگی غەیبی ئەترسم
ئێستاش هەواڵی - بیبی - ئەپرسم(*)
لەبەر هارەی شیو،
گوێچکەم دائەخەم
لە تاریکە شەو

بیسمیلا ئەکەم(*)
نەکەی لێم زیزبی من هەرچییەک هەم
خەڵکی ئەم خاکەم
هـی ئەو پەروەردەی ئەم داووبەندەم(*)
خۆشەویستەکەم
من هەرچییەک هەم
کۆمەڵێک خوێن و دەمار و گۆشتم، وەکو ئەو خەڵکەم
بەشوێن بەختما، پەنا بۆ هەموو فاڵچییەک ئەبەم
گەنجێکی ڕەبەن، دڵ پڕ لە تاسەم
پەنا بۆ دەشت و عەرەقیش ئەبەم
بۆ دەستگیرانێک ماخۆلانمە
سەر بەهەزاران کۆڵانا ئەکەم
وەک هەرزەکارێک کوشتەی تەنیاییم
وەکو عاشقێک تینووی بەزەییم
تینووی ماچێکی کوڵمی پەمەییم
تینووی دوو چاوی گەشی ئاگرییم
تینووی دوو مەمکی تورت و هەناریم(*)
***
خۆشەویستەکەم
ئێستایش ئەو تیشکەی هەستی پێ دەکەم
هـی نامەکانتە(*)
ئەگینا من چیم؟؟
من دەستمایەکەم
کۆمەڵێک وێنەی ژەنگاوی تەڵخن
ئەیکەم بەدیاری:

بۆ سووتەمەنی بڵێسەی نەورۆز
ئەو بڵێسەیەی خاوێنی کردم و بوومە عیشق دۆز
بوومە دڵداری ڕاستەقینەی گەل
بوومە عاشقی خۆری دەمی کەل
خۆری ئازادیی ئینسانی زەوی
ئینسانی گەورەی هەردەم دەنگ زوڵاڵ
پەروەردەی نامەی بەرزی کەپیتاڵ
١٩٦٩

---

* کە منداڵ تای لێ دەهات و دادەچڵەکی و دەترسا، قورقوشمیان دەتواندەوە ناو جامێکی پڕ لە ئاو، کە لەسەر سەریا رایان دەگرت تا بەشکڵی قورقوشمە بەستووەکەی ناو ئاوەکە بزانن لە چی ترساوە و ترسەکەشی بڕوا.
* ناوی ئەو دەعبا و دڕندە خورافیات و ئەفسانانەیەن، کە لە کاتێکدا منداڵان دەگریان یان بیانووە ورکیان دەگرت، دایک و باوکی کورد بەناوهێنانی ئەوانە دەمکوت و بێدەنگیان دەکردن و دەیانترساندن.
* بەداخەوە مامۆستایانی پەروەدە دادەری نەوەکەی سەردەمی من هەندێک نەزان و بێ پەروەردە و رەفتار جەنگیزخانییان تێدا بوو. بۆ نموونە یەکێک لەوانە سزای بۆ قوتابی نەزان ئەوە بوو کە بەزۆر دەمی قوتابییەکەی دەکردەوە و تفی تێ دەکرد. ئەمەو گەلێک شتی دڕندانەتر کە زۆر قوتابییان ناچار کرد واز لە قوتابخانە بهێنن. ڕێزم هەیە بۆ بەشە چاکەکەی مامۆستایانی ئەو سەردەمە، بەڵام ناتوانن بڵێن وانەبوو. جگە لەوەی (٩٠٪)ی ئەو مامۆستایانە و زیاتریش لەو ڕێژەیە ئایدیالیستی بوون و بەشێوەیێکی زانستییانە پەروەدەیان دانەدەداین. دیارە ئەمەیان پێوەندی بەقۆناغەکەوە هەیە و گوناهی زۆری لە ملی ئەوان نییە.
* ئەم خۆشەویستە کارڵ مارکس-ەو ئەم نامەیەم ئاراستەی ئەو کرد. دوای

ئەوەی ئەنجامی بەردەوام خوێندنەوە و ئەزموونە ژیانییەکانم نێوان ساڵانی ١٩٦٩-١٩٧٠یان کرد بە ساڵی وەرچەرخاندنی فەلسەفیم.
* ئەم چەند شیعرەی لەم لاپەڕانەی تردا دێن، ئەو خورپە و حەز و نازانەن، کە ویستوومە غەدریان لێ نەکەم و لە بەرگە رۆمانتیکییەکەی خۆیاندا دایان ڕێژم، چونکە ئاشکرایە شیعریش وەک هەر بوویەکی زیندووی ناو ئەم گەردوونە کاڵای لە قەد باڵا -گەوهەر-ە.
دیارە شاعیریش لە هەموو کەسێکی ئاسایی زیاتر و دڵ پڕ کەف و کوڵتر، ڕووبەڕووی ژیان دەبێتەوە و دەستلەملانی دەبێ. بەتایبەتی کەسێکی وەک من کە هەمیشە، لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا وتوومە: ژیانم بێ جوانی و عیشق و سەودا، سفرێکی ئەودیو فاریزەش ناکا. لە نقێمی گوڵاڵە سوورەیەکی ناو سەوزە گیاوە بیگرە، تا ورشەی تیشکی لاملی نازدارێک. لە سەرەوە نەخشەی لەشم تێک دەدەنەوە و دروستم دەکەنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەیەکی نوێتر، لە خواست و مەیل و حەزی زیندوو.

## سییەم: شەقامی کاوە

ببم بەقوربان لارولەنجەکەت
بمکە بەگوڵێک بۆ تەسریحەکەت

***

لەبەر خاتری ئەو جووتە چاوە
بووم بەنەمامێک لە جادەی کاوە
بەڵکە جارێ، وەکو ڕێبوارێ
زەردەخەنەیەک، لە ڕووت ببارێ

***

ماکسی بەدەن چەسپ، ورشەی شاڵی شان
نەک هەر دڵی من، شەقامی جووڵان
شەقامی کاوە، کۆستی ئەکەوێ

ڕۆژێک هەنگاوی، تۆی بەرنەکەوێ،

***

ئەو نیگا گەرمەت، گیانی سست کردم

توانای ڕۆیین و گفتوگۆی بردم

من وا .. مامەوە، بەئارامەوە

تۆ وەکو خۆتی و من توامەوە

***

تۆ بە شانێل و پووتی بەرزەوە

من بە شەیدایی و دڵە لەرزەوە!

ئەی جوانی خرپن، ناسکۆڵەی شەرمن

بەسە گوناهم مەخەرە گەردن!

***

ببم بەقوربان لارولەنجەکەت

بمکە بە گوڵێک بۆ تەسریحەکەت

١٩٧٥

---

* هاوڕێی هونەرمەندم: عوسمان عەلی گەرچی کۆپلەی دووەمی شیعرەکەی نەخستووەتە گۆرانییەکەوە، بەڵام ئاوازەکەیم بەسەرکەوتوو زانی.

## سی و یەک: نەرمە، لەنجەکەت نەرمە

نیگای هەڵپەڕکێت گەرمە

جوانێ ئیتر لەبەرچی!

سەرکوڵمت پڕ لە شەرمە؟!

***

شاییە و شەرمی ناوێ

قەزات لە ماڵم کەوێ
کوێراییی شەرم دایە
کەوا توخنت دەکەوێ!
***
سەرچۆپێکەم لێ بگرە
شاییە، چۆپیە، فەرموو
بە فەقیانە شۆڕەکەت
ئاگر بەربەرە مردوو
بە، شان، هەڵی تەکێنە
با شێتگیر بن دەستەی کوڕ
ئاگر لە سەریان بەربێ
وەک نەوتی بابە گوڕگوڕ
***
شۆڕەکچ رەشبەڵەک گەرم بێ
بەعەرەقی گۆناکەت
بەردیش دڵی نەرم بێ
***
نەرمە لەنجەکەت نەرمە
نیگای هەڵپەڕکێت گەرمە
خاتوونی من لەبەر چی
شیعری تۆ تاجی سەرمە!!
١٩٧٥

## سـی و دووەم: دوو سـەودای بەرەڵا

١

وەکو خەمێک
بەهەنگاوە گورجەکانت
هۆڵی بەردەمی ژوورەکەم
ئەنجن... ئەنجن کە
وەکو تاسەی
پڕ لە خۆزگەی چاوەکانت
سەرنجە کتوپڕەکەم
بەنیگا
دەرزی ئاژن کە
لانەوازیم
هەزار هێندە
لانەواز و
شێت و ون کە

٢

لە دوو تاقگەی
نیگای کاڵی چاوەکانتا
لە برژانگی
جوان چنراوتا
بەئاشکرا و بەدزییەوە
ماسی هەموو حەزەکانم
گل بەرەوە

جوانێ کاڵە خەم نۆشەکەم
خاتوونە خەم فرۆشەکەم:
چی لە تۆیە!!
ماسییەکانم
بکە بەشوڵکی بییەوە
جێم بهێڵە
منیش دوای تۆ
هەنگاوەکانتم چنییەوە
کلافەیەک پەند و خەم بوون
دڵم خستییە ناو دڵییەوە

١٩٧٤

## سی و سێیەم: شیرین

تۆ ناسکی شیرین گیان
وەکو خەونی دڵداران
ئەز چۆن دڵت بێشێنم!
تاوانە، وەڵڵا، تاوان!

***

تۆ هۆزانی و پێ دەگری
تۆ گوڵیت و هەڵدەفری
کە دەگەیتە باوەشم
خەم خۆی دەکوژێ، لە تاوان

***

تۆ ئەو خەونەی دێیتە دی
تۆ بەهەشتی سەر عەردی

دڵــدار، بــێ تــۆ، ژیـــانـــی
بێـــهـــوودەیە و بێ ئامـــان
***
تۆ جــوانی وەک هـەڵپــەڕکێ
نـازداری وەکـــــــو بـووکـێ
ســـەرچۆپیی شـــایی بگرێ
لە گــوندێکی کــوردســتــان
***
تۆ نـاسکی شــیـرین گــیـان
وەکـــو خـــــەونـی دڵداران
ئـەز چۆن دڵت بێــشـــێنم
تـــاوانـــە، وەڵـــڵا، تـــاوان

١٩٧٨

* ئەم شیـعرەم بۆ گۆرانیبێژێکی سەر بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو دانا، وەک پرۆژەیەک بۆ تێکەڵکردنی هەردوو دیالێکتی ژووروو-خـواروو. بەڵام پاشان لە هەنگاوەکەش و لە گۆرانیبێژەکەش پەشیمان بوومەوە و نەمدایە.

### سی و چوار: چەتوون

لە بەردەممەوە ناز دەڕژێ
عەتر دەپژێ
وەک مانی پێک تیشکی هیوا
نازدارێتی پێی گرتووە و
دەڕوا و دەڕوا

بەگومانم ئەمە تۆ بیت!
گەر تۆی خاتوون
لە کەناری لاڕێ لادە
ئەوا دڵدارێکی چەتوون
لەسەر نووکی پەنجەی پێی دڵ
نەرم دەڕوا بە دواتەوە
لە خۆشی دیدەنیی باڵات
هێندە مەستە
بەڕێوە خەو دەیباتەوە،
بەڵام نەکەی!
نەکەی ئاوڕ بدەیتەوە
کانی ئاوڕ ناداتەوە
نەکەی ئاوڕ بدەیتەوە!
نەکەی، نەکەی
خەیاڵەکەم تێک دەیتەوە!
***
هەر خەیاڵە!
بەڵێ خاتوون
بەگومانم لەوەی مەیلت
کانی بێ و روون!
وەکو مەیلی دڵدارێکی وەک من
چەتوون
بڕۆ و بڕۆ
لە بەردەمما وەک تیشکی نازێک بڕژێ
نازدارێتیت با پێ بگرێ

تەنیا بە لەنجەی ڕێگاکەت
با تینوێتی حەزم بشکێ
***
نەکەی ئاور بدەیتەوە و
خەیاڵەکەم تێک دەیتەوە!
با، چلچراکەی دڵداری چەتوون
نەشکێ
ئاخۆ ئەقڵت بەوە دەشکێ؟!
بەگومانم
گەر ئەقڵت پێ بشکایە!
نەک هەر ئاوڕ،
بەڵکە هەرگیز وەکو نازێک
نەدەڕژایتە ئەم ڕێگایە!
مەگەر خاتوون!!
تۆ ڕووداوی ئەم ڕێگایەت
بەبیرنایە!؟
کارەساتی ئەم ڕێگایە
وەک پەتایە
تووشی بووین و
پێشی مردین
سەرسام مەبە!
من و تۆ ئەو ڕۆژە مردین
کە ترس
کڕنووشی پێ بردین
کە یاسای ئەم کۆمەڵگایە

فێری
دووفاقێتی
کردین!
١٩٧٣

## سی و پێنجەم: گەردوونی من

تۆ گەردوونی خۆری گیانمی
تا یەک مرۆڤ چەوساوە بێ
ئەم گیانەم بۆ هەرکوێ بچێ
دەگەڕێتەوە باوەشت!
***
گیانمماڵئاوایی دەکا
لە باوەشت دەرباز دەبێ
هەر کە ئاسۆیەک دەبینێ
دەگەڕێتەوە باوەشت!
***
ئەی گەردوونی سەفەری هەموو ژیانم
خۆری گیانم، چارەنووسی ژیانتە
ئەی گەردوونی خۆری گیانم
دوابەندەرم: چاوەکانتە!
١٩٧٧

## سی و شەشەم: ئەسمەر

دڵم، بۆ تۆ، برینداریێکە، خەتەر
شێتی تۆ بووم، ئەسمەر
دڵم، بۆ تۆ، برینداریێکە، خەتەر
***
خۆ، من، لە تۆ بەولاوە نیمە
دڵبەر
تەنیا، پەیمانم بەتۆ داوە
بەتەنیا
هەر بۆ تۆم
هەر تۆی
شێتی تۆ بووم ئەسمەر
***
شێت بووم بۆ ئەو دوو چاوە مەستە
جارێ
رەحمێ بکە، بەم، دڵە خەستە
بێ لە تۆ
کێم هەیە
هەر تۆی
شێتی تۆ بووم ئەسمەر
***
دنیا دوو سێ رۆژێکە تەنیا
چاوم
شادی لە چاوتا بەدی ئەکا

نابینێ
کەسی تر
هەر تۆی
شێتی تۆ بووم ئەسمەر
***
دڵم، بۆ تۆ، برینداریکە، خەتەر
شێتی تۆ بووم ئەسمەر
شێتی تۆ بووم ئەسمەر

١٩٧١

.........................................................

* ئەم شیعرە ئاوازێکی تایبەت دەیگرێتە ئەستۆ، چونکە هەموو کۆپلەکانی هەنگاو بەهەنگاو یەک ئاهەنگ دەیانگرێتە خۆ.

## سی و حەوتەم: سێ چوارین

١

یەکێک مارکس، یەکێک وجوودی
یەکێکیش ویلسن دەکا بەخودی
قومێک مەی بخۆ، یەک دڵت هەیە
هەر کاتێک مردن، کە بردی، بردی

٢

زانایانی بیست، قوربانی ئەوەتان
کە مانگیشیان گرت، ڤێتنامیان سووتان
ساقی تۆی مانگم، داوێنت دەگرم
مانگی ئاسمانیش موبارەک بەوان

٣

خـــــەم شـــــانەیەکـــــە، هینـی دانـایـە
ژیـان وەک پـرچـی ئـاڵـۆسـکـاو وایــە
گەر بەپەنجەش بێ، مەست دای دەهێنێ
دانـا، بـە شــــــانـەش، هـەر بـۆی دانـایـە

...........................................................

* ئەم چوارینانە زۆربوون هی سەرەتای شیعر دانانمە کاتی خەریکبوونم بە خەیامەوە، بەڵام چەندم کرد دەستم نەکەوتنەوە.

## سی و هەشتەم: لە پاسێکدا

بـرۆت، حـــاڵی ـ لە ئامــێــزی، نەزاکــەتدا، کـــە داناوە
دڵم لەو ســـووتـاوترە بۆت، دە تاوێک رووکـــە بەمـــــلاوە
ئاڵۆسکانی ئەم عەیشەی من، یەک هەناسـەت چاری دەکـا
وابزانە ســیـــشـــوارێکە و، پەرچەمت نەختێ ژاکـــاوە!
حــەدم نیــیـــە، بەڵام چی بکەم! ئەوا خـوێنم حـەڵاڵت کـرد
بیکە ســپــــرای، بۆ ئەو داوەی، هەوای پاســـەکـــە لێی داوە
ئەمـــەندەت دڵ، شکاندووم دڵ، راهـاتووە، لەگـــەڵ شکان
ئەگـــەر رۆژێک مـــەیلم بەیتێ، دڵم دەشکێ لە ســـەد لاوە!
رەشـــەباکـــەی سلێـــمـــانی، بەبۆی عـــەتری لاملت کـەوت
من تەنیـــا بەبۆی هـەناســـەت، چوومـــە خـولقی رەشـــەباوە
پێم ببەخشی، ئەو قەڵەمەی، چاوەکانتی پێ رەش دەکەی:
شـیـعـرێکی وات بۆ دەنووسم، بڵـێن مـەخلووق دای نەناوە!

١٩٧٩

## سی و نۆیەم: نەوەی عاسمان

زەردەخەنەت سووتانمە و، رووگرژیت: مردنە مردن
لە دووریتا: مەمی شەیدا و، کە دەرکەوتی: دێوانەم من
لە دوو دوگمەی ترازاوی، یەخەی کراسی چەسپەوە،
گەردن: تەلەفزێونێکە بەئیستگەکەی بەهەشتەوە
بەدامێنی چارلسەکەت: باوەشێنی لەنجەت دەکەی!
سووتانم: سینەمایە بۆت، دەڵێی بمرە هەتاکو هەی؟!
لە بتخانەی گیانفیدابیت: شەیدایەکم، بە ناموسم[1]،
لە دائیرەی لەرەی لەشتا، دەڵێی راداری جاسووسم!
ئەگەر زەردەخەنەت شەکرە، بیتاقەم پێیە مالۆێران
دەبا نۆرەم بگاتە سەر، ئەوا سووتام، نەوەی عاسمان.

١٩٧٨

## چلەم: بۆ شیرین. ک

لێم مەپرسە:
خۆشت دەوێم
یا، ناتەوێم
تەماشای شیعرەکانم کە[2]
هەموو کوڵن
وەکو بالات.
هەموو قووڵن

(١) سوێند خواردنە.

(٢) مەبەست ئەو شیعرە گولانەیە کە لە دیوانی سەمفۆنیای وەنەوشەدا پێشکێش بەخۆی کراون.

وەکو نیگات
هەموو بە تەمام و شیرینن
وەکو مەیلت پڕ هەنگوینن
هەموو ڕەنگی ژانەکانی،
کوردی مرۆڤیان پێوەیە!
وەک خەمی ئەو چیرۆکانەی
نووسیوتن و
ئەوانەی وا بەڕێوەیە!
١٩٧٩/٣/٢٨

**چل و یەکەم:** هەوڵ و کۆششێکە بۆ دانانی پارچە مۆسیقایەکی فانتازیای کوردی لە بەرگی ئاهەنگی وشەی شیعریدا.

لێکدانەوە..
گالیسکەیەکی.... دوو ئەسپی
لەسەر شانی..... هەڵی گرتووی
شەقام: شۆڕراوی بارانە و
بەرگەکانت
هاوینەن
هەور: بۆت بووە بەچەتر و
خەونەکانت
بێ وێنەن
بەرگەکانت:.... بێ وێنەن
خەونەکانت..... هاوینەن
منیش دارکاژێکی کەنار ڕێگەکەتم
منی ڕێبوار

خەمی ئەسپ و بەرگەکەتم
بەرگەکانت:
هاوینەن و دەگەڕێیەوە کۆشکەکەت
پەرش و
بڵاویت و
شەکەت
بەڵام ئایا؟!
لەوێ جێیەک شک دەبینی
وەکو دڵی من
نەرم!
لەوێ جێیەک شک دەبینی
وەک ئامێزی من
گەرم!
ئەگەر وابوو
ئەسپی گالیسکەکەت هەردوو
بەرەڵای سارایان دەکەم
چونکە هەردووک
دەستی منە،
فەرمان
دەدەم
گالیسکەکەش، بسووتێنە
چونکە ئەویش
دڵی منە.
ئێستا، زانیت!
بۆ لێخورە عاشقەکەی ناڕوانێتە تۆی نازدار و چاو دەبڕێتە ڕیزە دارکاژی

کەناران!
ئێستا زانیت!
گەر نەزانی چی دەردەبڕم؟
بەرگەکانت
دادەدڕم!
گەرچی هەموو تازە شیعرن
بەڵام خاتوون با نەمێنن
چونکە هەڵەی...
شاعیرێکی
شێت و وێتی وەکو منن
ئایار ١٩٧٩

### چل و دووەم: ناتەبایی

بەڵێ خانم بۆ منی پیاو زۆرە ژن
هەروەک لێرە پیاوان زۆرن بۆ تۆی ژن
ڕاستە جوانی و بەنەزاکەتی و شەرمن!
ڕاستە کپ و بەئارامی وەکو من
ڕاستە لێرە تۆ بەتەنیا و من تەنیام
بەڵام هێشتا بەمەیلی ڕوح لێت جیام
من شاعیرم، شاعیر شێتە و بێ پەروا
زۆر جار ئەوەی خۆشی دەوێ، خەم دەیخوا
زۆر جار ئەوەی شاعیریش خۆی دەیەوێ
بێ باکانە، پشتی لەمە و دەخەوێ
خانمەکەم ئاخ بۆ ژنێکی وڵاتم
کورد زمانی بڵێ: شەیدای باڵاتم

نـا، واش نەڵێ، بڵێ، سندان ژەهری مـــار
داخ بۆ کـیــژە لاسـارەکـەی چاوخـومــار
یان پێی بڵــێم: هێـشــووە ترێی ڕەزەکـەم
لە جێی باخ و خـانوو و هەموو کـەسـەکـەم
بـەنوقــورچێک بشــاخـــێنێ وەک مـــەلان
بەتوانجێک لێم بچـێـتـە کـەلی شـەیتــان
ســەد بیــانووی بێ، بەلایەنی کـــەمـــەوە
سـیل و دیق کـەم، هـەتا ئاشـتی کـەمـەوە

***

بەڵێ خــــانم دەمــــەوێ
کــیـــژێکی وام بـەرکـــەوێ
حـــەز دەکـــەم لێــوێک بمژم
بـەرەو ڕووم پـێکەنیــــبێ
حەز دەکەم کوڵمێک ماچ کەم
لەبەر مـــاچمـــا لەرزیبێ
چاوێک بێـــتـــە بەر نیگام
بۆ خـــەمناکـــیم گـــریابێ
کـــیــژێک بکەمـــە دۆســـتم
بەگــیــان، دڵمی ســەودابێ

***

خۆزگـە ئێستـا نازدارێکی نەشمـیلانەی کوردستـانی
کابینەکەی دادەگیرساند، پرشەپرشی کوڵمی جوانی!
بەڵێ: خـۆزیا، سیـمـای کیـژێک لـەم ژوورەدا لەگەڵمـابێ
وەک لەپی دەســتــەکـانمی خـۆم لە پێش چاوم ئاشنابێ!
بەجـــامـــبــازی و بـەعـــەیاری، هەزارانی بەشــوو دابێ
بـەکـــارەبای زەردەخـــەنەی دەی وەک منـی ئـوتوو دابێ

بێـبـاکــانه لووتی قـوتـی، له قـوببـەی بـەرزی سـەمـابێ
چاوی جـوانـی رەشـــەباکـــەی سلێـمـــانـی ئەزێت دابێ
سـەر بەرەوخوار لەسـەر سەهۆڵ بەندانەکەی خلیسکابێ
لـە ناو کـــۆلانەکـــانیــدا، چەمـــۆڵەی لە کـــوڕان نابێ

١٩٨١

## چل و سێیەم: پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی عەلی عارف ئاغا

پەریزادەی بەهـەشــتـی خــوا، لە تـۆ وردیلـەتر نـابێ
بێچووە کەروێشکی خرپنیش لە تۆ نەرمیلەتر نابێ
پێکەنینی گـوڵـی شــەوبۆش لە تۆ جـوانکیلەتـر نابێ
گوڵ و خونچـەی بەهارانیش لە تۆ نەشمیلەتر نابێ
نەمـام و عـەرعـەری کۆرپەش لە تۆ خنجیلـەتر نابێ

***

نیــیـــە پۆڕێ کـــەوا لـەنجــەی، لە لەنجـــەی تۆ بێ شـــیــرینتـــر
نیـیـە جـوانێ کـەوا خــەندەی، لە خــەندەی تۆ بێ نـەخـشــینتــر
نیــیـــە ســـێـــوێ لە باخـــاندا، لە کـــوڵمی تۆ بێ رەنگینتـــر
لە دونیـادا لـە تۆ جـوانتـر، لە تۆ مـەحـبـووب و[1] شـیـرینتـر
ئەگـــەر دەعـــواچیــیـــەک[2] مـــابێ، درۆناکـــا دەســـا بابێ!
دەســـا بابێ، یوســـفێ بێ، زولەیخـــای بۆ بوو بەخـــشڵ[3]
دەســـا بابێ، حـــۆرییـــەک بێ، لە گـــڕبێ نەک لە مـــشـــتێ گڵ
دەســـا بابێ، بولبـــولێ بێ، لە نیـــســـانا بێـــتـــە ســـەرچڵ

(١) مەحبووب: خۆشەویست، لە دڵدا شیرین
(٢) دەعواچی: خاوەن داوا، شکاتکەر
(٣) نیشانەیە بۆ چیرۆکی یوسف و زولەیخای ناو قورئان

دەسا بابێن بەسەف یەکسەر هەموو چاو مەست و ڕوومەت گوڵ
بزانە چۆن ئەبێ مــــەحـــجـــووب. ئەوەی وا لافی لێ دابێ!

***

نەکـەی باوەڕ هەبێ جـوانێ، لە بەردەمـتـا کـە- خـۆی بادا
بڵێ نەخـــشـــینـم و چاکی ڕەزامـــەندی بەلادا کـــا[٤]
گـیـانە تۆ ڕۆژێ دەرکـەوتی! ئەسـتـێـرەش بێ ئەبێ ڕاکـا
درۆیە تۆ لە ئینسـان بی.. ئەمن ئەقـڵم قـبـوول ناکـا
پەریش حــەدی نیــیە وابێ.. ئەبەد حـۆریش بەتۆ نابێ.
لە تەقـواوە[٥] بەزاهیـدێک[٦] چۆن ئەفـەرموون گـەلێک تەقـقی[٧]
منیش وەها زاهیـــدی تۆم، مـــەیلی دڵم بەرزە و نەقی[٨]
شـــەوێک لە زیکرت[٩] غـــافڵ بووم.. ئازار و ژانم لێ تەقی
کـەوابوو تۆ لە نوتفـەی[١٠] نووری پاکی قـودرەتی حـەقی[١١]
ئەبێ مـەئوایی ئەسـڵـیـشت[١٢] عـەتارید یا سـورەیا بێ[١٣]
بەبانگیش پێنج فـەرزەکـەی دین[١٤] یەکـێکی لێ ئەدا ناکـەم[١٥]
کـــەچی هی تۆ بەبێ بانگە و هەزاریشـــە و دوای ناخـــەم

(٤) واتە لە خۆی ڕازی بێ. لە جوانی خۆی دڵنیابێ کە بێ خەوشە.
(٥) تەقـوا: خـوداپەرسـتی، پەرسـتش، پەرسـتی خـودا تەرخـان کـردوو. پاراسـتـوو خـوداپەرسـتی بێ گـوناه پاک و بێ خـەوش و لەکـەبوون لە بەیادخـسـتنەوە، کەمتەرخەم.
(٦) زاهیر: خاوێنی خۆ بۆ.
(٧) تەققی: (ورع) خۆ لە گوناه
(٨) نەقی: خاوێن لە گوناه
(٩) زیکر: بەیادکردن، لە زیکر غافڵ
(١٠) نوتفە: تۆوی پیاوانە.
(١١) قودرەتی حەق: دەسەڵاتی خودا
(١٢) مەئوای ئەسڵ: شوێنی لێ لەدایکبوون
(١٣) عەتارید/ سورەیا: ناوی دوو ئەستێرەن لە ئەستێرەکان
(١٤) پێنج فەرزەکەی دین: نوێژ، ڕۆژوو، سەرفیترە، زەکات، حەج
(١٥) ئەدا ناکەم: جێبەجێی ناکەم، نایکەم.

ڕازی بوونێکی تۆی ئازیز بەڕازیبـــــوونی ئەو نادەم
بتی تۆ ئەتپەرستم من عیبادەت[١٦] بۆ خودا ناکەم
ئەگەرچی ئاگرو جومڕەی[١٧] جەهەننەم بۆم لە کارا بێ.

***

گوڵی چاوم ئەوا خنکا بۆ قومێکی ئاوی چاوت
دڵم خۆی حەز ئەکا بەند بێ لە گوڵزاری قژی خاوت.
زەحمەتی هیچ نییە بۆ من. بەخوێن ئاودەم گوڵی لاوت
لەلای من فەرزە باستکەم کە چونکە....[١٨] ناوت
ئەگەر مەتحت[١٩] نەکەم نابێ، وەیا شەرتی[٢٠] وەفا نابێ.

***

کە من وابم بەرامبەر تۆ! چۆنە ناپرسی لە حاڵم؟!
تەماشای ئیستاکە مەکە.. تۆ گەش و من وەک زووخاڵم
لە ئاهی من خەتت دەریەت.. مەڵی ئیستاکە مناڵم
بەلامانا کە نایەیت باکی قەهری خوات نییە.. زاڵم!!
زەمانە هەروەها نابێ.. هەتا چەند ساڵێ، با، وابێ
١٩٦٨

(١٦) عیبادەت: پەرستش، خودا پەرستن و لێ پاڕانەوەی
(١٧) جومڕە: پشکۆی گڕدار، سکڵ.
(١٨) لە دەستنووسێکدا لەم بۆشاییەدا (ئەحمەد) نووسرابوو، بەڵام لەبەر دڵنیانەبوون لە سەلامەتی بۆشاییەکە هەروا بەبۆشی هێشتمانەوە.
(١٩) مەتح: (مدح) ستایش، پیاداهەڵدان، وەسفکردن بە دیوی باشەدا
(٢٠) شەرت: مەرج

**سەرنجەکانمان دەربارەی ئەم غەزەلە:**

* ئەم غەزەلەم هاوینی ١٩٦٨ لەبەر دەستنووسێک پێنجین کرد، پاش پتر لە ١٠ساڵ ئینجا شاعیرەکەی لە دیوانی گوڵ و خونچەدا چاپی کرد. بۆیە ئەم جیاوازییانەی تیادایە:

١- لە بەیتی یەکەمی غەزەلە ئەسڵییەکەدا، نیوەی دووەمی بەیتەکە دەڵێ: نەمام و عەرعەری کۆرپەش.. لە دەستنووسەکەی لای من دەڵێ: نەمامی عەرعەری کۆرپەش (لەبەر غەزەلەکە چاکم کرد)

٢- لە بەیتی دووەمدا دەڵێ:

لە دونیادا لە تۆ جوانتر..

٣- لە بەیتی سێیەمدا دەڵێ:

هەموو چاومەست و گوڵ رووەت..

لە دەستنووسی لای من دەڵێ:

هەموو چاومەست و ڕوومەت گوڵ..

٤- لە بەیتی چوارەمدا دەڵێ:

...ئەمە ئەقڵم قبووڵ ناکا.

لە دەستنووسی لای من دەڵێ:

...ئەمن ئەقڵم قبووڵ ناکا.

٥- بەیتی پێنجەم بەم جۆرەیە:

کەوا بوو تۆ لە شوعلەی نووری پاکی قودرەتی حەقی

ئەبێ جێگایی ئەسڵیشت عەتارید باسورەیا بێ.

لە دەستنووسی لای من بەم جۆرەیە:

کەوابوو تۆ لە نوتفەی نووری پاکی قودرەتی حەقی

ئەبێ مەئوایی ئەسڵیشت عەتارید یاسورەیا بێ.

٦- لە بەیتی شەشەمدا دەڵێ:

ئەگەرچی ئاگری جوملەی جەهەننەم..

له دەستنووسەکەی لای من دەڵێ:

ئەگەرچی ئاگر و جومرەی جەهەننەم....

٧- بەیتی حەوتەمی لای دەستنووسەکەی من.. لە چاپکراوەکەی شاعیردا نییە و فەرامۆشی کردووە، واتە ئەو بەیتەی کە ناوەکەی تیادایە و جێی ناوەکە بۆشە.

٨- بەیتی هەشتەم لە هەردوو لا وەک یەکە.

دیارە من لای خۆمەوە دەستنووسەکە بە ئەسڵتر و چاکتر دەزانم کە شاعیر کاتی چاپکردنی ئەو دەستکارییانەی کردووە چ بۆ ئەوەی هەندێک وشەی عەرەبی بکا بەوشەی کوردی، چ بۆ ئەوەی بیشارێتەوە کە غەزەلە بۆ نێر، چ لەبەر هەر هۆیەکی تر. بۆ زیاتر ڕۆشنی بڕواننە ئەو وتارەی دەربارەی ئەم غەزەلە نووسیوومە.

## چل وچوارەم:

بڕۆکـــانت دوو شـــەپۆلن تریفـــەی چاو
بەخشیونی بەجێنیشتەی پەرچەمی خاو
قژی لاجان، خاو و پەخشان، لەسەر گۆنا
چەند دێرێکن وەک شیعری جوان، لە دیوانا

..............................................

* ئەفسووس لەم شیعرە تەنیا ئەم دوو بەیتەم دەستکەوتەوە.

## چل و پێنجەم: درۆی نیسان

بەڵێ گـــیـــانە دەزانم خـــۆشت دەوێم
بەڵێ گــــیـــــانە دەزانم بۆم پەرۆشی
بەڵێ گـــیـــانە زامـــیش بم، تۆ دەتەوێم
بەڵێ گـیـانە خـەمـیش بم، تۆ دەمنۆشی

بەڵێ گــــیـــــانە تۆ پێکێکی پڕ نازی
بەڵێ گــیـــانە حـــەزی منیش پێت ڕازی
ئامـــادەم تا ســـەرخـــۆشی، بتـــخـــۆمـــەوە
لە باوەشی گـــەرمـــوگـــوڕتا بتـــوێمـــەوە
تۆی مـەغرووری ئەوینی دڵ: دەستـبەسـەر
تۆی حـــەبیـبـــەی منی (نالی)ی دەربەدەر
تۆی کارئاسکی کەمـەرتەنگی باڵا شووش
تۆی بەخـــەمی جـــەنجـــاڵیی منەوە تووش
تۆی دەم گـــەرمی بێـدەنگ لەبەر چرپەمـا
تۆی من ویستوو، بەو ژانەش، وا لە سەرما
تۆی مـــەم قـوتی گم گـمـە فنجـانی چوڕ
تۆی کـــەڵ ملی گـــەروو لە گـــۆرانی پڕ
تۆی چاوجـوانی، بۆ نیگام خـۆ نەگـرتوو
تۆی لەش گەرمی بەتینی عیشق گڕگرتوو
تۆی عیشقی من: وەکو فـەرهاد بە با چوو
تۆی لەبەر هەنسکی خـەمـتـا: من مـردوو
وەلێ گـیـانە ئەفـســووس هەمـوو ئەمـانە
هـیــچــێک ناکــا، هەر هیچ لەلای ئەوانە
غەشیمن و لە سـەودای عیشق تێ ناگەن
کـــــەچی زانان: دۆلار، دینار، بە تمەن.
تۆ بســـووتێ و من دەســـووتێم تا نەمـــان
با ئەم عیشقەش بۆ دواکەوتوویی ئینسان
قوربانی بێ، وەک عیشقی پێغەمبەران
وەک عیشقی من بۆ تۆ و بۆ نەمانی ژان.

وەک عیشقە شێتانەکەی تۆ بێهوودە!
وەهایش عیشقە شێتانەکەم: بێسوودە!
خەمت ناخۆم، تۆش وەکو من خەم مەخۆ
هیچ خەم ناخۆم، تۆش هەروەها خەم مەخۆ
نا خەم ناخۆم، کچێ تۆش هەر خەم مەخۆ
ئای !! لەم فـــشـــە و درۆ زلەی من و تۆ!

نیسان ١٩٨٤

## چل و شەشەم: چەسپ

تو ئەو شەوانەی هەر بەناو شەو بوون
تو ئەو ڕۆژانەی هەر بەناو ڕۆژ بوون
تو ئەو کاتانەی لە کات دەرچووبوون
تو ئەو جێیانەی لە جێ دەرچووبوون
لە باوەشم دابەزە.
بەس دڵم بخە لەرزە!
نازانم تۆ
بیتاقەی چ –محەلی – بووی
بۆ من دەرچووی؟!
تۆ چەسپی هەزار قولوو بووی
خۆت لە ئامێزم هەڵسووی؟!
تۆ چیت؟ بۆ خاتری خوا!
بەسە و وازم لێ بێنە
با سەری خۆم پێ بخورێ
پێشمەرگەییم پێ بکرێ.

نیسان ١٩٨٤

## چل و حەوتەم: شـەیتانی سـپی

شاعیرم، یا شاعیر نیم چش
خۆت لە شاعیر نەگەیەنی
نەخەڵەتێی داوای شیعرم لێ بکەی
دەنگی شیعرم دەرنەیەنی
شاعیر شەیتانێکە سپی
هەرچی حەزی لێ بکا..
وەکو پشکۆ دەسووتێ
تووکی سەری –با –دەیبا.
تۆ لەم عیشقە شێتانەیەم
تێ ناگەی
بۆیە دەوێری وا بەتین
ماچم بکەی.
چۆن ناترسی لە ماچێکدا
هەروەکو شیر بتخۆمەوە!
توند مەمگووشە بەخۆتەوە
ڕەنگە لەشت لە ناو لەشما بتوێتەوە
ئامان نەکەی لێم نزیک بی
ئامان دەست نەکەیتە ملم
گەر تۆش نەمری، من خۆم دەمرم
تۆ لە عیشقی شەیتانانی
شێتی سووتان، تێ ناگەی
تۆ لە ئەوینی شێتانی
جوانیی ئینسان تێ ناگەی

ئێسکسووکی چوارده بەهار
تۆ منداڵی و لە عیشقی شاعیر تێ ناگەی
تۆ منداڵی و لە چوارده پایزی عیشقم
سەر دەرناکەی.
پیر دەبم و کچۆڵەکەت
تەمەن چوارده بەهار دەبێ
وەک تۆ سیمای
هەر لە سیمای دایکت دەچێ
بەویش بڵێ: کچم ئامان
شاعیر شەیتانێکە سپی
هەرچی ساتێک توخنی کەوی
هەرچی حەزی لێ بکا
وەکو پشکۆ دەسووتێ
تووکی سەری با دەیبا!

نیسان ١٩٨٤

## چل و هەشتەم: لاواندنەوە

بۆ کۆچی شەهید مەحموودی حەمەبۆر پێشکێشە.

چەکیان کردم
نامەردانە چەکیان کردم
بە کوشتنت
کاکە مەحموو
چەکیان کردم
نامەردانە چەکیان کردم
***

تۆ برنەوێکی باڵابەرز بووی
بە شانی یاخیبوونمەوە
تۆ قەڵاکەی مەریوان بووی
بەپشتی نەنەویمەوە
تۆیان کوشت و چەکیان کردم
تۆیان کوشت و قەڵاکەیان
لە پاڵ پشتا لابردم
چەکیان کردم
نامەردانە چەکیان کردم.
***
لەمەودوا کەس پێم نەڵێ:
ڕۆژباش
لە دوای مەحموو
هیچ ڕۆژێکی باش نابینم
لەمەودوا کەس پێم نەڵێ
شەوشاد
لە دوای مەحموو
هیچ شەوێکی شاد نابینم
لەمەودوا کەس پێم نەڵێ:
بەخێربێی
لە دوای مەحموو
هیچ خێرێکیش شک نابینم
***
تکام وایە
لە دوای ئەوەی

ماڵئاوایی لێ کردین
لە دوای ئەوەی
وا کتوپڕ
بەلەنجەولار
پشتی مشکێکەی تێ کردین
لە دوای ئەوەی
بەقفڵی داخ و ناسۆر
دەرگای ئارامی داخستین
وا کتوپڕ بەجێی هێشتین
هەرکەسێک هاتە ماڵەکەم
قەت پێم نەڵێ:
ماڵت ئاوا
چونکە هەرچی ماڵی هەیە و
ماڵی دەبێ
بە وێرانەی دەزانم
گەر کاکە مەحمووی تیا نەبێ.

***

بەناوی – جەوگۆڕینەوە–
شوێنە گۆڕکێم پێ مەکەن
هەرچی جێگەی زەمین هەیە
لەیەک دەچێ
هەر وێرانەو لەیەک دەچێ
کە باڵای ئەوی تیا نەبێ.
ئەم دنیایە
هەر کاولە و هەر وێرانە

مادام لەنجەی تیادا ناکا
ئەو شان و شەوکەتە جوانە
مادام شەماڵ نایلەرێنێ
ڕیشووی ئەو مشکییە جوانە
ئەم دنیایە
بەکلیلی داخ و ئازار داخراوە
هەر کاولە و هەر وێرانە
مادام تیایدا قسە ناکا
کاکە مەحموو، بەمەردانە
***
کاکە مەحموو:
فەرهادێکی بێ قوڵنگ بوو
لەبەر مشتیا
کێوی بێستوون دەنەوی
کۆشکی نیرۆن دەتەپی
کاکە مەحموو
خەنجەرێکی دەبانی جەوهەردار بوو
لە ئاشووبی هەر عەشرەتێک بکەوتایە
دەمەیی
کاکە مەحموو
لە خاڵوانا:
ئیمامی تەزبیحی خوێنی عەشرەتمان بوو
لە ناو گەرمەی لێقەومانا:
پارێزەری نەسرەوتمان بوو
لە زریان و لە بارانا:

هەتاو و سایەقەمان بوو
لە ناو ئینجانەی خەممانا:
چەپکە گوڵی باقەمان بوو:
لە هەڵمەت و خەمخواردنا:
گورڕەی داوێنی گەنجان بوو.
لە ڕاوێژ و لە تەگبیرا:
دەم سپی و پیری هەمووان بوو،
لە گەرمەی گوللەبارانا:
هەم سەنگەر و هەم قەڵغان بوو.
لە نەخۆشی و ئازارمانا:
هەم حەکیم و هەم دەرمان بوو.
لە هەناسەی سەرەمەرگا:
بۆ گیانمان، ئاوی ژیان بوو
***
کاکە مەحموو
چۆن دەگمەن بوو،
کەسایەتی و ژیانی
چۆن دەگمەن بوو
هەڵسوکەوت و
مەردایەتی و وێرانی،
هەروەهاش گەلێک دەگمەن بوو
کۆچی سەخت و
واز لە ژیان هێنانی.
شەوی بیست و نۆی شوباتی
هەشتا و چوار بوو

شەهیدبوون و نەمانی
دەبێ هەر چوار ساڵ جارێک، من
بپێوم قوڕی کۆچەکەی
بەرەو مردن
هەر چوار ساڵ جارێک یادی ئەو
لە شوباتدا
وەکو پشکۆ
بمخاتەوە شین و
ڕۆڕۆ
***
کاکە مەحموو
لەگەڵ تۆمە کاکە مەحموو
جەوهەرداری فریشتە خوو
هەرچی ڕووی دا
هەرچی درووست بوو
درووست بوو
هەرچی لەناوچوو
لە ناوچوو
هەرچی بوو
بوو
هەرچی ڕووخا
یان سەرلەنوێ بنیات بوو
هیچیم لەلا گرنگ نییە
مادام باڵا شەنگەکەی تۆ
شەماڵ نایشەکێنێتەوە
خۆر، سێبەرتم

بۆ ناخاتە گفتوگۆ
چاوەکانت بەرامبەر چاوەکانم نین
وەک دوو هەڵۆ
***
کوێربم مەحموو
ئەمە کاری کردن نەبوو
گوڵاڵەی لێوەکانی تۆ
هی وەرین و بردن نەبوو
ئەستێرەی چاوەکانی تۆ
هی نووستن و خستن نەبوو
باڵای تووڵە نەمامی تۆ
هی بڕین و ناشتن نەبوو
نەبوو.. نەبوو
کاکە مەحموو
ئەمە کاری کردن نەبوو
بەم کۆچە کتوپڕییەت
دڵ بەکانیی خوێنینم
هەموو ڕۆژێک وەکو ئەمڕۆ
دڵ کۆتەی قەساب
تازە برینم
کاکە مەحموو
ئەمە کاری کردن نەبوو:
شێری شێران
بەشێوەی تۆ
وەها بکەوێ لە مەیدان

١٩٨٤/٣/١-١/٢٩

### چل و نۆیەم: نەورۆزی ١٩٧٥

گەرچی ئینجانەی برینم.
بەڵام...
لە شەتڵی ژانمدا..
نێرگز دەڕوێ.
گەرچی نەورۆزم ماتەمە.
بەڵام..
لە شینی پرسەمدا..
شادی دەڕوێ.

.........................................................

* ئەم شیعرەم لێ بزر بوو. پاشان لە (بەیان)ی ژمارە ٢٣ ئازاری ١٩٧٥دا تەنیا ئەم چوار دێرەم بەچاپکراوی دۆزییەوە.

### پەنجایەم: سرپە

ئەوساتانەی
کە پێم دەگەی
ئەی نەشمیلەی نەناسراوی
سەرەڕێگا
بەنازی دوودڵی و شەرم
چەپک چەپک
پرشنگی نازدار و نەرم.
دەخنیە باوەشی نیگام
منی شەیداش
هەر بەدەم وێڵی ڕێمەوە

ون و سەرسام

بەو داخی نەناسراوییەت

دەتلێمەوە

وەک سرپەیەک..

هێواش هێواش

لە هەنگاوی ڕێبوارە بێباکەکانی

دەوروپشتما.. دەتوێمەوە

دەتوێمەوە

دەتوێمەوە

١٩٧٤/١٠/١١

.........................................................

* ئەم شیعرەشم بەچاپکراوی بۆ هات لە گۆڤارێک بڕرابوو یان (بەیان)بوو، یان ڕۆشنبیری نوێ.. بەمێژووی ١٩٧٤/١٠/١١

## پەنجا و یەکەم: یادێک بۆ ئەحماوای جاران

پێش ئەوەی زەردە سەرکەل ماچ بکا

مالّی سەیرانکەر، گەینە (کانی با)[١]

بە (دەف زنجار) و (تەپڵ) و (زوڕنا) وە

بەدەم گۆرانی (سۆیبە) و (مینا) وە

قەلاّی ئارام و خەویان ئەورووژان.

بۆ (سیا چەمانە) ی خاکی (هەورامان)

لە (چەپ)ی ڕێگا ئەکەوتنە لاوە

بۆ لکە ڕێگای باخی (ئەحماوا)

---

(١) کانی با: جێی سەیرانی خەڵکی شاری سلێمانی بوو، لەسەر ڕێگەی بەرەو عەربەت، نزیک گردی سەیوانی ئێستا، بەڵام ئێستا نەماوە و خانووی شار دای پۆشی.

تاسەی نازداران بەدەم (تاسە)[٢] وە
ئارەزووەیانی زیندوو کردەوە.
(حافیز-هاوار)[٣]ی بەرز و نزمی رێ
سەیرانکەرانی ئەگەیاندە جێ..
دەرگای ئۆتۆمبێل باوێشکی ئەدا
مرواری زەرد و سووری لێ ئەڕژا
پۆل پۆل نازداری بەرگ ڕازاوە
ئەڕژانە ناو ئەو، باخ و گوێ ئاوە
قەدی (مێخەکبەند) لەسەر (هەیاسە)
عەترێکی ئەپژان، بۆ گەنج پڕ تاسە
(عاشقبەند) لەسەر قوببەی سوخمەی سەوز
ئەلەرزی، کاتێک (مەم) ئەچووە وەنەوز
هاڕەی (هەیاسە)ی قەدی کەمەرشل
ئەیلاوانەوە بۆ چاوی پڕ (کل)
(خاسەنی خوشکێ)[٤]ی کچە کوردی دێ
مۆسیقابوو بۆ (چالستۆن) لە پێ
کوڕە کوردی دێش، شەش ڕۆژی (خۆزگە)ی
(هەینی)[٥]ی ئەگەییە، هەناسەی (ئۆخەی)

(٢) تاسە: واتە ئەو بەرزاییەی ئۆتۆمبێل لێی دەدا و پێی هەڵبەزەیەک دەکا.
(٣) حافیز- هاوار: کە ئۆتۆمبێل بەشوێنی سەخت و ترسناکدا دەڕوا ئەو وشانە بەکار دێنن تا هێزە نادیارەکان ئاگاداری نەفەرەکان و ئۆتۆمبێلەکەش بێت. بۆ ئەوەی بێ وەی و پارێزراو و بێ زیان بن. لەبری دوعای بەفریاکەوتن بەکار دێ.
(٤) خاسەنی خوشکێ: بەدیالێکتی هەورامی واتە (خوشکێ چاکی؟ باشی) ژنان و خاتوونانی هەورامان لەبری ماندوونەبوونی بە ژنانی غەریب و هەواڵ لێ پرس دەڵێن.
(٥) هەینی واتە رۆژی هەینی.

(مـــینی جــۆب) لـەبەر.. بـەنەرمـــە لەنجـــەی
نەشـئـــەی ئـەخــســتـــە (ئامـــان لـەرزانە)ی
هـەمـــوو شت گـــوڵی لێـــوی خـــەندە بـوو
دار و بـەرد و ئـاو گـــــەشکەی گـــرتبــــوو
هـیـچ نـەئـەمــــــا کـــــزۆڵە و مـــــــردوو
تـا، بـەردی کـــــانیش.. ئارایشـت ئـەبـوو..
بـــــەو نــــازدارانـــــەی دەورەیـــــان داوە
بـەبـەرگـی کـــــــــــوردیـی ئـاڵــو والاوە
حـــــەیفــــە بۆ خــــاکێ بـەردی زیندوو بێ
کــــــەچی مـــــرۆڤی تـیـــــادا مـــــردووبێ

................................................................

* ئەم شیعرەم لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا دۆزییەوە، ١٩٧٤/٧/١١ دیارە کاتی خۆیشی هەر بەکۆنی دیومەتەوە و مێژووی دانانەکەی کۆنە، چونکە لە گۆڤارەکەدا نووسرابوو (چوونەوە بەشیعرێکی کۆنەدا) ڕەنگە هی ساڵانی شەست بێ.

## پەنجا و دوو: فەرتەنە

بۆ زویری؟!
بۆ وا مەلوول و دڵگیری؟!
دەپێم بڵێ.. وا شەقم برد
کەسەکەم، خۆ کفرم نەکرد
تەنیا داوای ماچێکم کرد!
گوایە هۆی ئەم فەرتەنەیە
هەر مەسەلەی ماچەکەیە؟!
ئێستا قیروسیا نامەوێ

دە ئاشت بەرەوە
قەزات لێم کەوێ..

١٩٧٤

................................................................

* ئەم پارچە شیعرەشم لە ژمارە (٠) سفری گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا دۆزییەوە.

## پەنجا و سێیەم:

سەرنجێک: لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا، شیعری شاعیرێکی ئینگلیزییان نووسیبوو. پاشان خۆیان بەپەخشان-ئیتر نازانم پەخشانەکە عەرەبی بوو یان کوردی - گۆڕیبوویان. پاشان داوایان کردبوو شاعیرانی کورد بیکەن بەشیعری کوردی. گوایە لە هەڵبژاردندا کامیان بەهێزبوو بڵاو دەکرێتەوەو پاداشتی هەیە. بەهەرحاڵ من کردم بە کوردی وەک دەبینن. وا تێ بگەم هەر ئەم وەرگێڕراوەی من و وەرگێڕراوێکی تریان بڵاو کردەوە، بەڵام ئەوە چاک دەزانم هەرچی پاداشت هەبوو، نەبوو.

داخوازی
هاوڕێکانم- من ڕێبواری گەشتێکی دووری دێرینم
ئاسمانی ژینی مرۆڤی ئەم سەردەمە، گرژ دەبینم ئایا دەشێ؟ مرۆڤێکی پێشکەوتووخواز!
بێتە جەنگباز! بڵێی خەڵکی گوێ نەگرن لە ئاوازی دوور بینینم؟!

***

هاوڕێکانم وا هەست دەکەم.. مرۆڤایەتی سەرلەنوێ
بەرەو جەنگێکی سامناک و نالەبار و ناپاک دەبرێ
نابێ کەستان بەپێکەنینی دڕندە بخەڵەتێ
نۆرەی ئەوەیە مۆتەکەی برسی شەڕ و خوێن بفەوتێ

ئەو مـــۆتەكــــە مـــرۆڤـــخـــۆرە.. بەدفـــەســــاڵە.. دارِزیوە
کـــە ئـاســــوودەیی و بەخـــتـــیـــاریـی کـــۆرپەکـــانمانـی دزیوە
ئەم نەخـــۆشی و دواکـــەوتن و برســـێـتـیـیـە.. هەتاکـــو کـــەی؟!
ئەم رِســـوایی و ترسنۆکی و دیلێـتـیـیــە.. هەتاکـــو کـــەی؟!

***

با گشت یەک دەنگ پەلامار دەین.. کۆشکی زەرووەکان برِمێنین
زەمین، نەک بۆ شـــەرِ و جـــەنگین.. بەڵکە بـۆ خـێـر بەکـــار بێنین
لە ئینجـــانەی خـــرِی گـــێـتـی و دڵـی خـــەڵکدا.. ســـۆز برِوێنین
تۆوی ئاشـتـی و پێـشکەوتن و خـــۆشـەویسـتـیـیـەک، بچـێنین.
١٩٧٤/٢/١١

---

* ژمارە (٩)ی رِۆشنبیری نوێ

**پەنجا و چوارەم:**

لە سەرەتای دەستپێکردنی شیعر نووسینمەوە، جار نەجارە بەزمانی عـەرەبیش. بەگـوێرەی ئاسـتی ئەوسـام شـیـعـرم دەنووسـی. لە یادمـە دیوانێک شـیـعـرم هـەبوو بەناوی (خلجـات) نزیکەی هـەشـتــا لاپەرِە دەبوو. نەمزانی چی لێ هات.

بەرِێکەوت لـە ژمـارەیەکی گـۆڤـاری (رِۆشـنـبـیـری نـوێ) ژمـارەی رِۆژی ١٩٧٤/٨/١ شـیـعرێکی خۆمم دی لەو دیوانە عـەرەبییـە بەناوونیشـانی (أهلا بک) لە بەشی عــەرەبی گــۆڤــاری ناوبراودا بڵاو کــرابـووەوە لە ژێریدا نووسـرابـوو د. م (تشـرین الثـانی ١٩٧١) واتە شـیـعـرەکـەم لەو مـێـژووەدا نـووسـیـوە. وا لێـرەدا وەک تاکــە نموونـەیەکی ئەو دیوانە عـەرەبییـەم، بەکوردی وەری دەگێرِم، هـەتا وەک وەسـیـقـەیەک نموونەبێ بۆ ئاسـتی خـەیاڵی ئەو سـەردەمەم. هـەر بـەم نموونـەیەش ئەم عیشقە بێ نەخشانەم قفڵ دەکەم.

أهلاً بك بەخێرهاتی
ئەی خۆشەویست
تۆ ئەو سەمفۆنیایەی کە بەیانییان
لە بەرنامەی عاشقاندا بڵاو دەکرێیتەوە
تۆ ئەو ئاوازە شیرین و هێمن و نازدارەی
کە بەیانییان بەڕاڕەوی کۆلیژەکەماندا
دێیت و دەچی
دڵم خاوەن کۆترێک بوو.. تۆ وەک ئەو وایت
هەر لەو دەچی
کە دەتبینم.. بیری گمە دڵگیرەکانی ئەوم
دەکولێتەوە.
گمەکانی لەجیهانی ئەندێشەدا، پاسپۆرتم بوون
چاوەکانی، دواوێستگەم بوون
لە ڕێگەکانی سەفەرما
چاوەکانی دواوێستگەم بوون
بەتاڤگەی پرچە خاوەکەی
هەموو ڕۆژێک سیمای خودی خۆمم دەشوشت
دڵداریم بۆی.. لاواندنەوە بوو
بەڵکە نەرمتر لەوە بوو.
جیابووینەوە و ئێستا تۆ بووی
بەدەنگدانەوەی عیشقی ئەو
گەرچی ئەوسا
ئاوازی ژێی عیشقی ئەوم کپ کردبوو
تۆ یادی ژینی دێرینەمت هەڵدایەوە

پاش ئەوەی من عیشقەکەشیم گۆڕ کردبوو.
بەڵام چ بکەم.. من حەزم لە ژانی عیشقە و
بێ ئەو ناژیم
کەواتە یاخوا بەخێربێی
بەخێرهاتی وەک زامی نوێ لەسەر زامێکی
دێرینەی، کە من تیمارم کردبوو.
ئەی زامی نوێ بەخێرهاتی.

١٩٧١

# عينوانلی

له جوانیی گەردنی بەرزت
تاکێ کۆتری (عینوانلی)م ڕاگرتبوو
ڕۆژێ له سەربان بینیبووت.. بەیادتەوه
تێر گەردنیم ماچ کردبوو
زویر بووی لێم
وتبووت: (زۆر عەیبه بۆ ئەو
ئەو کۆترەی خستووەته جێم)
زویر مەبه
خاتوون.. عاشقێکم نەدار
بیستبووم باوکت وتبووی مارەبێنه
(هەزار دینار)
شیرینیم بوو به ژەهری مار
دەوەڵڵاهی.. ئەوه یەک دانه هەفتەیه
(پاشەکەوت)م پارەی ئەو تاکه کۆترەیه
دەپێم بڵێ.. دەی چ قوڕێ لەسەرگرم
له عەزرەتا.. مەگەر هەتا ڕۆژێ ئەمرم
کۆتری عینوانلی ڕاگرم.

کانوونی دووی -١٩٧٤

## فەرتەنە

چییە؟ لەسەر چی زویری!
بۆ وا مەلوول و دڵگیری!
دەپێم بڵێ.. وا شەقم برد
کچێ خۆ من کفرم نەکرد
تەنیا داوای ماچێکم کرد!
گوایە.. هۆی ئەم فەرتەنەیە
هەر مەسەلەی ماچەکەیە؟!
ئێستا قیروسیا.. نامەوێ
دە ئاشتبەرەوە.. قەزات لێم کەوێ

کانوونی دووی–١٩٧٢

## گلەیی

لای کابراکەی بەینی خۆمان
بیستم گلەییت کردووە
وتبووت: لای خۆی شاعیرە
کەچی هەتاوەکو ئێستا
لە شیعرێکا
باسی منی نەکردووە
***
گلەییەکەت لەسەر چاوم..
بەس پێم بڵێ:
جوانی و شیرینی و ناسکیت
بە چ شیعرێ باس ئەکرێ!
بەچ شیعرێ دەرئەبڕرێ!
لە کێک و باسووق و مینۆ، لە هەموویان بەتامتری
لە هەنگوین و گەزۆی خاویش، شیرینتری
کچێ ئاخر.. شیعر لە کوێ بەرگە ئەگرێ!!
باست لە کوێ بەمن ئەکرێ..
خۆ من قەڵەمەکەم لاڵە..
پەنجەم شکاوی خەیاڵە
وەسفی تۆ چۆن بەمن ئەکرێ
خوا نەتگرێ

کانوونی دووی–١٩٧٢

## کفر نەبێ

وتوویانە: خۆشەویستی
یار ویستنە و دڵپەرستی
گەر ئەوە خۆشەویستییە
بڕوا بکە.. لە چاو ئەوەی لە دڵمایە
خۆشەویستی.. هەر هیچ نییە..
کچێ من جۆرێ تۆم ئەوێ
لە هەر شوێنێ باست بکرێ
هەناوم بۆت دائەخورپێ
لە ناو یەک زەردەخەنەتا
ڕەنگی زەردم ئەتوێتەوە
گیانم لە نوێ ئەژێتەوە.
بەدەم یەک پێکەنینی تۆ
بەشی ساڵێ گەشە ئەکەم
بەیەک قسەی شیرینی تۆ
وەختە پەڕوپۆ دەر بکەم.
کە پێم ئەڵێی (تۆم خۆشئەوێ)
لەخۆشییا.. هەروەختە دڵم بکەوێ
چاوم ڕۆژێ کز بتبینێ
وەختە کوێراییم دابێنێ
کفر نەبێ.. کفر نەبێ.. خوام نامێنێ.

کانوونی دووی-١٩٧٢

## هەمووی هیچە

خەپان گیان.. باسی چی بکەم!!
جا چی ماوە؟ چیت بۆ باس کەم!
هەتا ئێستاش.. دڵنیا نیت لە مەیلەکەم؟!
خۆ بەجۆرێ.. حەزم لە چاوت کردووە
ئەسڵەن خۆشم حسابەکەم لێ تێکچووە
ئەرێ چۆنم لێ تێک نەچێ!
خۆ ئەم دڵە نەگبەتەی من، بەجۆرێ دڵی تۆی ئەوێ و
وەها حەزی لێ کردووە
من خۆم هەتاوەکو ئێستا... شتی وەهام نەبیستووە
ئەوە حسابەکەی منە و حەزم لێتە
چەتیو نەبی.. دڵم تەقی.. حەزم لێتە
نازانم.. باسی چی بکەم.. هەتا ئێستا دڵداری وام نەکردووە
گوایە.. زۆرە
کچێ تۆ جارێ چیت دیوە! چیت بیستووە!
باوەڕ بکە.. لە چاو ئەوەی لە دڵمایە
حەز و خۆشەویستی هیچە
ئەم قسانەش هەمووی هیچە
چەتیو نەبی.. حەز حەزی چی؟!
لە چاو ئەوەی لە دڵمایە
ئەم دنیایەش هەمووی هیچە

کانوونی دووی-١٩٧٢

## جورئەت

کەسەکەم.. بۆ من نازانم وەها باوە
هەموو جۆرە دڵدارییەک کە کراوە
یەکەم هەنگاو.. هی کوڕ بووە
نازی کچی هەڵگرتووە
تا نامەیەکی داوەتێ.. پەڕوباڵی دەرکردووە؟!
من ئەوانە چاک ئەزانم، بەڵام چی لە جورئەت ئەکەی
هەر کە چاوم پێت ئەکەوێ
قاچەکانم تێکەڵ ئەبن.
لە لەنجەکانتا ون ئەبم
هەر نازانم ڕێگام کوێیە
ئەوەم هەر بیر ئەچێتەوە
کە نامەی دڵداریم پێیە
نەگبەتییەکەش.. ئا لەوایە
وەکو من ئەوە حاڵمە
دڵی تۆش وەها زاڵمە
کە هیچ نەبێ.. زەردەخەنەیە ناتگرێ
هاندەرم بێ.
بە بەرگی ئاوریشمینەوە لە بەردەمی منی لاتا
نازی تێرێتی ئەفرۆشی کێ ئەوێرێ بێ بەلاتا
من خۆم ئەزانم کوێم یێشێ
بەو داخەوە ڕۆژێ ئەمرم
برینم گەییبە سەر ئێسقان

ڕوویەکی خۆشی تۆم نەدی
کچی عاسمان
کە تۆ بەو حاڵە ئەبینم
لەوە ئەچێ.. خۆم نەبینم
گیرفانەکەم قووڵتر ئەبێ
نەکو نامە.. هەر دەستیشمی
تیا ون ئەبێ
ئیتر جورئەت لە کوێ بێنم
نامەی گیرفانم دەربێنم!!

شوبات ١٩٧٣

(هونەرمەند عوسمان عەلی بەشێکی دەستکاری کراوی کردووە بەگۆرانی.. بەڵام لەوێ ئەو مەبەستە ون بووە کە من ویستوومە کچێکی تێر و کوڕێکی برسیی هەژار مەداری شیعرەکە بن).

## ٣٦٥ شەو-ڕۆژ

سالێکە من کوژراوی تۆم.. عاشقی تۆم.. سووتاوی تۆم
بۆ نیگایەک لەو چاوانەت.. سالێ ڕێ بەدواتا ئەڕۆم
کەچی تۆی جوان.. تۆی خاتوو زین.. تۆی وەک لەیلم
جارێ شەنی سەرنجێکت نایەی لە خەرمانی مەیلم
کچێ خۆ ئاسمان ناڕووخێ.. کچێ خۆ ئاگر ناباری
دە هیچ نەبێ تاقە جارێ... لە کەلی شەیتان وەرە خواری
ئاورێک لە ئێمەش بەرەوە... سال کەم نییە.. بیرکەرەوە
دەیەک نیگامان تێ بگرە... چی ئەقەومێ.. گوایە کفرە؟!
سالێکە من کوژراوی تۆم.. عاشقی تۆم.. سووتاوی تۆم
هەر کە چاوم پێت ئەکەوێ.. لەخۆشییا قەستمە بتخۆم.

مارت -١٩٧٣

## زۆرەملێ

مـــەمـــدوێنە.. مـن مـــەدوێنـە... مـــەمـــدوێنـە
لـە ڕقـی مـن نـاحـــــەزەکـــــانم بـدوێـنـە
تـا ئـەتوانـی بمبـــوغـــزێنـە... بمرەنجـــێنـە
نـامـــەکـــانم یەک لـە دوای یەکـــتـــر بدڕێنە
کـــە منت دی، ڕووی خـــۆتم لـێ وەرچەرخـــێنە
هـەرچی فـرتوفـێـڵـە هـەمـــووی بەکـار بێنە..
ئینجـــا زیاتر وەکـــو بولبـــول بۆت ئـەخـــوێنم..
قـــورئان بـەرەو ڕووم بـهـــێنـی، واز نـاهـێنم
دەمـــێکـە بۆ چاوەکـــانت پـەرێشـــانم..
شـێـتی عـــەیارێکی وەک تۆی خـــانومـــانم..
لە کـوێ نەرمـی و لەسـەرخـۆیی بەمن ئەکـرێ
من خـــۆم ســـەرم لە بابەتی وەک تـۆ ئەخـــورێ..
بـەچاوی تـۆ مـن تـەنـیـــــا یـەک شت ئـەزانم
من تۆم ئەوێ و تۆش خۆت و شیری خۆت.. خانم
خـۆشم ئەوێی.. بەکوردییەکەی حـەزم لێـتـە..
بەخوا خـۆشیت بێ و ترشیت بێ.. حەزم لێتە.

نیسانی ۱۹۷۳

## راو و ڕێوی

جوانی لاسار.. بیرتە جەژنەکەی تر هاتم
وتم گیانە.. ئەمە دنیا و مردنە
جەژنانەکەم... با ماچێ بێ لەو گەردنە
هەر ئەمەنە.. دەمم سووتا
ئیتر لێت کردم بە هەرا
وتت (چەند لە خۆی رازییە..
جەژنە یان جەژن نییە.. چش
جەژن حەقی ماچی چییە..!!
نەیخۆی تاڵە.. ماچت ئەوێ!
دەبیللاهی سوێت بێتەوە
دەستت بەر دەستم ناکەوێ..)
لەپڕ کاتێ بەخۆت زانی یەک دانە ماچی وام کردی
لە دواییدا.. وازم هێنا... کەچی تۆ وازت نەهانی
ئێستاش مەڵێ:
ئەم راو و ڕێوییەی بۆ چییە و بۆچی بیرم ئەخەیتەوە؟!
بەخوای جەژنەکەی رابردوو.. دنیاشم لێ کۆکەیتەوە
ماچێکی کەم.. ئەوێتەوە.

کانوونی دووی ١٩٧٤